
چەتۆی بەڕانەتی

# هەڵکشان بەرەو سنوور



هەڵکشان بەرەو سنوور
چەتۆی بەڕانەتی
2019

(چەتۆی بەرانەتی)
فەرهاد محەمەد رەسول
لە دایکبووی 1965هەولێر
پێشمەرگەی دێرین



# Halkşan Barew Snûr



çatoy Baranatî

2019

# هەڵکشان بەرەو سنوور

چەتۆی بەڕانەتی


هەرێمی کوردستان - عێراق
ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان
بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان
هۆبەی سپاردنی کتێب

اقلیم كوردستان - العراق
رئاسة مجلس الوزراء
وزارة الثقافة والشباب
المديرية العامة للمكتبات العامة
شعبة ايداع الكتب

Kurdistan Regional - Iraq / Council of Ministers
Ministry of Culture & Youth - G.D. of Public Libraries

بۆ/چاپخانەی ئازادی لە پارێزگای هەولێر
ب/ژمارەی سپاردن

| ژمارە | ناوی کتێب | نووسەر /وەرگێڕ | بابەت | ژ.سپاردن |
| --- | --- | --- | --- | --- |
| ١ | هەڵکشان بەرەو سنوور | فرهاد محمد رسول | یادداشت | ٩١٤ |

بەڕێوەبەری گشتی کتێبخانە گشتییەکان

**ناوی کتێب: هەڵکشان بەرەو سنوور**

**نووسەر:  چەتۆ ی بەڕانەتی**

**نەخشەسازی بەرگ و ناوەڕۆك : هێرش مەغدید باشە**

**پێداچوونەوە: نووسەر**

**سەرپەرشتی چاپ: نەبەز مستەفا**

**چاپخانە: ئازادی**

**تیراژ :   ٥٠٠ دانە**

**چاپی یەکەم  ٢٠١٩**

**لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان/هەرێمی کوردستان**

**ژمارەی سپاردنی( ٩١٤ )ی ساڵی ٢٠١٩  پێدراوە**

# پێشەکی

هەڵکشان بەرەو سنوور بریتیە لە کۆمەڵێک بیرەوەری و یاداشتی ڕۆژانی ئەنفالەکان و هەڵکشان یان پاشەکشەی هێزی پێشمەرگە و جەماوەری ناوچەکانی بەردەستی هێزی پێشمەرگە لە کاتی هێرشی بەربڵاوی ڕژێم بۆ سەر ئەو ناوچانە بە پشت بەستن بە تەواوی هێزەکانی و بەکارهێنانی بەربڵاوی هەموو چەکەکانی و بۆردومانی هەموو ناوچەکە بە چەکی کیمیایی و ........ هتد

ماوەی نوسینەکە بەگشتی لە نیوەی دووەمی ساڵی ١٩٨٨ دەست پێدەکات تا کۆتایی ١٩٩٠ کە بە گشتی باسی ڕووداو و بەسەرهاتە تراژیدیەکانی کوردستان و خەڵکی کوردستان و هێزی پێشمەرگە دەکات ، کە زۆرکەم باسیان لێکراوە یان لێدەکرێ ، کر بەبڕوای من زۆر پێویستە هەرچەند بکرێ بنوسرێنەوە و بخرێنە بەر دیدی خوێنەر .

شایانی باسە ئەو نوسینە، یاداشت بیرەوەری یان هەر ناوێکی دیکەی لێبنرێ، کە لە دووتوێی کتێبێک ئامادە کراوە خۆی لە ڕاستیدا سەرەتا پرۆژەی کتێب نەبوو بەڵکو وەک نوسینێک لە فەیسبوک بە زنجیرە بڵاو کراوەتەوە و یاداشت کراوە .

دیارە لە کاتی بڵاوکردنەوەی خوێنەری خۆی هەبووە و تا ڕادەیەکی باش گرنگی پێدراوە . زۆر لە خۆێنەرەکانیش کۆک بوون لەسەر ئەوەی ئەگەر بکرێت لە شیوەی کتابێک چاپ و بڵاوکرێتەوە ڕەنگە چاکتر جێگای خۆی بگرێ وەک لە فەیسبوک .

ئەوا ئێستا بەهەوڵ و هاوکاری کەسانی دڵسۆز بۆ یاداشتکردن بە دیکۆمنت کردنی ئەو ڕوداو و بەسەرهاتانەی ئەو کاتی کوردستان و خەڵک و پێشمەرگە و بۆ بە زیندووی هێشتنەوەی بۆ نەوەکانی داهاتوو لە دوو توێ کتێبێک بە ناوی( هەڵکشان برەو سنور) کەوتە بەر دیدی خوێنەران .

## چەتۆی بەڕانەتی

## هەڵکشان بەرە سنوور (١)

لە گەرمەی ئەنفالەکان دا، مەفرەزە پێنج کەسییەکەی ئێمە (کاوە چاوشین،دکتۆرفاخیر،بروسک،خولەی گچکە)، دوا مەفرەزەی (بەتالۆنی پێنجی حشع) بووین ، شایانی باسە (هاوڕێ مام ئەسعەد ) یش بەکاری تایبەت وەک میوان لەگەڵمان بوو ، سەرەڕای ئەو هەموو ناخۆشی و خیانەت و خیانەتکاری کەسانی خۆفرۆشی وەک (سەلاح شینە) و تاقمەکەی، (دەوڵەت) و تاقمەکەی و هاوچەشنەکانیان لە ناوچەی (بەستی شرغە و دەشتی هەولێر) مابووینەوە و بە ئاشکرا و بە سەیارە هاتوچۆی ئۆردوگا زۆرەملێکان و گوندەکانمان دەکرد و بە هەر شێوەیەک بووایە ، بوون و ئامادەیی هێزەکانی پێشمەرگەی (حشع)مان دەسەلماند کە خۆی لە خۆیدا کارێکی گرنگ و پڕ مەترسی بوو .

### پەڕینەوە لە جادەی کۆیە _ هەولێر


لەدوای ئەوەی گۆڕانکاری لە بەتالیۆن و لقەکان کرا و بڕیار درا کە بەشی عەسکەری و محەلی تێکەڵ بکرێن، سەرکردایەتی بەتالیۆن لەڕێگای بێسیم داوای کرد بگەڕێینەوە بارەگای بەتالیۆن کە تازە لە چیای (ئاوەگرد)

دانرابوو، ئەوە بوو بڕیارمان دا لە ئێوارەی (١٣_١٤/٧/١٩٨٨) بگەڕێینەوە بۆ شوێنی دیاریکراو _شایانی باسە ماوەی دوو مانگ بوو لە خوارەوە بوین .

هەر لە تاریک و ڕوونی ئەو بەیانییە خۆمان گەیاندە هەرەتەکانی گوندی (داربەسەر) لە ڕۆژئاوای کۆیە و لە شوێنێک بەناوی (دایماو یان گەرماوە) ماینەوە. (داربەسەر و هەشت گوندی دیکەی ڕۆژئاوای کۆیە بەهۆی هەبوونی نەوت لە ناوچەکەدا و لە ساڵی ١٩٨٠ بۆ هەولێر ڕاگوێزرا بوون. ئەوێ ناوچەیەکی قەدەغەکراوی نەوتی بوو کە هەر کەس تێیدا ببینرا بووایە ڕاستەوخۆ لەلایەن ئەو کۆپتەرانەوە دەکوژرا کە چاودێری شوێنەکەیان دەکرد).

ئێمە دەمانویست بۆ ئێوارەکەی زوو بگەینە سەرجادەی (کۆیە - هەولێر) و لە کەرخی گوندی (گۆپتەپە بۆ تەکەوڵ) بپەڕینەوە کە بە گوێرەی ئەو بروسکەی کە بەبێتەل بۆمان هاتبوو هاوڕێیانی نێردراو لەلایەن بەتالیۆن بۆ پێشوازی ئێمە دێنە ناو گوندی (گۆپتەپە) و تا سەعات (١٢)ی شەو لە ناو گوندی چاوەڕێمان دەکەن و سەلامەتی ڕێگای پەڕینەوەمان بۆ تەئمین دەکەن.

دوای نیوەڕۆ بوو هاوڕێ (شاخەوان حەساری) لەگەڵ دۆستێکی خۆمان هاتە لامان، دیاربوو لەگەڵ چەند کەسێکی دیکەی بەری کەرکووک کە هەموویان پێشمەرگە و عەشایەری سەر بە (ینک کە هەموویان خەڵکی بەری کەرکووک بوون) هاتبوونە ئەو ناوچەیە بۆ دەربازبوون بۆ (دۆڵی سماقوڵی)، بەڵام ڕێگایان دەرنەکردبوو یان نەشارەزا بوون، چاوەڕێی کەسانێکی شارەزا یان مەفرەزەیەکی پێشمەرگەیان دەکرد بۆ ئەوەی لەگەڵیان بپەڕنەوە.



هاوڕێ شاخەوان حەساری

لەبەرئەوەی هاوڕێ (شاخەوان) ئەو داوایەی لێمان کرد بە ئاساییمان زانی و ڕەزامەندیمان نیشان دا بەتایبەت لەو سەروبەندە خەڵک و پێشمەرگەی دابڕاوی لایەنەکانی دیکە بەتایبەت (ینک) چەند جار بەو شێوەیە هاتبوونە ناوچەکە، ئێمەش وەک ئەرکی خۆمان و هاوکاری بە پێی توانای خۆمان یارمەتیمان دابوون. ئەوجارەش هەروا، بەتایبەت کە هاوڕێ (شاخەوان)یشیان لەگەڵ بوو و گوتی هەموو خەڵکی باشن و دەیانناسم، هەندێکیان بەرپرسیاریشیان هەبوو، من لەگەڵ هاوڕێ (شاخەوان) چوومە لایان، کەمێک لە شوێنەکەی ئێمە دوور بوون، ژمارەیان نزیکەی (٣٠) کەس دەبوو، هەموویان پێشمەرگە و عەشایەری

چەکدار بوون، کەلوپەلێکی زۆر و نزیکەی (١٠-١٢) گوێدرێژیان پێبوو، هەم بۆ سوار بوون و هەم بۆ هەڵگرتنی بارەکان بەکاریان دەهێنان.

پێم گوتن ناتوانین بەو حاڵە و بەو هەموو گوێدرێژ و بارەوە بڕۆین، بڕیار درا کە شتە زیادەکان و گوێدرێژەکان بەجێبهێڵن و بەو شێوەیە لەگەڵ خۆمان بەسەلامەتی بیانپەڕێنینەوە.

دوای ئەوەی گەڕامەوە لای هاوڕێیان سەیارەکەمان شاردەوە و خۆمان ئامادە کرد و دەمەوئێوارە بەڕێکەوتین، دیاربوو ئەوانیش هاتن، بەڵام چ هاتنێک؟! وەک قافڵەی کاروانچییان بەخۆیان و کەروبارەوە!! کە ئەو قافڵە و کەروبارە بۆ پەڕینەوە زەحمەت بوو، تەنانەت بۆ ڕێکردنیش هەر زەحمەت و خاو بوو، دەبوو بە کەیفی گوێدرێژەکان و بە پێ و مزاجی ئەوان بڕۆین.

من دڵنیابووم لە کاتی دیاریکراو ناگەینە شوێنی دەستنیشانکراو و کێشەمان بۆ دروست دەبێت. گلەییم لە هاوڕێ (شاخەوان) کرد بۆ ئەو کارە، بەڵام هەرچۆن بوو هەر ڕۆیشتین و ئێمە لە پێشەوە و ئەو قافڵە و کەروبارەش لەدواوە. ڕەوەزە شاخ و هەرەتی ناوچەکەش ڕێکردنی قورستر دەکرد.

بەماوەیەکی زۆر بەرلەوەی بگەینە گوندی (گۆپتەپە) کاتی دیاریکراو__ دوازدەی شەو__ کە هاوڕێیان بۆیان دەستنیشان کردبووین، کۆتایی هات. هاوڕێیان چەند جار گوللەی گڕداریان وەک ئاماژەیەک بۆ ئێمە هەڵدا، بەڵام بە هۆی خاو ڕۆیشتنی قافڵە و کەروباری پێشمەرگە و عەشایەری (ینک) زۆر دواکەوتین و دیاربوو هاوڕێیان ڕۆیشتن کە بۆ ئێمە بووە زەحمەت و مەترسیدار، بە ئاشکرا دیار بوو ئەو گڕدارانە ئاماژەن.

بە هەرحاڵ گەیشتینە گوندی (گۆپتەپە)، (شایانی باسە ئەو گوندە ماوەیەک بوو چۆل کرابوو) هەرچەندە دەمزانی هاوڕێیان نەماون، بەڵام هەندێک بانگم کرد و چەند فیشەکێکی گڕدارمان هەڵدا، هاوڕێیان لە پشتی گوندی (تەکەوڵ) لەودیو جادەی (کۆیە-هەولێر) وەڵامیان دایەوە، کە لە ئێمەوە زۆر دوور بوون.

لەوێش جارێکی تر هەر داوام کرد باشترە ئەو گوێدرێژ و شتە زیادانە بەجێبهێڵین، بەڵام ئەوان ڕازی نەبوون، هەر بە سوارییی بەرەو جادە لەدوامانەوە هاتن، بە شێوەیەک کە تەنانەت یەک کەسیان ئامادە نەبوون لەگەڵ ئێمە لە پێشەوەش بڕۆن، هەردەم بە ماوەی سەد مەتر زیاتر لە دوامان دەهاتن، هەر چۆنێک بێت گەیشتینە نزیک جادە، هاوڕێ (کاوە چاوشین و شاخەوان و من) بەرەو جادە چووین، (لەکاتێکدا من تەنیا دەمانچەیەکی چوادەخۆرم پێبوو، چونکە تفەنگەکەم بە هۆکاری پشت ئێشە( فقرات) لە خوارەوە بەجێهێشتبوو)، بەو حاڵەش ئەو هەموو چەکدارە هەر خۆیان دا پاش، کاتێک لەجادە نزیک کەوتینەوە، شوێنێکمان دۆزیەوە بۆ پەڕینەوە، چونکە ئەو کات سەرجادە پڕکرابوو لە جاش و ڕەبییەکان یەکجار زۆر زیاد کرابوون، بەزەحمەت بوارێک یان کەلێنێک پەیدا دەبوو بۆ پەڕینەوە. کەمێک دانیشتین و هەستمان ڕاگرت، گەیشتینە قەناعەت دەکرێ بپەڕینەوە، چونکە شەویش درەنگ بوو، دیاربوو زۆربەی سەرباز و جاشی ڕەبییەکان لە خەودابوون.

بە ئاماژە بانگمان لە قافڵەکە کرد کە بۆ پەڕینەوە بێن و ئێمەش لەسەر جادە دانیشتین بۆ پاراستنیان، کە هاتن بووە دەنگە دەنگی پێی گوێدرێژ و

قافڵەکە، هەرچەند گوتمان؛ (کاکە بێدەگ بن دەنا ئاشکرا دەبین!)، چار نەبوو کەسیان ئیلتیزامیان بەکەسیان نەدەکرد و حیسابیان بۆ قسەی یەکتر نەدەکرد، ئیتر ئاشکرا بووین و لە ڕەبییەکانەوە هەندێک تەقەیان لێکردین، هەر بابایە خۆی لە سەر پشتی گوێدرێژ فڕێدەدا و خۆی دەشاردەوە، بەناچاری من و هاوڕێ (کاوە چاوشین) وەزعەکەمان ڕێکخستەوە و بەڕێمان کردن و لە جادە پەڕاندمانەوە. سەرەڕای ئەوەی وەزعەکەش زۆر ترسناک بوو .

ئیتر لەودیوی جادە بەرەو گوندی (تەکەوڵ) ڕۆیشتین و بە پشتی گوندەکەدا بەسەر باواجی هەڵگەڕاین، لەوێش چەند گڕدارێکمان هەڵدا، بەس وەڵام نەبوو. تەواو دڵنیابووم کە هاوڕێیان دوور کەوتوونەتەوە، ئیتر هەر بە پێی ئەو قافڵە ڕێگامان گرت بەرەو گوندی (کرۆژ) لەودیوی (چیای باواجی) و شاری کۆیەوە.

هاوڕێیەکی کەمێک شارەزای ئەو ڕێگایەمان _هاوڕێ بروسک_ لەگەڵ بوو، ئەویش لەبەر ماندوویەتی ڕێگای هەڵە کرد، بە کلکەی (جیای بنەباوی) هەڵگەڕاین، ڕێگایەکی زۆر ناخۆش بوو یان هەر ڕێگا نەبوو، جەماعەتی قافڵە و کەروبار کە دڵنیابوون لەترس دەرچووین، دەستیان بە قسەی ناشیرن و نابەجێ کرد و جارجار خۆشیان تورە دەکرد و ناڕەزاییان لە ڕێگا و کەم شارەزایی ئێمە دەردەبڕی، تەنانەت هەندێکیان وەک ئەمر ئەمریان دەکرد و دەیانخوڕی!! ناچار بە دەنگی بەرز و کەمێک لە تووڕەیی گوتم؛ (کێ ڕازی نییە دەتوانێت بڕوات، دڵنیاش بن هیچ ترسێک نەماوە!)، ئیتر بێدەنگ بوون.

ورده ورده دنیـا ڕوونـاک داهـات، دیـاربوو هاوڕێیەکەمـان ئەو کەرخەی دۆزیەوە کە دەبوو بۆی بڕۆین. دوای ڕۆژهەڵات گەیشتینە سەر (سەروچاوەی کرۆژ) کە پێی دەڵێن (کونی کرۆژ_کە پێک هاتووە لە چەند سەروچاوە ئاوێـک کە ئـاوی شـیرین و گـڕاون واتە گـۆگردیین)، لەوێ دانیشـتین و ئیسـراحەتمان کـرد و بە هـاوڕێ (شـاخەوان)م گـوت؛ (ئـێمە هەتـا نیـوەڕۆ لێرە دەمێنینەوە، ئەگەر ئێوەش حەز دەکەن ئەوە ئاساییە بمێننەوە، ئەگەرنا دەتـوانن لەو ڕێگەیەوە بڕۆن و دەگەنە گوندەکانی (سماقوڵی) کە بارەگای هەمووانی لێیە).

دیـاربوو هەر بەبـێ خواحـافیزی دەسـتیان بە ڕۆیشـتن کـرد و زۆر بەبـێ نەزاکەتی هەندێک شتی ئێمەش کە نان و پێخۆر بوو لەگەڵ خۆیانیان برد، ئەو کردەوە و ئەو ئوسلوبەم زۆر پێناخۆش بوو، هەندێکیان لەگەڵ هاوڕێ (شاخەوان) مـابوونەوە، منـیش گـوتم؛ (هـاوڕێ شـاخەوان لە جیـاتی چاکەمـان و سـوپاس کردنمان، شتەکانیشیان بردین!).

یەک لەوان زۆر بە ناشیرینی وەڵامی دامەوە و تەنانەت جوێنێکیشی دا، یەکجـار تورەبـووم بە شـێوەیەک دەمـانچەکەی خـۆم نەدیـتەوە (چـونکە خـۆم کردبۆوە)، وەک دەڵێن دەمـارم تەواو جـووت بـوو، چاوم گێڕا بۆ دەمـانچەکەم، کلاشینکۆفی هاوڕێ (مام ئەسعەد)م کەوتە بەردەست و ڕامکێشا، مام ئەسعەد یەکسەر لوولەی تفەنگەکەی گرت و بەرزی کردەوە ئاسمان، دیاربوو هەستی بە تورەیی و جدیەتی من کرد بوو لەو کارە، هەرچەندی کردم بەری نەدا، هـاوڕێ (شـاخەوان)یش خـۆی خسـتە پێش ئەو کەسـە و دەسـتی بەرز کـردەوە و گـوتی؛ (کورە نەکەی لە منی بزانە).

بەهەرحاڵ ئەگەر مام ئەسعەد و هاوڕێ شاخەوان وایان نەکردبایە، بێشک کارەساتێک ڕووی دەدا، ئیتر چارم نەما زۆر قسەی ناشرین و جوێنی ناشرینم دا و گوتم هەر ئێستا هەمووتان دەڕۆن، دەنا زەرەر دەکەن، ئەوان کە منیان وا دیت هیچ قسەیان نەکرد و یەکسەر ڕۆیشتن .

دوای کەمێک ئیسراحەت هاوڕێ (کاوە) گوتی؛ (بڕۆین باشترە بگەینە بارەگای هاوڕێیان بۆ نان خواردن و ئیسراحەت)، چونکە وەک گوتم ئەوان نان و شتەکانی ئێمەیان بردبوو، ناچار ڕۆیشتین. دیاربوو ئەوانیش هەموویان لە ناو دارەکانی گوندی (کرۆژ) مابوونەوە، بەبێ سەلام و کەلام بەلایاندا تێپەڕین.

## گەیشتنە بارەگا

پێش نیوەڕۆ گەیشتینە بارەگای هاوڕێیانی (لقی کۆیە_ کە لەسەرەوەی گوندی کرۆژ بوون)، بەخێرهاتنێکی گەرمیان کردین و نان و خواردنیان بۆ حازر کردین، تا دوای عەسر لای ئەوان ماینەوە، بۆ ئێوارە بەرەو (چیای ئاوەگرد_ کە بارەگای بەتالیۆنی پێنج لەوێ بوو) بەڕێکەوتین کە ڕێگایەکی کەمێک سەختە و نزیکەی ( ٤٠-٥٠ ) دەقیقە دەبێت، (شوێنێکی خۆش و پەناگەی باشی هەیە و کانی ئاوێکی چاکی هەیە، لە ساڵانی شەستەکان بارەگای (هەرێمی حشع) لەوێ بوو. ناوەکەشی لەوەوە هاتووە _لە سەر ئەو چیا بڵندە شوێنەواری هەندێک بیری دەستهەڵکەنی لێیە و هی سەردەمی زۆر زووە بەر لە هاتنی ئیسلام بۆ ناوچەکە. خەڵکی ناوچەکە دەڵێن ئەو بیرانە (گاورکارن) واتە لەسەردەمی بەر لە ئیسلام دروستکراون هەروەها چەند ئەشکەوتێکی مامناوەند و

بچووکیشی لێیە، لە ڕووی سەربازییش شوێنێکی گرنگە، بەسەر دۆڵی (سماقوڵی و نازەنین)دا دەڕوانێ و لەوێوە تا دەشتی بیتوێن دیارە ).

لەگەڵ گەیشتنمان هاوڕێیان بەخێرهاتنێکی گەرمیان کردین بە تایبەت کە ماوەیەکی زۆر بوو لەیەک دابڕابووین و بەو ژمارە کەمە لەو ناوچە پڕ مەترسییەی دەشتی هەولێر مابووینەوە، کە ئێستا بەبێ زیان گەڕاینەوە، جێگای دڵخۆشی هاوڕێیان بوو، بە شێوەیەک شەو ئاهەنگێکی بچکۆڵەیان سازکرد و تا درەنگی شەو دانیشتین. بۆ بەیانی هەر بەخاتری بە سەلامەتی و سەرکەوتوویی گەڕانەوەی ئێمە، مەڕێکیان سەربڕی کە لە جەڵەبوانەکان وەک باج وەرگیرابوو.

## نوکیەیەکی هاوڕێ موحسین یاسین

نیوەڕۆ کاتی نان خواردن هاوڕێ (موحسین یاسین) کە لەو تەشکیلە تازەیە ببووە فەرماندەی بەتالیۆنی پێنج، داوای لە هاوڕێ (شۆڕش)ی بەتالیۆن کرد (دیاربوو چەند ڕۆژێک بوو نەخۆش بوو)، بەڵکو هەندێک جەرگی برژاو بخوات، ئەو نەیتوانی و هەر گوتی؛ (وەڵڵا ناتوانم). پێی گوت؛ (ئێ بابە تۆ نەخۆشی جەرگ بخۆی باشە، ئەگەرنا هەر گۆشتی برژا بخۆ، ئەگەرنا هەر گۆشتاو، ئەگەر هیچ ناخۆی هەندێک گوو بخۆ، ئاخر دکتۆر وا دەڵێ هیچ نەخۆی دەتۆپی!) ئیتر بوو بە پێکەنین .

چەند ڕۆژێک لەوێ ماینەوە و ئیسراحەتی باشمان کرد، هاوڕێ (موحسین) دانیشتنێکی لەگەڵ کردین و زانیارییەکی زۆری لێوەرگرتین لەسەر وەزعی خوارەوە و گوتی لەو ڕۆژانە مەفرەزەیەک دەبەم و دەچمە خوارەوە.



هاوڕێ موحسین یاسین

## بارەگای کانی تەلان


دوای چەند ڕۆژێک بەڕێکەوتین بۆ لای هاوڕێیانی خۆمان کە ئەو کات بارەگای لقمان لە گوندی (ئەشکەوتەی دۆڵی بالیسان) بوو، بۆ ئێوارە گەیشتینە بارەگای مەڵبەند لە چیای (هەورێ) بە دیوی بالیسان لە شوێنێک بە ناوی (کانی تەلان) کە شوێنێکی خۆش و زۆر ئەمین بوو، زۆربەی هاوڕێیانی مەڵبەند و محەلی لەوێ بوون، چەند ڕۆژێک لەوێ ماینەوە.

چەند هاوڕێیەکی تازەم لەوێ دیت لە پلەی بەرپرسیارەتی مەڵبەند و محەلی و ..... هتد کە تاڕادەیەک بۆ من خۆش نەبوو، بەڕادەیەک هەندێکیان خەڵکی زۆر (ڕەزاقورس بوون)، هەر یەک و دوو خێمەی تایبەتیان هەبوو، تەنیا بۆ نان خواردن بەدیار دەکەوتن وەک ئەوەی خەریکی ئەرکی ڕووخانی بەعس بن! (وابزانم شەوێک یان دوو شەو لای ئەوان ماینەوە و دواتر بەڕێکەوتین بۆ بارەگای خۆمان بۆ گوندی (ئەشکەوتە).

## شاد بوونەوە بە هاوڕێیانی خۆمان

دوای (سێ سەعات) ڕۆیشتن گەیشتین و دوای زیاتر لە دوو مانگی پڕ ماندوو بوون و مەترسی گەشتینەوە لای هاوڕێیانی خۆمان کە لە خوار گوند لە بن هەندێک دار کەپری خۆشیان کردبوو، کانیەکی باشی لێبوو، ئەوە شوێنی ئیسراحەت بوو، دەنا یەک لە ڕەبییەکانی سەر (چیایی زینە تیر) ئەرکی ئەوان بوو چونکە ئەو کات ڕژێم هێرشێکی بەر فراوانی بۆ سەر تەواوی ئەو ناوچەیە

هێنابوو، ڕۆژانە بە تایبەت لای (کێل کێل و جوانەگا و جادەی ئالانە) هێرش دەکرا کە شەڕی زۆر قورس و دژواری لێدەکرا، تەواوی ئەو شەڕگەیانە لەدەست هێزەکانی (ینک) بوون و بەرگرییەکی زۆر قارەمانانەیان لێدەکرد. هەرچی ئەرکی ڕەبییەکانی سەر (بەنی هەریر و زینەتیر) بوو زیاتر پاراستنی ناوچەکە بوو، دەنا شەڕێکی ئەوتۆی لێنەبوو.



هاوڕێیان دکتۆر بێجان هێمن بارەگای ئەشکەوتە

## خۆشوشتن

دوای ڕۆژێک ئیسراحەت لە بارەگای لقی خۆمان هەستم کرد پێویستە خۆم بشۆم، کە سەیری جل و بەرگەکەم کرد دیتم یەکپارچە بۆتە (ئەسپێ)، تۆمەز ئەو چەند ڕۆژەی لە بارەگای ڕەزاقورسەکان بووم، ئەو شوێنەی لێی دەخەوتین کەپرێکی گەورە بوو، هەرچی میوان و ڕێبوار بوو لەوێ دەمایەوە، زۆر پیس بوو، بۆیە ئەو هەموو ئەسپێیە کەوتبوە ناو جلەکانم، بە شێوەیەک هەرچی لۆچی شەڕواڵەکەم بوو ئەسپێی تێدابوو، وابزانم هاوڕێ (ئەبو جاسم) بوو، گوتی؛ دەبێت ئەو جلکانە بکوڵێنی دەنا پاک نابنەوە، جلەکانی ژێرەوەم فڕێدا و قاتەکەشم کوڵاند وەک ئەوەی گوتیان، بەو جۆرە لە ئەسپێ و پیسی خاوێن بوومەوە .

ئەو ماوەیە زۆربەی ڕۆژەکان تەیارە دەهات و کیمیایی بەسەر ئەو ناوچەیە دادەباران، بە شێوەیەک ئەگەر ئێوارە نەهەتبا بەیانی دەهات، بەڵام لەگەڵی ڕاهاتبووین یان ئاگرمان دەکردەوە یان بەرەو بەرزاییەکان دەڕۆیشتین یان ئاومان بەکار دەهێنا، بەگشتی زەرەری کەم بوو. ئەوەی لەبیرم مابێت جارێکیان_ ئەگەر هەڵەنەبم_ ئێوارەی ( ١٩٨٨/٧/٣١ ) بوو چەند تەیارەیەک هاتنە ئاسمانی ناوچەکە و زۆر بەشێوەیەکی چڕ لەتەواوی ناوچەکەی دا، شایانی باسە (پاسەوانی زیندانی (خەتێ)ی یەکێتی شەهید بوو، ئەویش سەرەتا وەک هەر کەسێک خۆی دەرباز کرد بوو، بەڵام چونکە پاسەوانی زیندان دەبێت و زیندانییەکی زۆر لە ناو زیندانەکە بوو، کاتێک دەزانێ یەک لە بۆمبە

کیمیاییەکـان لەبەردەم زینـدانی داوە، ویژدانـی قەبـوڵ ناکـات و دەزانـێ ئەگەر دەرگـای زینـدانەکە نەکـاتەوە، هەمـوو زینـدانییەکان دەمـرن، بـۆیە دەگەڕێتەوە و دەرگایـان لێدەکاتەوە، دەبینـێ هەنـدێکیان پەکیـان کەوتـووە و دەیـانگەیەنێتە نـاو کـانییەکەی بەردەم زینـدان، چـونکە ئـاو کـاریگەری کیمیـایی کەم دەکـاتەوە، دیارە زۆر بەو کارە ماندوو دەبێت و چەند جارێک بە شوێنی لێدانی بۆمبەکە هـاتووچۆ دەکـات و یـارمەتی زینـدانییەکان دەدات، تـا خـۆی پەکـی دەکەوێ و کیمیـاییەکە کـاری لێـدەکات و شـەهید دەبێـت، واتە خـۆی دەکـاتە قوربـانی زیندانییەکان).

# هەڵکشان بەرەو سنوور ( ٢ )

دوای ئەوەی گەڕاینەوە بارەگای خۆمان لە گوندی (ئەشکەوتە)و دوای ئیسراحەتێکی باش حەزم کرد بچم بۆ ئەو ڕەبییەی کە لەسەر (زینە تیر) هاوڕێیانی تێدابوو، وەک ئەرک دەیرِوانییە سەر ئەو ڕێگایەی کە لە جادەی (هەریرەوە دەهاتە دۆڵی بالیسان_ شوێنێکی ناخۆش و وشک و بێ ئاو، نزیکترین کانی و ئاو لەو شوێنەوە بارەگای خۆمان بوو، کە نزیکەی سەعات و نیوێک دوور بوو، ئەوەی دەهات تەنیا بەشی خواردنەوە و چێشت لێنان و چای دەکرد، نەدەبوو بۆ دەست و چاوشوشتن و سەر ئاویش بە کاری بهێنین لەو هاوینە گەرمەدا).

دوای یەک دوو شەو لەوێ مانەوە بەو حاڵە ناخۆشەوە، نامەیەکم لە دوا هات کە هەر ئێستا بگەڕێمەوە بارەگا بۆ کاری پێویست، شەو گەیشتمەوە بارەگا، دیاربوو لەسەرکردایەتی بڕیاردرا بوو کە هێزی پێشمەرگە لەو ناوچەیە سووک بکرێ و بەرەو سنورەکان پاشەکشەی پێبکرێ. من و چەند برادەرێک دەستنیشان کرابووین لەگەڵ بەشێک لە هاوڕێیانی (لقی قەرەچوغ و بەڕانەتی )بەرەو (بادینان) بچین.

بەیانی زوو چووینە بارەگای (کانی تەلان) تا لەوێوە بچینە بارەگای (لقی خۆشناوەتی کە لە دۆڵی بەرەکە بۆ بارەگای بەتالیۆنی (٣١) کە تازە تەشکیل کرابوو)، لەوێ بوو .

دوای ماندووبوونێکی زۆر گەیشتینە ئەوێ، هێزێکی زۆری لێبوو لە هەموو لقەکان، وابزانم (شەش ڕۆژ) لەوێ ماینەوە، بڕیاردرا شەو مەفرەزەکە کە ژمارەیان (٦٠) هاوڕێ دەبوو بەسەرپەرشتی (مام خدر ڕوسی) بەڕێبکەوێ، لەو کاتە بروسکە هات ئێمەی پێشمەرگەکانی (دەشتی هەولێر) بگەڕێینەوە ئەو شوێنەی لێی هاتبووین، بەهەرحاڵ ئێوارە ئەوان بەڕێکەوتن، شەو دەوری سەعات ( ١٢ ) بووە دەنگە دەنگ کە هاتن هاوڕێیان بوون و گەڕابوونەوە وەک باسیان کرد لەسەر جادە هەستی ماریان کردووە، بۆیە گەڕاونەتەوە، (چونکە بەر لە چەند ڕۆژێک هاوڕێیەکی عەرەب بە ناوی (سیامەند) مار پێیوەیدابوو، دوای کەمتر لە (١٥) سەعات گیانی سپاردبوو، ئەو مارپێوەدانە سامی هەر مابوو، ئەو مەفرەزە گەورەیەی گەڕاندەوە!!)




هاوڕێیان دەریا ، مام خدر ڕوسی ، مام ئەحمەد

بەهەرحاڵ بەیانییەک بەڕێکەوتین بۆ شوێنی مەبەست، لەڕێگابووین تەیارە هاتە سەر ناوچەکە و بە چەکی کیمیایی بۆمبارانی تەواوی ئەو دۆڵەی کرد، زیاتر بەری (هیران و نازەنین )ی کردە ئامانج. ئێمە بە بەری (هەوریێ)دا دەڕۆیشتین، تەواوی ئەو (کیمیابارانە) وەک فیلمی سینەمایی لەبەر چاومان بوو، هیچ گوند و باخچەیەکی نەپاراست زیاتر لە (٣٠) بۆمبی (کیمیایی)یان بەردایەوە سەر ناوچەکە، بە شێوەیەک تەواوی ناوچەکەی گرتەوە و یەکپارچە بووە (دووکەڵی سپی کیمیایی).

دەوروبەری ڕێگاکەی ئێمەی پێدا دەڕۆیشتین هەمووی ڕەز و باخی بە جێهێڵدراو بوو، زۆربەی (ڕەزی ترێ بوو) لە ناو ڕەزێک دانیشتین، هەندێک ترێی ڕەشی خۆشناوەتیمان خوارد، من لە ژیانم ترێی وا شیرین و پڕ ئاوم نەخواردبوو کە هەمووی بەبێ خاوەن بە جێمابوو.

## ڕاوەستانی شەڕی ئێراق_ئێران

دیسان هاتینەوە (بارەگای ڕەزاقورسەکان_ بارەگای مەڵبەندی هەولێر)، تەلەفزیۆنیان هەبوو، ئێواران دیمەنی ئاهەنگ و شایی و شادی پیاوانی ڕژێمان دەدیت بە بۆنەی ڕاوەستانی شەڕی (عێراق - ئێران) کە بۆ ئێمە جێی دڵخۆشی نەبوو، هەروەها چەندین جار دیمەنی خەڵکی ئەنفالکراوی پیشان دەدا وەک ئەوەی بە ئارەزووی خۆیان و بە پەشیمانی گەڕاونەتەوە ڕیزی نیشتمانی! چەند ڕۆژێک بەو حاڵە ماینەوە، چونکە هاوڕێیانی خۆمان بارەگاکەیان چۆڵ کردبوو، ئەوەی ڕۆیشت بووە سەرسنوری ئێران و ئەوەی وەک مەفرەزەی

پـارتیزانی دابەزیبـوونە خـوارەوە، چـونکە ئەو کـاتە هەمـوو هێزەکـانی (بەرەی کوردستانی) ئەو بڕیارەیان دابوو کە بارەگا نەهێڵن، تەنیا مەفرەزەی بچووک بچـووک لەسـەر شـێوەی پـارتیزانی بمێنـنەوە و ئەوی دیـکەش بچـنە سـەر سنورەکان، بەناچاری لەو بارەگا پیس و پۆخڵە ماینەوە، ڕۆژانە تەیارە دەهاتە سەر ناوچەکە و کیمیابارانیان دەکرد، بەڵام شوێنەکەی ئێمە زۆر ئەمین بوو، چـــونکە پێشـــتر بارەگـــا و شـــتی وای لێنەبـــوو .

ئێـوارەی (١٩٨٨/٨/٢٥) یەک لە هـاوڕێ ڕەزاقورسـەکان دانیشـتنێکی پێکردین و پێی ڕاگەیاندین کە بەیانی دەبێت بڕۆین بۆ سەر سنور و لەوێ بنە و بارەگا دابنێین و هەندێ قسەی هەلەق و مەلەقی دیکەشی کرد لە بارەی ڕوخانی ڕژێم و مفاوەزات لەگەڵ ڕژێم کە زۆر بێ سەروبەر بوون .

## بەڕێکەوتن

بەیانی (٢٦)ی مانگ، دەوری سەعات (٧)ی بەیانی دیسان تەیارە هاتنە سەر ناوچەکە و بەگشتی دۆڵی بالیسانیان کیمیاباران کرد دەبوو ئێمەش بە ناو ئەو شـــوێنەدا بـــڕۆین کە کیمیابـــاران کـــراوە، بەهەرحـــاڵ کەوتیـــنە خـــۆ و مەفرەزەیەکی (٢٥-٢٦) کەسی بەسەرپەرشتی هاوڕێ (کانەبی گەورە) کە هەنـدێکیان پیـر و نەخـۆش بـوون بە دوو ئێسـتر بـارەوە بەرێکەوتـین، نـان و پێداویسـتییەکی باشـمان لەگەڵ خۆمـان بـرد و هەر کەسـیش چەنـدی حەزی بکردابایە دەیتوانی نان و خواردن لە کۆڵەپشتی خۆی ببات. من تەنیا یەک

قوتــوو گۆشــت و یەک شوشــە مرەبــام لە کۆڵەپشــتەکەم هەڵگــرت لەگەڵ پارچەیەک شەکری کولاوە (دیشلەمە) کە بە قەدەر ناو لەپێک دەبوو .

ســەرەتا بەڕێکەوتــین لەخــوار بارەگاکەمــان تــازە بــاری یەک تراکتــۆر (معلبات) و خۆراکیان هێنابوو، لەسەر یەک دانرابوو وەک ئەوەی هەتا مردن هەر لێرە دەمێنـنەوە، هـاوڕێ (هەردی) کە ئەو هەمـوو شتەی دیت زۆر تـووڕە بــوو، دەســتی کــرد بە جوێنــدان بە ڕەزاقورســەکان (مەســولەکان) و (هەر بە نێرەکەری) یەک مەخزەن فیشەکی لە کارتۆنەکان دا و هەمـووی تێکوپێک شکاند .



هاوڕێ هەردی ، شەهیدان کۆسرەت ، کرێکار ، برایمی قەرەچوخ

گەیشتینە گوندی (دەلاش_ لە بەرامبەر بالیسان کە بە دیوی هەورێ دا کەوتووەتە سەر جادە)، لەوێ بۆنی کیمیاییمان کرد کە هێشتا مابوو، من پێشنیارم کرد چاکترە جەمەدانی تەڕ بکەین و دەمامک بدەین بۆ ئەوەی کاریگەری کیمیاییەکە کەمتر بێت.

ئیتر بەڕێکەوتین بەرەو گوندی (شیرێ) تا لەوێوە بچینە (مەلەکان). لە ڕێگادا تەواو هەستمان بە کاریگەری کیمیاییەکە کرد بە شێوەیەک ئێسترەکانیش وەک مرۆڤ دەکۆخین و چەند باڵندەی تازە مردارەوە بوومان لەسەر ڕێگا دیت. کاتی نیوەڕۆ گەیشتینە ناو مزگەوتی گوندی (شیرێ) و لەوێ ئیسراحەتمان کرد و نانمان خوارد. هاوڕێ پیرەکان و هاوڕێ (کانەبی)یش تووشی ڕشانەوە هاتن و وەزعیان تێکچوو، بەهۆی کاریگەریی کیمیاییەکە نانیان بۆ نەخورا و ئەوەی خواردبووشیان هێنایانەوە. هەستم کرد ئەو هاوڕێیانەی جگەرەخۆر بوون و ئەوانەی جەمەدانیان دەمامک دا حاڵیان زۆر لەوانی دیکە باشتر بوو، باش بوو وڵاغمان پێبوو دەنا هەر لەوێ ئەو دوو هاوڕێیە پەکیان دەکەوت، بە تایبەت هاوڕێیان (مام سالح و کانەبی)، هەر یەکە و سواری وڵاغێکمان کردن و بە چیای (دەرە شیر)دا هەڵگەڕاین، _ئەو ڕێگایەی دەڵێن لە کۆن کەسێک تەلاقی خواردووە ڕێگا نییە و کەسی پێدا ناڕوات_، ڕێگایەکی سەخت و دژوار دیارە، کاتی خۆی بە دەست دروست کراوە، دەنا ڕێگا نەبووە. تا ماوەیەکی باشیش ئاوی نییە، بەڵام لە نیوەی ڕێگاکە ئاوێکی یەکجار جوان و ساف و سپی وەک شیر هەیە، دیارە ناوی گوندەکە و ڕێگاکەش لەوەوە هاتووە و پێی دەڵێن (ئاوە شیر)، لە دامێنی ئاوە شیردا

پشوویەکی باشمان دا. هاوڕێیانیش کەمێک هاتبوونەوە سەرخۆ و هەندێک نان و مرەبایان خوارد و دوای جگەرەکێشانێک یان زیاتر بەڕێکەوتین بەرەو (گوندی مەلەکان)، دەمەوئێوارە گەیشتینە ناو دارەکانی پشتی مەلەکان، دیاربوو بارەگایەکی برادەرانی مەڵبەندی کەرکووکی (ینک) لەوێ بوو، بەرپرسەکەیان یان یەک لە بەرپرسەکان ناوی (ڕەوەند) بوو لەگەڵ هاوڕێ (حاکم وریای گەرمیان)ی ئێمە یەکترمان ناسی و پێشوازی و بەخێرهاتنێکی باشیان کردین و نان و چایان بۆ حازرکردین و شوێنی نوستنیان بۆ ئامادە کردین و تا بەیانی لای ئەوان ماینەوە.

# هەڵکشان بەرەو سنوور (٣)

بەرەبەیانی (٢٧ی ئابی ١٩٨٨) خواحافیزیمان لە برادەرانی (ینک) کرد، وەک گوتم شەوی ڕابردوو میوانیان بووین لە پشتی مەلەکان، بەرەو دەوروبەری گوندی (وەرتێ)، نیوەڕۆ لاماندایە بارەگای ناوچەی ڕواندزی (پدک) و لە لایەن بەرپرسی بارەگاکە (کاکەمین نەجاڕ) پێشوازییەکی باش کراین و نان و چایان بۆ ئامادەکردین، دوای ئیسراحەت و نان خواردن بەڕێکەوتین بەرەو شوێنێک کە پێیان دەگوت (زینی ئەستێرۆکان). لە ڕێگا تووشی کاروانێکی (٥٠-٦٠) باری بووین، کە هەمووی گولەی گراد و هاوەن بوو بۆ هێزەکانی (ینک) دەهات، لام سەیر بوو لەلایەک بڕیاری پاشەکشە دراوە و لە لایەک ئەو هەموو تەقەمەنییە دەهێنن!!!

## ڕۆژی حەشر

کاتێک گەیشتینە ئەو شوێنەی پێی دەگوترا (زینی ئەستێرۆکان)، دیتمان دەیان و بگرە سەدان خێزان بە شێوەی ئێمە ڕوو لەودیو دەڕۆن، هەندێک باش بوون وڵاغیان پێبوو، بەڵام هەندێک هەر بە پێیان دەستی منداڵیان گرتبوو دەڕۆیشتن، گریانی منداڵ و هاوار هاوار و دەنگە دەنگ دنیای پڕ کرد بوو. پەلەپەلی زۆریان پێوە دیار بوو، چونکە خەبەر هەبوو بەیانی هێرش بۆ ناوچەکە

دەکرێ و دوور نییە ڕێگای ئاودیوبوون بگیرێ، بەتایبەت کە زۆری مابوو بگەینە جادەی (ئێندزە - خانەقای بناری قەندیل) کە ئەگەر ئەوێ بکەوێتە دەست هێزەکانی ڕژێم کەس دەرناچێ و هەمووی وەک خەڵکی دەشتی کۆیە و گەرمیان ئەنفال دەکرێن. بۆیە هەر کەس هەوڵی دەدا زوو لەو شوێنە تێپەڕێت. ڕۆیشتنی ژن و منداڵیش لەو چیا و چۆڵ و هەوراز و نشێوە زۆر زەحمەتە و ماندووبوون و نەخەوتنی زۆری دەوێ، کە بۆ خەڵکی خێزاندار ئەگەر مەحاڵ نەبێت زۆر زەحمەتە، دیمەنێکی زۆر ناخۆش بوو بەڕاستی هەر لە ڕۆژی حەشر دەچوو ، گریانی منداڵ و ماندووبوونی ژن و لێک تووڕە بوون و غەزرین لە نێوان ژن و پیاو لە کاتی وادا هەر بە قسە خۆشە، تەنانەت ماندووبوون وای لە ئێمەی پێشمەرگە و گەنجیش کردبوو خەریک بوو پەکمان دەکەوت، ئەوە پیر و نەخۆشەکانمان هەر هیچ. باش بوو دوو وڵاخمان پێبوو، زۆر کەڵکمان لێوەرگرتن بۆ ئەو حاڵە .

من ئەوە یەکەم جارم بوو ئەو ناوچەیە ببینم، بۆیە ڕەنگە لە ناوی شوێنەکان هەڵە بکەم یان نەینووسم. بە هەرحاڵ لەو هەورازە چووینە خوارەوە، دوای نزیکەی (١٠) سەعات ڕۆیشتن هەوراز و نشێوەکەش زۆر ڕک و ناخۆش بوو، هیچ ئاویشی نەبوو، بە تایبەت نشێوەکەی خۆڵ و تۆزێکی زۆر و تێکەڵاو بە پاشەڕۆکی وڵاخ و بایەکی ڕوو لە ئێمەشی دەهات، هەر زۆر بێزاری کردبووین، بەو هاوینە و بەشەو بە ڕێگاوە دەبوو دەمامکی خۆمان بدەین لەبەر تۆز و خۆڵی پڕ لە زبڵ و پاشەڕۆکی وڵاخ، ئەوە جگە لە گریانی منداڵ و دەنگ و هاواری ژن و بێزاری دەربڕین .

دەوری سەعات (١٠) شەو گەیشتینە دۆڵێک بەناوی (دۆڵی گولان)، شوێنێکی فێنک و پڕ ئاو و خۆش بوو، هەمووی دار بوو، چەندین دوکانی پڕ پێویستی ئێمەی لێبوو، هەر لە خواردن و ساردەمەنی و جگەرە و ....... هتد. لەو دوکانانە ئیسراحەتمان کرد و هەندێک پسکویت و ساردی و شتمان خوارد، وەک دەڵێن (شەحن) بووینەوە و کەمێک ماندووبوونمان حەسایەوە و هێزمان هاتەوە بەر.

هەندێک ویستمان ئەو شەوە لەوێ بمێنینەوە، بەڵام هاوڕێیانی شارەزا گوتیان دەبێت بڕۆین نەوەک بەیانی ڕێگامان لێبگیرێ (کە خەبەری هاتنی هێزی دوژمن هەبوو)، ناچار ڕۆیشتین، جادەیەک هاتە پێشمان، لێی پەڕینەوە، دیسان بەرەو هەورازێکی سەخت ملمان نا، تا بەرەبەیان گەیشتینە نیوەی هەورازەکە، لەوێ کەمێک ئیسراحەتمان کرد و کەمێکیش خەوتین، گوتیان ئێستا لەنزیک کوێستانەکانی (ساوسێوەکە)ین یان پشتی ئەو کوێستانانە.

کە ڕۆژهەڵات بینیمان هەتا چاو بڕ دەکات خەڵک وەک ئێمە بە قەد ئەو شاخەوەیە، بە سەدان و بگرە هەزاران خێزان دەبوون، وەک ڕۆژی حەشر هەرچی خەڵکی ناوچەکانی بەردەستی پێشمەرگە بوو، لە ترسی هاتنی هێزی ڕژێم ڕووی لە سنوور کردبوو، بە تایبەت لەوکاتە کە هەواڵی دەستپێکی ئەنفالی ناوچەکە هەبوو لەو یەک دوو ڕۆژە کە هەر واش دەرچوو.

## ئاراستە گۆڕین

دوای ڕۆژهەڵات واتە (٨/٢٨) کە ڕۆژی دەستپێکی ئەنفالی ناوچەکە بوو، وابزانم بە ناوی ئەنفالی هەشت یان (خاتمە ئەنفال) بوو، لەو هەورازە بووین، زانیمان ئەو ڕێگایەی بۆی دەچین لەلایەن هێزەکانی ڕژێم گیراوە، بۆیە هاوڕێیان وایان بەباش زانی ڕێگۆڕکێ بکەین و بەرەو ناوچەی (دۆڵەڕەقە)، بەڵکو لەوێوە بە لای (ماخۆبزنان) دەربازی (بناری قەندیل) بین، چونکە ڕێگاکانی دیکە زۆربەی ئەو بەیانییە ڕژێم هێزی بۆ هێنا بوو.

هاوڕێ (کانەبی) کە ئەو وەزعەی دیت هەستا بە دابەشکردنی ئەو پارەیەی لەلای بوو کە بۆ خەرجی ڕێگا بۆ مەفرەزەکە پێیدرابوو، بڕەکەی (٢٠٠٠) دوو هەزار دینار بوو، هەندێکی خەرجکرابوو، ئەوی دیکەشی کردە سێ بەش؛ (٥٠٠) دیناری دا بە من و (٥٠٠) دیناری دیکەیشی وابزانم دا بە (مام سەید عەلی جەباری) یان هاوڕێیەکی دیکە بۆ ئەوەی ئەگەر لە یەکتری دابڕاین وەک گرووپ کەڵک لەو پارەیە وەربگرین. دیاربوو هەستی بە مەترسی ڕێگا و لێکدابڕان دەکرد، چونکە پیاوێکی شارەزا و بە ئەزموون بوو لە کاری پێشمەرگایەتی و ڕێڕۆیشتن لە کاتی تەنگانە کە هەر واش دەرچوو.

بەرەو شوێنی دیاریکراو ڕۆیشتین، لە تەواوی ئەو مەفرەزەیە هیچ کەس شارەزایی لەو ڕێگایە نەبوو، جگە لە هاوڕێ (کانەبی و شەماڵ وەستای ڕواندزی) کە دووەمیان بەڕاستی کوڕێکی گورج و گۆڵ و شارەزاییەکی باشی ناوچەکەی هەبوو، هیچ ماندوو نەدەبوو، سەرەڕای ئەوەی من زۆرباش بووم لە

ڕۆیشتن و ڕێکردندا، بەڵام زۆر بەو کوڕە ڕواندزییە سەرسام بووم، بە ڕاستی شاخەوان بوو.

ئیتر ئێمە لە خەڵکەکە دابڕاین و بەرەو ناوچەی (دۆڵە ڕەقە) ملی ڕێگامان گرت، هەرچەند زیاتر دەڕۆیشتین (ڕەقی و وشک و برینگی) ناوچەکە زیاتر دەردەکەوت. دیارە ناوەکەش دەربڕی ناوچەکە بوو، هەمووشی شاخی بەردەڵان و بێ ئاو بوو، دوای نیوەڕۆ گەیشتینە شوێنێک، هەندێک ڕەشماڵی چۆڵ و بنەگەی ماڵە مەڕداری لێبوو، تەنیا لە ڕەشماڵێک یەک پیرەژنی پیرمان دیتەوە و بە پارە هەندێک شتمان لێ کڕی بۆ خواردن وەک پەنیر و ماست و شتی وا، من داوای سابوونێکم لێی کرد بۆ ئەوەی سەر و دەم و چاو و پێ و پلم بشۆم، خۆی گرخاند، دیاربوو حەزی دەکرد بە پارە بمداتێ، ناچار گوتم باشە لێت دەکڕم، (٢٥٠ فلس)یەکی لێوەرگرتم، چوو سابوونێکی بۆرەکان ئەوەی پێیان دەگوت (سابوونی کۆرێ یان خۆشوشتن)ی هێنا کە ئەوکات نرخی ئەو جۆرە سابوونە زۆر لەوەی لێمی وەرگرت کەمتر بوو.

دیاربوو چۆڕە ئاوێکی کەم لە شاخ دەهاتە خوار، پلوسکەیەکیان بۆ هەڵبەستابوو، لە خۆشی سابوون یەکسەر سەرم خستە بەر ئاوەکە بە نیازی شوشتن، بێئاگا لە ساردی ئاوەکە دیاربوو لە کوێستانەکەی سەر خۆیان دەهاتە خوار وەک بەفر ساردبوو بە شێوەیەک تەزاندمی وەک ئەوەی بە چەکوش لەسەرم بدەن، خۆم بۆ نەگیرا، ماوەیەک دوور کەوتمەوە و ئەوجا دەستم کرد بە شوشتنی سەرم، ئەویش بەو ئاوەی لەبەردەم پلوسکەکە ببووە گۆمیلکە و هەندێک گەرم ببوو، کە هاوڕێیان دیتیان سابوونم پەیداکردووە، هێرشیان هێنا بۆ

سەر ئاو و سابوون، ناچار بۆم بەجێ هێشتن و هەر کەسە دەست و چاو و پێ و پلی خۆی پێ شوشت و لە کاتی ڕۆیشتن نازانم کام هاوڕێ بوو پارچەیەکی بچووکی بۆ هێنامەوە و بە پێکەنین گوتی؛ (ها بیشارەوە بەکەڵکمان دێت).

دوای پشوودانێکی کەم بەڕێکەوتینەوە، هەر لەو دۆڵە هیشک و برینگ و بێئاوە کە زۆریش گەرم بوو، لە ڕێگا هاوڕێیان تەواو ماندووبوون و هەندێک بە تەواوی پەکیان کەوت، بە سارده سارده و بە پێی ئەوان ڕۆیشتین، دەمەوئێوارە گەیشتینە شوێنێک کە کانیاویکی زۆر بچووکی لێبوو، بەحاڵ ئاومان لێی دەردەهێنا و بەسەر هاوڕێیان دابەشمان دەکرد بە شێوەیەک ماوەی سەعات و نیویێکمان پێچوو تا هەموو تێر ئاو بووین و مەتارەکانمان پڕ کرد.

## دیمەنێکی سرنجڕاکێش

دوور بەدوور کەسێکمان بینی چەکی پێبوو، بەڵام دیاربوو خەڵکی ناوچەکە بوو، چەندی بانگمان کرد نەهاتە لامان و زیاتر دوور کەوتەوە، هەرچەند گوتمان پێشمەرگەین، باوەڕی نەکرد، دەیگوت؛ (ئێرە پێشمەرگەی لێ نییە، ئێوە جاشن، دەتانەوێ بمگرن و سەرم ببڕن و بڵێن پێشمەرگەمان گرتووە!). چونکە لەو کات شتی وا زۆر ڕوویدابوو، دیاربوو زانیاری تەواوی لەسەر وەزعی ناوچەکە هەبوو، ئێمەش هەر دەمانویست پرسیاری ڕێگەی لێبکەین، بەڵام نەهات و لەچاوان ون بوو).

هاوڕێیانی شارەزا گوتیان ئێرە پشتی (ماخۆبزنان)ە کە دەبوو شەو لەوێوە بەرەو جادە بڕۆین و بپەڕینەوە بۆ لای (سڵێ و بۆڵێ)، بێئاگا لە وەزعی جادە ئایا گیراوە یان نا؟ بەواتایەکی دیکە هێرش بۆ ئەوێش هاتووە یان نا.

دوای پشوویەکی یەک دوو سەعاتی و نان و ئاو خواردن و هێز هاتنەوەبەرێک و کە دونیا تەواو تاریک داهات، بەرەو جادە بەڕێکەوتین کە ماوەی دوو سەعات یان زیاترە (ئەوە ئەگەر خۆش بڕۆین) و تووشی هیچ ڕووداوێک نەبین دەنا زیاترە.

لەڕێگا لەبەر ماندووبوونی هاوڕێیان زۆر خاو دەڕۆیشتین، دەوری سەعات (١١)ی شەو گەیشتینە نزیک جادە و دانیشتین و (من و هاوڕێ هەردی و شەماڵ وەستا) چووین بۆ سوسەکردن (استطلاع)ی جادە، دیتمان جادە یەکپارچە هێزی سەربازی ڕژێمە، بە دەیان سەیارە و سەدان و بگرە زیاتریش لە سەرباز لە سەر ئەو جادەیە بێترس لێی کەوتبوون، بە شێوەیەک یەک مەتر نێوانیان نەبوو بۆ پەڕینەوە، هەر چەند هاتن و چووین هیچ شوێنمان نەدۆزیەوە بواری هەبێت بە شێوەیەک سەیارەی عەسکەری وەک دیوار لەسەر جادە وەستابوون، ناچار هاتینەوە و ئەو هەواڵەمان بە (هاوڕێ کانەبی) ڕاگەیاند و بڕیاری دا بگەڕێینەوە بۆ دۆڵە وشک و بێ ئاوەکەی لێی هاتبووین (دۆڵە ڕەقە)، بەڵکو لەوێوە بۆ لایەکی دیکە دەرچین.

## هەنگاونان بەرەو نادیار

هاتینەوە بەرەو لای کانیاوە بچووکەکە، بەڵام چ هاتنێک!! بەڕۆینی مێروولە و زۆر بە خاوی، هاوڕێ هەبوو بە ڕۆیشتنەوە خەوی لێدەکەوت، زۆر

شەکەت و ماندووبووین، من لە ژیانی پێشمەرگایەتیم قەت لەو شەوە ماندووتر نەبووم، بەتایبەت کە چارەنووس نادیار بوو، مرۆڤ بەیەکجاری هێزی لێدەبڕێ، بە شێوەیەک دەڕۆیشتم هەر پەنجا شەست هەنگاوێک کەمێک ڕادەوەستام بۆ ئەوەی کەمێک هێزم بێتەوەبەر، چەندین جار بەلاداهاتم و خەریک بوو بەربیمەوە، بەڵام (هاوڕێ هەردی) یارمەتی دەدام و دەیگرتمەوە، جۆرە دەنگێک لە مێشکم دەهات بەحاڵ گوێم لە قسان دەبوو، تەواوی لەشم ژانی دەکرد، هیچ ئاویشمان پێنەمابوو، قوڕگم وا وشک ببوو قسەم بۆ نەدەکرا، دیاربوو (هاوڕێ کانەبی) هەستی پێم کردبوو، هەر لەسەر پشتی وڵاخەکە کەمێک ئاوی لە مەتارەکەی خۆی دامێ، باش بوو قوڕگ و زمانم (وەک بڵێی کەوتەوە کار) و هاوڕێیانی دیکەش لەمن خراپتر بوون باشتر نەبوون. جگە لە چەند هاوڕێیەک وەک (هەردی، شەماڵ، کەریم کۆمۆنیست، عەلی و نادیە) و نازانم کێی دیکەش، بەگشتی بەو حاڵە ڕێمان کرد تا گەیشتینە سەر کوێرەکانی. ئەو هاوڕێیانەی وەزعیان باش بوو ئاویان بۆ هەمووان هێنا و نانیان دابەش کرد بەو حاڵە تا بەری بەیانی لەوێ ماینەوە.

## بڕیاری یەکلاییکەرەوە (٤)

دوای ئەوەی بە ناچاری گەڕاینەوە بۆ لای (ماخۆبزنان) و لەسەر کوێرە کانییەکە ماینەوە هەتا بەری بەیان و پشوویەکی باشمان دا، لە بەرەبەیان دەستمان کرد بە گەڕانەوە بۆ ناوچە وشک و برینگەکە بەمەبەستی ڕێگا پەیداکردن بۆ پەڕینەوە و دەرباز بوون بەرەو (قەندیل).

هەستم کرد (هاوڕێ کانەبی) هیچ بە دیلێک یان (وجهە)یەکی دیاریکراوی نییە وەک بڵێی خۆی داوەتە دەستی قەدەر و لە هەلێک دەگەڕێ (ئەگەر) دەست بکەوێ!! ناهەقیشی نەبوو، چونکە ناوچەکە هەمووی گیرابوو، هیچ لوتکە و شاخێک و ڕێگا و تولەڕێیەک نەبوو سوپا و جاشی پێوە نەبێت، هەمووی بەچاو دەدیتران، تەنانەت تەقەشیان لێدەکردین، بەڵام زۆر بە تەرکیز نا، بەڵکو هەر وەک ئاگادارکردنەوەی پێشمەرگە بۆ ئەوەی بزانین ئەو شوێنانە جاشی پێوەیە و بۆی نەچین، ئەو کردەوەی جاشان سودی باشی بۆمان هەبوو، ماوەی دوو سەعاتێک بەو شێوەیە ڕۆیشتین تا ڕادەیەکی باش هاتینەوە ئەو دۆڵە، دیاربوو (هاوڕێ کانەبی) بە باشی زانی لە شوێنێکی سێبەری دۆڵەکە پشوو بدەین و نانی نیوەڕۆ بخۆین. من هەستم کرد هاوڕێ تەنیا یاری لەگەڵ کات دەکات، بەڵکو بۆ ئێوارە دەرفەتێک پەیدابێ

### دەنگی تەقە

دوای نان و چا خواردن و پشوودان زۆر باش هاتینەوە سەرخۆ، دەنگی تەقەش دەبیسترا کە بەرەو ڕووی ئێمە بوو، تۆمەز هاوڕێ (شالاوی هەولێر)مان

لەسەر کانییەکە لێ بەجێمابوو، دوای ڕۆژهەڵاتن بەخەبەر دێ، دیارە جاشەکان لەسەر چیا دەیبینن و هەر بە تەقە لێکردن دەیهێننە سەر ئەو ڕێگایەی بۆ لای ئێمە دەهات و هەر تەقەی پێوە دەنێن تا لە ئێمە نزیک دەبێتەوە، ئینجا وازی لێدەهێنن.

## مەفرەزەیەکی یەکێتی

ئیتر بەرەو دوا بەڕێکەوتین تا لە شوێنێک تووشی چەند پێشمەرگەیەک هاتین، دیاربوو لەجەماعەتی خۆیان دابڕابوون و هەمان شت نیازی دەربازبوونیان هەبوو، بەرپرسەکەیان کاک (تەحسین کاوانی) بوو، خۆی و دەستەکەی بوون، دوای کەمێک دانیشتن و قسەکردن دەرکەوت شارەزای باشی ناوچەکەن و هەر چۆنێک بێت دەتوانن ڕێگایەک بدۆزنەوە و پێشنیاریان کرد بەیەکەوە بڕۆین بەتایبەت کە دڵنیا بوون لە ئێمە و زانیان زۆربەمان خاوەن ئەزموون و کاری پێشمەرگایەتین و دەکرێ بۆ کاتی تەنگانە پشتمان پێ ببەستن .

## دەرفەت دروست بوون

دەتوانم بڵێم ئەو دەرفەتە دروست بوو کە (هاوڕێ کانەبی) بە تەمای بوو پرسی بە ئێمەش کرد، ئێمەش بە باشمان زانی، چونکە کێشەی ئێمە شارەزایی بوو لە سنورەکە، دەنا لە ڕووی چەک و هێز دەمانتوانی لە هەر شوێنێک و هەر چۆنێک بێت بە زەبری چەک درز دروست بکەین و دەربازبین .

ئیتر بەڕێکەوتین بەرەو ئەو شوێنەی ئەوان بە باشیان دەزانی بۆ دەرباز بوون، گوندێک بوو بەناوی (تەورێ)، کە گەیشتینە نزیک گوند بە باش زانرا

تا سێبەر دێتە سەر گوند هەر لەبن تەڕاشەکانی خوار گوند بمێنینەوە؛ چونکە هێرشی سەرلوتکەی( کونە کۆتر_ کە لوتکەیەکی بەرزی ئەو سنورەی چیای قەندیل)ە دەستی پێکردبوو، شەڕێکی زۆر قورس بوو، بەهەموو چەکێک لەو شاخە دەدرا و کۆپتەری سەمتی بەردەوام بۆمبارانی دەکرد و جەولەی دەهاتەوە سەر ئێمە_ من یەکەم جارم بوو بۆمبارانی ئەو جۆرە کۆپتەرانە ببینم کە هەم باڵ و هەم پەروانەی هەبوو، دیاربوو بۆمبی زۆر گەورەی هەڵدەگرت و بە سەر پێشمەرگەی دادەباراند بە شێوەیەک دەنگی زۆر گەورە بوو، تەواوی ئەو دۆڵە دەنگی دەدایەوە، دارەکانی سەر ئێمەی دەلەراندەوە، دیاربوو هێزی پێشمەرگەی (ینک ) لەو شاخە بەرگرییەکی زۆر قارەمانانەیان دەکرد بە مەبەستی پاراستنی شاخەکە و پاراستنی ڕێگای پاشەکشەی خەڵک و پێشمەرگە، هێزی ڕژێمیش بە هەمان مەبەست دەیویست ئەو لوتکە شاخە بگرێت و ڕێگا لە خەڵک و پێشمەرگە ببڕێت)، ئاوەڕۆی گوندەکە بەو شوێنە دادەهات کە ئێمە خۆمان لێ حەشار دابوو، هەرچەندە ئاوەکە زۆر پیسیش بوو، بە ناچاری هەر خواردمانەوە، کەمێک بەلچکی جەمەدانی دەمانپاڵاوت، بەڵام بۆنی ڕیخ و تەنانەت پیسی تریشی دەدا، بەڵام چونکە زۆر تینوو بووین گوێمان پێنەدا .

کە سێبەر هاتە سەرمان، یەک یەک بەرەو ناو گوندەکە یان بڵێم دۆڵەکە سەرکەوتین کە سەروچاوەی ئاوەکەی لێدەهات. لەوێ بینیمان کۆمەڵێک پێشمەرگەی دیکەی لێیە کە هەموویان برادەرانی (ینک ) بوون، چەند وڵاخ و خواردنی باشیان پێیە و ئاویش زۆرە، هەرچی لایان بوو خستیانە بەردەستی ئێمە، چونکە زانیان برسی و هیلاکین. یەک لەو کەسانەی بە گەرمی پێشوازی

کردین (مامۆستا سەیفەدین) بوو، برێکی زۆر نان و قوتوویەکی پێنج کیلۆیی هەنگوینی بۆ داناین، پشوویەکی باشمان دا، هەرچەندە من لەو نان و هەنگوینە هیچم بۆ نەخورا، چونکە ئاوێکی زۆرم لە ئاوە پیسەکە خواردبۆوە وەک دەڵێن (زگاو) ببووم.

کات بووە دەمەوئێوارە، دەست کرا بە ئامادە بوون بۆ خۆدەربازکردن و چۆنیەتی دەربازبوون، ئەوان و (هاوڕێ کانەبی)یش شارەزایی باشیان لە ناوچەکە هەبوو، دوای ڕاگۆڕینەوە شوێنی پەڕینەوە دیاریکرا، کە ڕێک بەرامبەر گۆڕستانی گوندی (ئێندزە) بوو، بەڵام پەڕینەوەی جادە زۆر ئەستەم بوو، چونکە قافڵەی عەسکەری نەدەپچڕایەوە، زۆر کەم بوار هەڵدەکەوت بۆ پەڕینەوە، ناچار بڕیاری یەکلاکەرەوە درا بەهەر نرخێک بێت دەبێ هەر ئەمشەو بپەڕینەوە و لە (چیای قەندیل یش ئاودیو بین. ڕێک لەو شوێنەی ئەو هێرشە قورسەی لەسەرە کە پێی دەگوترێ (کونە کۆتر).

بڕیارەکە بەو شێوەیە پێشنیار کرا؛ (کاتێک دەگەینە سەر جادە چوار کەس سەر جادە بپارێزن و پەڕینەوەی هەمووان لەئەستۆ بگرن تا ناو گۆڕستانی گوندەکە، لەوێوە بە هەورازی چیای قەندیل هەڵگەڕێین و بە کونە کۆتر ئاودیو بین) _ڕەنگە ئەوە بە قسە زۆر گران نەبێت بەڵام لە ڕووی کردارییی شتێکە لە مەحاڵ، بە چوار کەس جادە بپارێزرێ لەو هێزە زل و زەبەلاح و دڕندە و شەڕزانەی بەعس! پەڕینەوە تەئمین بکرێ بۆ زیاتر لە پەنجا کەس کە پیر و پەککەوتە و نەخۆش و جۆرەها میزاجی تێدایە ،بەڕای من لەوەش گرنگتر دەرباز کردنیەتی لە چیای قەندیل بە لاڕێ دا، چونکە سەرە ڕێگاکان هەمووی

بەدەست دوژمنەوە بوو، تەنانەت هەندێکیان بەسەر کەوتبوونە قەدپاڵی شاخیش هەر بۆ ڕێگری لە خەڵک و پێشمەرگە_ بۆیە من گوتم؛ (هەرچەندە ئەو ئەرکانە گرنگ و پڕ مەترسین، بەڵام ئەگەر لەودیو دەلیلمان نەبێت مەحاڵە بە لاڕێ لە قەندیل دەرباز بین، ئێوە ناسیار یان کەس شک دەبەن لەودیوی جادە ئەو کارەمان بۆ بکات و ڕێنوێنیمان بکات تا لە هێزی دوژمن دەرباز دەبین ئەگەرنا دەکەوینە نێوانی دوو هێز و دەربازبوونمان دەبێتە مەحاڵ)، پێشمەرگەیەکی سوورەی تێک چەقیوی کەمێک قەڵەو ناوی (دڵشاد باویانی) بوو لەگەڵ کەسێکی دیکەی لاواز هەردووکیان زۆر چوست و چالاک دیاربوون، گوتیان؛ (ئەو کارە بۆ ئێمە لێگەڕێن، با لێرە دەرچین خەمی ئەودیوتان نەبێت، ناسیار و دڵسۆزی شۆڕش زۆرن، گرنگ پەڕینەوەیە بەسەلامەتی)، وەک بڵێی دوودڵ بوون لە سەلامەتی پەڕینەوە، ناهەقیشیان نەبوو، چونکە بەردەوام هاتوچۆی سوپا و جاش لەسەر جادەکە هەبوو کە بە سەیارە و بە لایتەوە دەهاتن و دەچوون.

## پەڕینەوە

ئیتر بەو شێوەی باسم کرد بڕیاردرا چوار کەسی دەستنیشانکراو بۆ ئەو کارە لە (ینک دڵشاد باویانی و هاوڕێکەی) لە (حشع من و هاوڕێ هەردی)، هەرچەند من تفەنگیشم لانەبوو، تەنیا دەمانچەیەکی چواردەخۆرم پێبوو، بەڵام هەر چووم، چونکە هەستم کرد چاوی هاوڕێ (کانەبی و بەرپرسەکانی یەکێتیش لەسەر من و هەردی)ە، ئیتر بڕیارەکە وابوو هەرچی شمەک و

کەلوپەلی زیادەیە بەجێی بهێڵین بە وڵاخەکانیشەوە کە بۆ ئێمە زۆر قورس بوو لە بەر (هاوڕێ کانەبی و مام ساڵح)، چونکە تەواو بێهێزیان پێوە دیار بوو، بەر لە ڕۆیشتن داوا لە کاک (عوسمان دەشتی کادرێکی پێشکەوتووی ینک بوو) کرا کە هەندێک قسە بۆ هەموان بکات لەسەر شێوەی پەڕینەوە و ئیلتیزام کردن بەو کەسانەی سەرپەرشتی ڕێڕۆیشتنەکە دەکەن، بەڕاستی قسەی زۆر جوان و ڕێکی کرد کە پڕ بوو لە حەماس و خۆشەویستی یەکتر و .... هتد.

بەڕێ کەوتین و بە ماوەی سەعاتێک یان زیاتر گەیشتینە نزیک جادە، لەو کاتە قافڵەیەکی زۆری سەیارەی عەسکەری لە لای دەستی چەپ هاتن بۆ لای دەستە ڕاستمان ڕۆیشتن، نزیکەی نیو سەعات چاوەڕێ بوون تا تەواو تێپەڕبوون، ئێمەی چوار کەسەکە خۆمان گەیاندە جادە و دوو برادەرەکەی (ینک ) پەڕینەوە ئەودیو و (من و هاوڕێ هەردی )ش لە دیوی لای خۆمان ماینەوە و یەک یەک و دوو دوو هاوڕێیانمان بەڕێ دەکردە بۆ ئەودیوی جادە و ئەوانیش دووریان دەخستنەوە لە جادە و بەڕێیان دەکردن بۆ لای گۆڕستانەکە، لەو کاتە چەند جار یەک و دوو سەیارە دەهات و کارەکەی دوادەخستین، تەنانەت جارێک سەیارەیەکی (جێب قیادەی عەسکەری) هات و هەر لە نێوان ئێمە و لەسەر جادە ڕاوەستا، دیاربوو ڕێگای ون کردبوو، بە جیهاز پەیوەندی بە جەماعەتی خۆیان کرد و دوای زیاتر لە چارەگە سەعاتێک ئەوجا ڕۆیشت، هەر چۆنێک بوو بەو حاڵە هەموانمان دەربازکرد کە ماوەی سەعاتێک زیاتری پێچوو، ئیتر ئێمەش لەگەڵ دوا کەس کە هاوڕێ ( کانەبی و مامۆستا سەیفەدین) بوون لە جادە پەڕینەوە و چووینە ناو گورستانەکە، هەموو هاوڕێیان

لەوێ بــــــوون، تەنــــــانەت هەنـــــــدێکیان خەوتبــــــوون.

لێرە ئەرکی یەکەم کە لە جادە پەڕینەوە بوو کۆتایی هات و ئەرکی دووەم بەسەر هەڵگەڕانی شاخی قەندیلە بەلاڕێ و دواتر دەربازبوون و ئاودیوبوونە لە شەڕگەی کونە کۆتر کە زۆر قورستر و پڕ مەترسیترە.

# گەیشتن بەئامانج ( ٥ )

دوای ئەوەی دەوری سەعات ( ١١ ) شەو زۆر بە زەحمەت و پڕمەترسی بەڵام بەسەلامەتی ( بە هۆی تۆكمەیی پلانی پەڕینەوەكە ) لە جادە پەڕینەوە ، هەموو لەسەر گۆڕستانی گوندی ( ئێندزە ) كەمێك پشوماندا ، بەپەلە كەوتینە خۆ بۆ دەرباز بوون لەو شوێنە چونكە نەك هەر سەرجادە بەڵكو لە پشتی گوندیش جاش بە قەدی چیاوە بوون هەر بۆ ڕێگری لە پاشەكشەی خەڵك و پێشمەرگە كە دەرباز بوون لەوان زۆر زەحمەت و پڕ مەترسی تر بوو لە پەڕینەوەی جادە .

## پیاوی مەرد و دڵسۆزی شۆڕش وپێشمەرگە

داوا لە دوو برادەرەكەی ( ینك - دلشاد باویانی و هاورێكەی ) كرا هەوڵی پەیداكردنی دەلیل بدەن وەك ئەوەی پێشتر بەڵێنیان دا بوو ، ئازایانە ڕۆیشتن بۆ لای گوند وماڵەكان و دوای زیاتر لە نیو سەعات هاتنەوە كەسێكیان لەگەڵ خۆیان هێنابوو وەك دەلیل بۆ ڕێنمای و دەرباز كردنی ئەو مەفرەزە گەورەیە ، دیار بوو كابرا شارەزاییەكی زۆر باشی لە ناوچەكە و لەسەر شوێنی هێزەكانی دوژمن هەبوو ، گوتی ( من دەربازتان دەكەم بە مەرجێك لە ڕێگا هیچ كەس ورتەی لەدەم دەرنەچێ و چۆن و چی دەڵێم دەبێت وا بكەن دەنا درچونتان مەحاڵە چونكە قەدی شاخیش جاش و جەیشی لێیە بە شێوەیەك

چوار ڕێز ڕەبیەی یەک بە دوای یەکیان داناوە تا کەس نەتوانێ دەرچێت بەڵام من دەتوانم لە نێوانی دە ئەوەندەش دەربازتان کەم تەنها خۆڕاگر و بەسەبر بن ) .

هەموو ڕازی بوون بە قسەکانی و کەوتینە ڕێ ، دیار بوو کەسێکی زۆر شارەزا و گورج و گۆڵ و دڵسۆزی پێشمەرگە و شۆڕش بوو ، بە تولە ڕێ و لاڕێ بە شوێنی وای دادەبردین شەیتانیش سەری لێدەرنەدەچوو هەرچەندە زۆر ڕک و ناخۆش بوو بەڵام ئەو کابرایە وەک پڵینگ و نێریە کێوی ڕێی دەکرد و ئێمەش بە دوایەوە بوون بە بێ چرپە و دەنگە دەنگ زۆر ڕێک و پێک دەڕۆیشتین کەس ورتەی لەدەم نەدەهات لە هەندێک شوێن ڕوناکی ناو ڕەبیەکان و هێزی دوژمنمان دەدیت تەنانەت گوێبیستی دەنگە دەنگیان دەبووین ئەوەندە بە نزیکیان دا دەڕۆیشتین نازانم هەستیان پێمان نەدەکرد یان بە جەماعەتی خۆیان دەزانین ؟؟؟؟.

نزیکەی سەعاتێک بەو شێوەیە و زۆر بە گورج و گۆڵی ڕۆیشتین بەبێ ئەوەی هیچ پێشهاتێکی خراپ بێتە ڕێمان ، چونکە من لە دواوەی مەفرەزەکە و هاوڕێیان دەڕۆیشتم زۆر بەوردی و جوانی سەیری ڕێڕۆیشتنەکەم دەکرد و وەک ئەرکێکیش بوو بۆم لە کاتی وا بە کەسی دواوە دەگوترێ ( قفلی مەفرزە ) و بە جێ نەهێشتنی هاوڕێیان و سەلامەتی و ئاگاداری دواوەی مەفرەزە ئەرکی کەسی داوە دەبێت .

کاتێک گەیشتمە لای هاوڕێیان هەموو وەستابوون و هەندێک دانیشبوون ( هاوڕێ کانەبی ) پرسیاری لیم کرد کە هەموو هاتن گوتم بەڵێ من دوا کەسم ، بینیم کابرای دەلیل و ڕێنیشاندەر لە شوێنێک وەستاوە کە ئاوێکی

جـوان لە شـێوەی تـاڤگەیەکی دڵگیـر لەشـاخ دێـتە خـوار کە ڕێـک خـاڵی دەستپێکی نـاوچەی کوێستانیی قەندیلە هـیچ دار و بـاری نـیە جگە لە بـنە ( گـوینی - جۆرە ڕوەکێکـی دڕکاویە کەتیـرە ( صمغ ) دەردەکات و بە ئاسانی گڕ دەگرێت لە هەر شوێنێک هەبێت نیشانەی کوێستان بـوونە ) بێگومـان ئاوی ئەو شـــــــوێنانەش ســــــــارد و بەفـــــــــراویە.

پیـاوە گـورج و گۆڵەکەی دەلیلمـان دەسـتی کـرد بە قسـە و گـوتی ( ئیتـر ئەرکی مـن تەواو لەترس و هێزی دوژمـن تەواو دورم خسـتونەتەوە هەر بەسـەر ئەو ڕێگـایەی دەسـتە ڕاسـت بـڕۆن تـا دەگەنە سـەر پشـتی گـا بەردێکـی زل لەوێ دەبێـتە دوو ڕێ ، ئێـوە هەر بە دەسـتە ڕاسـت بـڕۆن دەچـنەوە پشـتی ( بـۆڵێ ) لەوێـوە سـەرکەون دەگەنە (کـونە کـۆتر) کە شـوێنی ئاودیوبوونتـانە بـۆ (دۆڵـی باڵەییـان) و نـاو هێـزی پێشـمەرگە، بەڵام کە دەگەنە (کـونە کـۆتر) زوو خۆتـان ئاشـکرا بـکەن نەوەک پێشـمەرگە لێتـان بـدەن و بە جـاش و جەیشـتان تێـبگەن چـونکە لە ئێـوارە و هێرشـیان لەسـەرە لەلایەن هێـزی جـاش و جەیـش لە ڕێگـاش ئاگاداری خۆتان بن من لێرەوە دەگەڕێمەوە ) .

هـاوڕێ ( کـانەبی ) و ئەوان دیـکەش زۆر سوپاسـیان کـرد و گـوتیـان ئەو هاوکاریەت ( لەبیر ناکەین ) ، تەنانەت کاک ( تەحسین کاوانی ) تفەنگێکی کلاشـینکۆفی یەک لاقـی کـوبی پێشـکەش کـرد ، بەڵام کـابرا زۆر مەردانە ڕەتـی کـردەوە و گـوتی ( مـن ئەوکـارەم بە کـرێ نەکـردووە و تفەنگیشـم نـاوێ ئەگەر پیاو مابێت تاریکە شەو زۆرە ) وەک بڵێ ئەو کارەی مـن لەبیر مەکەن و لە کـــــــاتی خـــــــۆی بەبیرتـــــــان بێـــــــتەوە.

ئەو خـوا حـافیزی كـرد و ئـێمەش چـونكە زۆر مانـدوو بـوون كەمێكـی دیــكەش پشــوماندا هەركەســە و هەنــدێک نانمــان خــوارد لەوەی لە كــۆڵە پشـتەكانمان هەبـوو ، مـن كـاتی لە بارەگـا هـاتم قوتوێـک مرەبا و قوتوێـک گۆشتم لە كۆڵە پشتەكەم هەڵگرتبوو ، دەرم كردن لەگەڵ هەندێک نـان لەگەڵ هاوڕێیـان خواردمـان ، هەر بەوە ڕاگەیشـتم یەک دوو تـیكەی لـێ بخۆم هەر بە هەواوەوە تەواو بوو.

## ڕۆیشتن و هیلاكی

ئیتر دەستمان بە ڕۆیشتن كرد هەرچەند زۆر ماندووش بووین بەڵام چار نیە هەر دەبێت ئەمشـەو لە شـاخی ( كـونە كـۆتر ) ئـاودیوو ببـین ، دەست كـرا بە هاندان و تەنانەت ترساندنیش بۆ ئەوەی ئەو چەند سەعاتەی شەو كە ماوە دەرباز بـین دەنـا هەمـوو مانـدو بـوونی شـەوانی دیكەمـان بە فیـرۆ دەڕوات و بێشـک سەریشــمان تێــدەچێت ، بەڵام ئەو ڕێكــردنەی قەدی قەنــدیل شــپرزەیی زۆری پێوەدیار بوو هەر كەس بۆ خۆی چی بكردایە دەیكرد ، دابنیشتایە ، بخەوتـایە ، بڕۆیشتبایە ...... هتد كەس گوێی بەكەس نەدەدا دیاربوو( ئامانج ئاودیوو بوون بوو لە كونە كۆتر ) و ئێستاش هەموو كەوتوینەتە سەر ئەو ڕێگایەی دەمانبـاتە شـوێنی مەبەسـت و هـیچ ترسـیش نەمـایە ،بـۆیە بەرپرسـەكانیش زۆر هەوڵـی ڕێڕۆیشتن و ڕێک ڕۆیشتن و شتی وایان نەدەدا ، بەگشتی هەمـوانیش یەكجار مانـدوو و بێهێـز ببـوین بە تـایبەت لەبەر خەو ، لە كـاتی وا هەمـوو ئەنـدامانی

جەستە بێهێز دەبن بە شێوەیەک مرۆڤ دەگاتە ئەو بڕوایەی مردن شتێک نیە حیسابی بۆ بکرێ .

## پەککەوتن و دابڕان

ماوەیەکی باش ڕۆیشتین گەیشتینە سەر ئەو گابەردی کابرای دەلیل باسی کردبوو و ڕێگاکەش زۆر جوان ( وەک وەسفی ئەو ) دیاربوو ،من و چەند هاوڕێیەک لەوێ کەمێک دانیشتین و چاوەڕوانی هاوڕێیانمان کرد تا زۆربەیان هاتن و دەستمان بەڕۆیشتن کردەوە ، نازانم چەند ڕۆیشتین بەڵام ڕوناکی بارەگاکانی ( حیزبی دیموکرتی ئێران )مان لێ بەدیار کەوت ، بینیم هاوڕێ ( کانەبی ) لەسەر بەردێک دانیشتووە زۆر هیلاک دیارە بە ئاستەم قسەی پێدەکرا ، من و هاوڕێیەکی دیکەش لای دانیشتین وپێم گوت کە هاوڕێ ( مام سالح ) تەوا پەکی کەوت و لەگەڵ ( عەلی کوڕی ) بەجێما دوای ئەوەی چەند جار لە پشتمان کرد ، بەڵام جاری نەبوو وەزعی زۆر خراپە و ڕایسپاردووم کە هەواڵی ئەو بەتۆ ( هاوڕێ کانەبی ) ڕابگەیەنم و پرسیارم کرد ئایا تۆ دەتوانێ بڕۆی یان نا گوتی ( خەمی منتان نەبیت مادام مام صالح پەکی کەوتوە و بەجێماوە من دەبێت چاوەڕێی کەم و نابێت بە جێی بهێلم ئەمانەتی منە ) ،منیش گوتم ( باشە ئێمەش لەگەڵ تۆ چاوەڕوان دەبین هەتا دێت ئەگەرنا کەمێک پشو دەدەین و دەچینە دوای ) ،سەرەڕای ئەوەی بە خۆی وەزعی زۆر خراپ بوو گوتی نا ( چاکترە تۆ و هەردی بە پێش کەون بۆ ئەوەی لەسەر کونە کۆتر توشی کێشە نەبین ئەگەر پێویستی کرد بەبێ چەک

بڕۆنە لایان بڵێن وا هاوڕێیانیش لە دواوە دێن تەقەیان لێ مەکەن و ئەوەندی دەتوانن هاوڕێیان دەرباز بکەن ئەوی دیکە بۆ من لێگەڕێن مام صالح بەس نەمرێ دەربازی دەکەم )ئەو قسەی هاوڕێ ( کانەبی بۆ من وەک ئەرک و بەرپرسیاریێتی بوو، بێ یەک و دوو قەبوڵم کرد،

ئیتر من و هاوڕێکەش زۆر بە پەلە ڕۆیشتین بۆ ئەوەی هاوڕێ ( هەردی ) بدۆزمەوە و ئەو ڕاسپاردەی هاوڕێ ( کانەبی ) پێبگەیەنم و بە ئەرکی خۆمان هەستین ، لە ڕێگا دەگەیشتمە هەر هاوڕێیەک پرسیاری ( هەردی ) م لێدەکرد ، تا گەیشتمە هاوڕێ ( شوانە ) لە ڕۆخی ڕێگا هەر لە شێوەی هاوڕێ ( کانەبی ) لەسەر بەردێک دانیشتبوو ، ماندوو و هیلاک هەر ئەوەتە تاقەتی مابوو وەڵامی دامەوە گوتی ( تازە ڕەت بوو ) ، کەمێکی دیکە پێم هەڵگرت و خێراتر ڕۆیشتم هەر لە دووری سەد مەترێک پێی گەیشتم ،سەرەتا ئەوەندە ماندووبووم هەر تەنها توانیم پیلی بگرم و دانیشم کە منی ئەوها بینی ئەویش ڕاوەستا و کەمێک پشوم دا لەسەر بەردێک دانیشتم ئەو هەر بە دیارمەوە وەستابوو دیاربو وەزعی لە من باشتر بوو ماندووبوونێکی ئەو تۆی پێوە دیار نەبوو .

تەواوی ڕاسپاردەکەم پێی گوت و هەستاین هەر بە ڕۆیشتنی خێرا ڕۆیشتین تا گەیشتینە پێش هەموان .

دەنگی تەقەیەکی زۆر هات شکمان کرد ئەوە هێرشی جاش و جاشە بۆسەر کونە کۆتر کە سەنگەری پێشمەرگەی لێبوو دوای کەمێک تەقەکە کەم بۆوە ، هەرچەندە ڕێگایەکە ناخۆش و ڕک و خۆڵاوی بوو بەڵام ئاوێکی باشی

هه‌بوو له‌ ڕێگا هه‌ستی ده‌نگه‌ ده‌نگ و غه‌ڵبه‌ غه‌ڵبێكمان كرد ئاسایی نه‌بوو دواتر زانیمان ئه‌وه‌ هێزه‌ هێرش به‌ره‌كه‌ی ڕژێم بووه‌ شكاوه‌ و ده‌گه‌ڕێنه‌وه‌ شوێنی خۆیان .

به‌و شێوه‌یه‌ ڕۆیشتین هه‌ر چه‌ند من ته‌واو په‌كم كه‌وتبوو له‌ڕێگا چه‌ند جار دانیشتم و پشوم دا ، به‌ هاندانی هاوڕێ ( هه‌ردی ) نه‌با ڕه‌نگ بوو نه‌توانم بگه‌مه‌ شوێنی مه‌به‌ست ، به‌هه‌ر حاڵ گه‌یشتینه‌ نزیك لوتكه‌ دیار بوو كه‌م كه‌م ده‌نگی ته‌قه‌ ده‌هات ، كه‌مێك دانیشتین و هه‌ستمان ڕاگرت ده‌نگی ته‌قه‌ نه‌مابوو وه‌زعه‌كه‌ ئاسایی بوو به‌باشمان زانی زیاتر بچینه‌ پێشه‌وه‌ و خۆمان ئاشكرا كه‌ین بۆ پێشمه‌رگه‌كانی ناو سه‌نگه‌ره‌كان .

ته‌واو لێیان نزیك كه‌وتینه‌وه‌ و هاوڕێ ( هه‌ردی ) به‌ده‌نگی به‌رز بانگی لێكردن و گوتی ( ئێمه‌ پێشمه‌رگه‌ین و دێینه‌ لاتان ته‌قه‌ مه‌كه‌ ) باوه‌ڕیان نه‌ده‌كرد ده‌یانگوت ( بێنه‌ پێش لێتان ده‌ده‌ین )، به‌ هه‌ر حاڵ من گوتم ( كاكه‌ من بێ چه‌ك دێم بۆ لاتان و قسه‌ ده‌كه‌ین )، ئیتر چونكه‌ تفه‌نگم پێنه‌بوو هه‌ر ده‌مانچه‌م پێبوو چوومه‌ به‌رده‌میان ئه‌وان هه‌ر له‌ ناو سه‌نگه‌ر دا قسه‌یان له‌گه‌ڵ كردم و ته‌واوی تفه‌نگه‌كانیان ڕووله‌من بوو هێشتا هه‌ر دوودڵ بوون .

یه‌كیان دیاربوو به‌رپرسیان بوو هاته‌ ده‌ر و گوتی ( كه‌كه‌ چۆن باوڕ بكه‌ین تازه‌ هێرشیمان له‌سه‌ر بوو هه‌ر له‌و ڕێگایه‌ی ئێوه‌ هاتن هه‌ر به‌وێش داهه‌ڵاتن )، دیاره‌ ئه‌وانه‌ی له‌ ڕێگا به‌ نزیك ئێمه‌ دا ده‌ڕۆیشتن ئه‌وان بوون ، ئیتر له‌و قسانه‌ بووین هاوڕێ ( هه‌ردی ) له‌گه‌ل پێشمه‌رگه‌یه‌كی ( ینك ) هاتن و لێمان دڵنیابوون و له‌سه‌نگه‌ره‌كان هاتنه‌ ده‌ر و ورده‌ ورده‌ هاوڕێیانیش

دەهاتن ، نازانم چەند کەس لە هاوڕێیان گەیشتن بەڵام کەم نەبوون وردە وردە بەڕێمان کردن بۆ ئەو دیو و پێمان گوتن لە کوێ گەیشتنە ئاوەدانەیەک بمێننەوە تا هەموو دێین .

هاوڕێ ( هەردی ) پێشنیاری کرد ئێمەش وردە وردە بڕۆین بەڵام من گوتم نا من دەمێنمەوە هەتا ڕۆژ هەڵدێ ئەوکات دێم تۆ بڕۆ بەڵکو نان و چایەکمان بۆ پەیدا دەکەی ، ئەو ڕۆیشت و منیش کەمێک خەوم لێکەوت ، دەمەو بەیان تۆپ بارانێکی خەست دەستی پێکرد بۆ سەر شاخەکە و قەدی شاخەکە تۆمەز هەندێ هاوڕێمان شەو لە قەدی شاخ مابوونەوە کە دونیا ڕۆناک داهاتبوو دابویاننە بەر تۆپ و هەر بە تۆپ باران ڕاویان نابوون تا لە شاخ ئاودیویان کردبوون ، کە هەموو هاتن ئێمەش ڕۆیشتین بەرەو ئەولایەی هاوڕێ ( هەردی ) و ئەوان پێیدا ڕۆیشتبوون بەبێ ئەوەی بزانین چەند کەس هاتووە چەند بەجێماوە یان کێ چی بەسەر هاتووە ؟؟؟؟؟

## یەکگرتنەوە (٦)

بەرەبەیانی ٣٠ی ئابی ١٩٨٨ لە (کونە کۆتر) ئاودیوبووین، بەڵام زۆر بە پەرت و بڵاوی و لێکدابڕان. بەهەرحاڵ تا ڕۆژ بڵندی کرد و دڵنیابووم کەسی دیکە ناتوانێ لەبەر تۆپباران و هێرشی کۆپتەر لەو شاخە ئاودیوبێ، ئیتر بە ناچاری دەستمان کرد بە ڕۆیشتن بەسەر ئەو ڕێگایەی هاوڕێیانمان پێیدا ڕەوانە کردبوو، چونکە هاوڕێ (کانەبی و مام ساڵح و شەش هاوڕێی دیکە دیارنەبوون)، واتە بەجێمابوون، کە بەجێمان مانای فەوتانیان بوو زیاتر لە مانیان، ئەوەی کەمێک جێی دڵخۆشییمان بوو ئەوە بوو هاوڕێ (کانەبی)یان لەگەڵ بوو، کە خۆی لە خۆیدا دڵنەوایی دەداینێ مەگەر هەر خوا دەنا هەر دەربازیان دەکات، چونکە ئەو هاوڕێیە دەیان حالەت و بارودۆخی لەو بابەتەی دیتبوو وەک دەڵێن (گورگی باران دیتە بوو)، بە ئاسانی تێنەدەکەوت. زۆر لەو کارانە شارەزا و کارامە بوو، لە ڕێگا لە هەر پەنایەک یەک دوو هاوڕێمان دەدۆزیەوە کە زۆربەی ئەوانەی ڕەوانەمان کردبوون لە لەبەر هیلاکی و بێخەوی ڕێگا، لە ڕێگا لایان دابوو و خەوتبوون، (مام سەید عەلی جەباری) ئەوەندە بە شێوەیەکی خراپ و نارێک پاڵ کەوتبوو وامزانی مردووە، زۆر بەشێوەیەکی سەیر بانگم کرد، ئەو زۆر بەبێ تاقەتی وەڵامی دامەوە، ئەوجا دڵنیا بووم زیندووە، ڕۆیشتین تا گەیشتینە ناو یەک دوو ماڵە ڕەشماڵ، دیاربوو هاوڕێ (هەردی)یش لە ناو ڕەشماڵێک لێی خەوتبوو، دیاربوو شتێکیشی خواردبوو، داوای لە ئێمەش کرد

دابنیشین، بەڵام سەیرم کرد شوێنەکە بچووکە و ئێمەش زۆرین، بۆیە بڕیاری ڕۆیشتنمان دا، هەر ڕێگا و ڕێگا ڕوو لە دوندی قەندیل بە بەری دەستەڕاست، دەستەچەپیشمان دۆڵێکی زۆر گەورە و جوان و دڵڕفێن بوو، بەو چلەی هاوینەش سەرما بوو، هەتا کاتی نیوەڕۆ، پڕ لە ماڵ و گوندی بچووک بچووک بوو، یەک پارچە دار و درەخت بوو، دۆڵەکە وەک حەوزێکی سەوز وابوو پێیان دەگوت؛ (دۆڵی باڵەییان).



دەریا ، ....... کاوە کەلکە سماق، یوسف حەساری ،چەتۆی بەڕانەتی ، سەید عەلی جەباری ئەبوجاسم ،قاسم گەرمیان
دکتۆر هۆشەنگ ........ مام جوامێر ،ئەبو زەهرە ، ئاشتی

## نان خواردن و پشوودان

دەمەو نیوەڕۆ گەیشتینە هەندێ ڕەشماڵی چۆڵ، بەڵام هەموو پێویستییەکیان تێدابوو لە نان و چا و پێخەف، دیاربوو هەر لەبەر تۆپباران ئەو بەیانییە چۆڵیان کردبوو، یان هەر ڕەنگە بۆ کاتی ڕۆژ چۆڵکرابوو، لەناو ڕەشماڵێک بۆ پشوودان دانیشتین و کەمێک حەساینەوە، هاوڕێیان هەندێک برنجیان دیتەوە، منیش گەڕام قووتوویەکی ڕۆنم بەدیکرد، دیاربوو خوێی تێدابوو، لە ناو خوێیەکەش پارچەیەکی چەوری دونگی مەڕی تێدابوو، هەندێک دۆشاوی تەماتەشیان دیتەوە، برنجە سوورەیەکی زۆر خۆشم لێی دروست کرد و تێرمان خوارد و چایەکی چاکمان لێنا، بەگشتی تێرمان خوارد و پشوویەکی باشمان دا، دەنگی تەقەیەکی زۆریش دەهات لەسەرووی ئێمە بەرەو خوار، دیار بوو دۆشکەی پێشمەرگە بوو.

دوای ئەو پشووە بە ڕێکەوتین بەرەو سەرەوەی خۆمان و هەندێک بەتانیشمان لەگەڵ خۆمان برد بۆ ڕێگاکە، چونکە شەوانی قەندیل زۆر ساردە و لە چلەی هاوینیش پێویست بە پێخەفی باش دەبێت، وردە وردە سەرکەوتین تا گەیشتینە شوێنێکی گۆڕاییی گەورە کە پێیان دەگوت؛ (کۆترەل). بارەگایەکی پێشمەرگەی لێبوو، هەر ئەوانیش بوون تەقەی دۆشکەیان بۆ خوارەوە دەکرد، کەرتی ڕێکخستنی کاک (شاخەوان عەباسی ینک) بوون، ئەو پێشمەرگەی سەر دۆشکەکە برادەرێکی منداڵی خۆم بوو بەناوی (یوسف)، کە ئێمەی دیت پێی سەیر بوو لە کوێ هاتووین، چونکە کاری ئەو ئەوەبوو هەر جوڵەیەک لە

پێش خۆیان ببینیێ، تەقەی لێبکات، زۆر لای سەیر بوو کە گوتم ئێمە لە پێش نیوەڕۆوە لێرەین و نانیشمان حازر کردووە و ..... هتد.


## دەستنیشانکردنی بەرپرس

ئێوارە لە بارەگای ئەوان نانمان خوارد و شەویش هەر لەوێ ماینەوە، خەوێکی باشمان کرد، بەیانیش هەر نان و چاییمان لەو بارەگایە خوارد و دواتر لەسەر پێشنیاری هاوڕێ (مام سەید عەلی جەباری) دانیشتنێکمان کرد کە ئەو بەڕێوەی دەبرد، دوای گفتوگۆ هەر ئەو پێشنیاری کرد ناکرێ ئێمە بەرپرسێکمان نەبێت مادام هاوڕێ (کانەبی) دیار نییە باشترە کەسێک بۆ ئەو کارە دەستنیشان بکەین و چاکترە بە هەڵبژاردن بێت، هەمووان بە پێشنیارەکە ڕازی بوون. دەست کرا بە دەستنیشان کردن، هەر کەسە و کەسێکی دەستنیشان دەکرد، بە گشتی من وەک بەرپرسی سەربازی دەستنیشان کرام و لە جیاتی هاوڕێ (کانەبی) هاوڕی (سەید عەلی)یش وەک بەرپرسی سیاسی و کەسێکی دیکەیش وەک بەرپرسی دارایی دەستنیشان کرا، هەرچەندە من گوتم پێویست بە هەیئە ناکات و تا کاتی پێویست بە کاری هاوڕێ (کانەبی) هەڵدەستم، دیاربوو هاوڕی سەید وای پێباش بوو.

## کێشەی پێکەنیناوی

شایانی باسە لە کاتی دەستنیشان کردندا من هاوڕێ (هەردی)یم دەستنیشان کرد، هاوڕێ (حاکم وریا)ی گەرمیان کردی بە کێشە و دەیگوت

هاوڕێ هەردی عەشایەرە و پێشمەرگە نییە، چۆن دەبێت ئەو بەرپرسیارێتییەی پێبدرێت؟! چۆن دەبێت عەشایەر ببێتە بەرپرسی من کە چەند ساڵە پێشمەرگەم و .....هتد وایدەزانی دەکرێتە وەزیر!!



هاوڕێ حاکم وریای گەرمیان

دەبێت بڵێم لە تەواوی ڕێگا هاوڕێ (حاكم وريا) لەگەڵ زۆربەی هاوڕێیان بەشەڕ هات، تەنانەت قسەی ناشرینی بە هاوڕێ (مام ساڵح)یش گوت، یەک پارچە موشکیلە بوو، _هەر چەندە کوڕێکی پاک و دڵساف و پێشمەرگەیەکی مەفرەزە سەرەتاییەکان بوو_ کە ئەرکەکە خۆی لە خۆیدا تەنیا ماندووبوون بوو، خزمەتکردنی هاوڕێیان بوو.

دانیشتن تەواو بوو، داوایان کرد ئاژەڵێک بکڕین بۆ سەربڕین و نیوەڕۆ لەو سەر کانیاوە ساردەکەی (کۆترەل) بیخۆین، (لێرە کەڵکمان لەو پارەیە وەرگرت کە لە ڕێگا هاوڕێ کانەبی دابەشی کرد و (٥٠٠) دینار لای من بوو، (٥٠٠) دیناریش لای مام سەید عەلی بوو)، وابزانم هاوڕێ (هەردی)مان بۆ ئەو کارە ڕاسپارد و بەڕێکی جێبەجێی کرد و بۆ نیوەڕۆ یەک مەنجەڵ گۆشت هەر بە ئاوی خۆی حازر کرا و لە بارەگای (ینک)یش نان هات .

بەرلەوەی نان بخۆین، من هەر لەسەر ڕێگا بووم، هەرچی دەهات پرسیارم دەکرد و تاقیبی چارەنووسی هاوڕێیانی بە جێماوم دەکرد، کاتێکم زانی (عەلی کوڕی مام ساڵح) بە دیارکەوت، کە یەکێک بوو لە بەجێماوەکان و هاتە لامان و هەواڵی هەمووانی پێداین کە بەسەلامەتی شەوی دووەم دەرباز بووبین، ئیتر بەیەکەوە نانمان خوارد و بۆی باس کردین کە چۆن دوێنێ شەو لەبەرئەوەی (مام ساڵح) نەیتوانیوە بڕوات، ناچار هەر لەبن گابەردە گەورەکەی سەر ڕێگا خۆیان حەشار داوە و شەوی دواتر خۆیان دەرباز کردووە و لە ڕێگا چەند جار لەگەڵ جاشە هێرشبەرەکان تێکەڵی یەکتر بوون و دەربازبوون. بەرلەوەی

گۆشتەکە دابەش بکرێ، گوتم (هەرچی جەرگ هەیە بۆ ئەوانی دابنێن)، چونکە دەبوو (عەلی) بگەڕێتەوە و ئەوان لەگەڵ خۆی بهێنێت، دوای نان خواردن وڵاخێکمان بۆ کڕین هەر بەو پارەی لامان بوو، خواردنێکی زۆرمان بە (عەلی و هاوڕێیەکی دیکە)دا بۆ ناردن.

## هاتنەوەی هاوڕێیان

دەمەوئێوارە هاوڕێ بەجێماوەکان گەیشتنە لامان، بەڵام تەنیا (٧) کەس بوون، هاوڕێیەکمان بە ناوی (هیمداد) لە ڕێگا دابڕا بوو، چارەنووسی ئەومان بزرکرد، هاوڕێ (کانەبی) کارەکانی ئێمەی پێباش بوو و دەستخۆشی لێکردین بۆ ئەو کارەی لە دوێنێوە پێی هەستاوین، چ لەودیو و بەڕێکردنی هاوڕێیان چ لەمدیوە لە سەرپەرشتی کردن و ڕێکخستنەوەی هاوڕێیان دا.

ئێوارەش هەموو بەیەکەوە نان و گۆشتێکی باشمان خوارد و چایەمان لێنا و پشوویەکی باشمان دا، ئەو شەوەش هەر لەو شوێنەی پێی دەگوترا (کۆترەل) و لە نزیک بارەگاکەی (ینک) ماینەوە و بڕیار درا (سەعات چواری بەیانی) بەر لەخۆرهەڵاتن بەڕێ بکەوین، چونکە ڕێگای سەرکەوتن زۆر بەرز و ڕک بوو و ئەگەر تووشی هیچ پێشهاتێک نێین چوار سەعات ڕۆیشتنی بێ وەستانی دەوێ، بۆیە دەبێت بەر لە گەرم داهاتنی خۆر بگەینە سەرەوە، بەتایبەت کە بە ئاراستەی خۆر دەڕۆین (ڕوو لە ڕۆژهەڵات)، گەرمی بکات زۆر زەحمەت دەبێت. شوێنی ئاودیوبوونەکە پێی دەگوترا (شێخ شەرۆ یان شێرۆ).

# شەهیدبوونی سەرکردە (٧)

سـەعات چـواری بەرەبەیـانی( ٣١ی ئـابی ١٩٨٨)، لەو شـوێنەی پێـی دەگوترا (کۆترەل) کە ڕۆژێک و دوو شەوی لێمابووینەوە و پشوویەکی چاکمان دابـوو، دەکـرێ بڵـێم بەتەواوی مانـدووبوونی ڕێگامـان ڕەوی بـۆوە و تەواو هـاتبووینەوە سـەرخۆ، دەستمان کـرد بە پێداهەڵگەڕانی (شـاخی قەنـدیل) بەرەو ڕۆژهەڵات، لەو شـوێنەی (دونـدی قەنـدیل) دەکەوتە دەسـتەچەپمان بەرەو شـوێنێک پێـی دەگـوترا (شـێخ شـەرۆ) کە خـاڵی پەڕیـنەوە بـوو بـۆ ئەودیـو.

سروشـتی شـاخەکە لەو شـوێنە هەنـدێک سـەیرە، بـانی لە دوای بـانییە لـوتکەی سـەری دیـار نییە یـان لـوتکەی هەر نییە، کۆتـاییەکەی زینـوێکە و گۆڕەپـانێکی گەورەیە، بە شێوەیەک هەرچەند سـەردەکەوی بـۆ بـانی کە لێت دیارە، بانی دیکە بەدیـار دەکەوێ، بەگشتی تـا دەگەیە سەرەوە شەش بانیی وا دێتە ڕێت، نێوان هەر بانییەک لەگەڵ هەر بانییەک (٣٠ - ٤٠) دەقیقە دەبێت، بەگشـتی زیـاتر لە چـوار سـەعاتی تەواو دەبێـت، ئەوە ئەگەر سـەڵتە زەلام بەبـێ هیچ ئاستەنگ ڕێ بکات دەنا زیاتریشە.

بۆ ئێمە زۆر زەحمەت نەبوو، چونکە مـاوەی ئەو دوو شـەوەی ڕابـردوو بـاش حەسابووینەوە و برینـدار و نەخۆشیشمان لەگەڵ نەبوو جگە لە هاوڕێیـان (کـانەبی و مـام سالح)، بـۆ ئەوانیش دوو وڵاخمان ئامـادە کردبـوو، هـیچ کێشـەیان نەبـوو، زۆر بە خۆشی و ئیسراحەت سەردەکەوتن.

## دیسان کێشەی حاکم وریا

لە ناکاو هاوڕێ (حاکم وریا) بەشێوەیەکی زۆر ناخۆش و سەیر گوتی؛ (هاوڕێیان بوەستن !!!!!! ئەلبوومەکەم لە شوێنی خەوتنی ئێوارە لەبیر کردووە!). هاوڕێیـان هەر یەکە و بەشـێوەیەک ڕەدی دایەوە و خۆیـان لێـی تـوڕە کـرد، (هـاوڕێ کـانەبی)یش هەروا بەتـوڕەیی گـوتی؛ (ئەوجـا چ بکەیـن خـۆ ئەو مەفرەزەیە لەبەر خاتری ئەلبوومی جەنابت ناگەڕێنمەوە، بڕۆ بەتەنیا بیهێنەوە و وەرەوە، ئێمە ئێستا لەسەرەوە پشوو دەدەیـن)، بەڵام حاکم ڕێی دانەگرت بە تەنیا بڕوات، منیش زۆر هانم دا، چونکە ئەلبوومەکەی زیاتر لە (٢٠٠) وێنەی زۆر نایابی تێدابوو، هەر ئەرشیڤێک بوو بۆ خۆی، بزربوونی خەسارەت بوو .

دەوری سەعات هەشت گەیشتینە سەر بانیی شەشەم و هەوراز کۆتـایی هـات، بەڵام چی ببینین، گۆڕایی (شێخ شەرۆ) یەکپارچە بەفرە، کە ئێمەی شـاریی لە چـلەی زسـتانیش شـتی وا نـابینین، بەو (٣١ی ئـاب)ە هەمـووی بەستوویەتی، ساردیەک هەر مەپرسە، هەر چواردەورمان هەر بەفر بوو، بەتایبەت لای دەستەڕاستمان، چونکە نسار بوو، قەدپاڵی شاخ هەتا بلێی بەفری زۆر بوو، لە هەندێک شوێن بە هۆی دارمان دیاربوو زیاتر لە بیست مەتر بەرزی هەبوو، هێندە کۆن بوو ڕەنگی خۆڵ و خاکی گرتبوو، نزمایی و دۆڵەکەی پێشمان یەکپارچە بەفر داپۆشی بوو، لەبەرئەوەی لە هەوراز سەرکەوتبووین، کەمێک ئارەقەمان کردبوو، زیاتر سەرمامان بوو، ناچار کەمێکی دیکەش ڕۆیشتین تا ڕۆژ زیاتر گەرمی کرد و ئارەقەکەی ئێمەش وشک بووەوە، ئەوجا توانیمان دابنیشین بۆ ئیسراحەت و نان و چا خواردن .

بێگومـان بـۆ چـا دروسـت کـردن ئـاگرکردنەوە پێویسـتە، کە لەو شـوێنە پـڕ بەفـر و بـێ دارە زۆر زەحـمەتە، ئەو بـرادەرانەی کەمێـک شـارەزاییان هەبـوو هەنـدێک (بـنە گـوینی ـ گیـایەکی دڕکـاوی کوێسـتانە و کەتیـرەی لـێ دەردەکـرێ و زۆر بەئاسـانی گـڕ دەگـرێ) وشـکیان کـۆکردەوە، (هـاوڕێ هەردی)یش باورتی چەند فیشەکێکی بەتاڵ کرد و لە بنی ڕووکردن، باش بوو ئاگری گرت و چایە ساز بوو، دەست کرا بە نان و چا خواردن بەبێ پێخۆر، هەر نانی وشک و چا، بەڵام بۆ ئەو کات و شوێن و دۆخە گەلێک زۆر بوو.

## کاک ئازاد هەورامیی بریندار

خەریـک بـوو تەواو دەبـووین، مەفرەزەیەکـی (ینـک) بەدیـار کەوتـن کە ژمارەیان (١٠- ١٢) پێشمەرگەیەک دەبوو، ئافرەتێکیشـیان لەگەڵ بـوو، دیـاربوو تووشی ڕووداوی نەخوازراو ببوون و برینداریکیان لەسەر دارەبەست بە چوار کەس هەڵگرتبوو، کە گەیشتنە لای ئێمە یەکسەر دانیشتن، زۆر مانـدوو دیـاربوون، لەو شـاخە سـەخت و ڕکە بەو دارەبەسـتە و برینـدارەوە هـاتبوون، ئـێمەش بەشـبەحاڵی خۆمـان بەرەو پیریـان چـووین و دارەبەسـتەکەمان لێـوەرگرتن و هێنامـاننە لای خۆمان، دیاربوو بریندارەکە وەزعی زۆر خراپ بوو، هەوڵی ئەوەیان دەدا هەرچی زووە بیگەیەنـنە ئەودیـو و لەوێ بە سـەیارەی پاسـداری ئێرانـی یـان سـەیارەی قاچاخچییەکان بیگەیەننە شارەکانی ئێران بۆ چارەسەری.



شەهید ئازاد هەورامی ، شنۆخانی خێزانی

زۆر ماندوو و برسی بوون، بە ئازایی هەندێک نان و چایمان بۆ دانان، لەو کاتە زانیمان ئەو برینداره کاک (ئازاد هەورامی)یە، یەکێک لە سەرکردە مەیدانییەکانی هێزی پێشمەرگەی (ینک)ە و دوێنێ لە ناو یەکێک لە

گوندەکانی دۆڵی (باڵەییان) بەر بۆمبابارانی تەیارەی (پیلاتۆس) کەوتووە و زۆر بەخەستی بریندار بووە. ئافرەتەکەش (شنۆ خان)ی خێزانیەتی، ئەویش کەمێک بریندارە، بەڵام بە سووکی.

من کە ئەوەم بیست چووم بەدەمییەوە کووپێک چایە و هەندێک نانم بۆ برد، دیاربوو کەسێکیان لەگەڵ بوو وەک دکتۆر یان شارەزا لە کاری پزیشکی کە بینی من پەرۆشی بریندارەکەم، نان و چایەکەی بۆ خۆی وەرگرت و گوتییە من کە کووپێک چای شیرین و کەم ڕەنگ بۆ بریندارەکە ئامادە بکەم، ئەویشم ئامادە کرد و هێنام، (دکتۆر)ەکە گوتییە من؛ (هەوڵبدە بیخە باوەشی خۆت و چایەکەی بە دەمییەوە بکە با کەمێک چای شیرین بخواتەوە)، چی پێم گوت وام کرد، هەتا ڕادەیەکی باش (کاک ئازاد) ئاگای لەخۆی بوو و چایەکەی بە ئاسایی خواردەوە، لەوکاتە سەیری برینەکەییم کرد، لای چەپی بەتەواوی برین بوو، هەر لەسەری هەتا ناو قەدی بەدەستی چەپیشییەوە، هەستم کرد خوێنی زۆری داناوە، چونکە خەریک بوو لە هۆش خۆی دەچوو، پێشمەرگەکانیش نان و چایەکی بە پەلەیان خوارد و بەرپرسەکەیان(کە دکتۆرەکە بوو _وەک دواتر زانیم دکتۆر زریان بووە) داوای لە ئێمە کرد ئەگەر بکرێ یارمەتیان بدەین تا خوارەوە، چونکە ئەوان زۆر هیلاک و ماندوون، چەند هاوڕێیەکمان ئامادەییان نیشان دا و دارەبەستەکەیان بۆ هەڵگرتن و بەرەو خوار ڕۆیشتن، یەک لەو هاوڕێیانە (کارزان چاوشین)ی هەولێر بوو، ئێمەش هەر لە دوای ئەوان خۆمان کۆکردەوە و بەرەو خوار ڕۆیشتین.

# پردی بەفر

لە ڕێگا کە هەمووی نشێو بوو لە چەند شوێنێک پردی بەفرمان بینی، من یەکەم جارم بوو پردی بەفر ببینم، پرد هەبوو زیاتر لە (٤٠) مەتر درێژی دەبوو، ئەو هەمـوو خەڵـک و بـار و جەڵەبـی ئـاژەڵەی بەسـەردا دەڕۆیـی و لە ژێرەوەش ئاو دەڕۆیی، زۆربەی پردە بەفرینەکان لەشێوەی پردەکەی زاخۆ بوون، ئاو و هەوای ناچەکە زۆر فێنک و خۆش بوو، بە شێوەیەک هیچ هەستمان بە ماندوویەتی نەدەکرد ئەوەندە ئاو و هەوایەکی پاکی هەبوو.



نزیکەی سەعات و نیوێک یان دوو سەعات شۆڕبووینەوە تا گەیشتینە شوێنێکی قەرەباڵغی پڕ خەڵک و پێشمەرگە و هەندێک ماڵە پێشمەرگە و بارەگای پێشمەرگەشی لێبوو، (وابزانم بارەگای ڕادیۆی ینک) ئەوکات لەوێ بوو، سیم و ڕایەڵی تەل و بورجی ڕادیۆکە دیاربوون، شوێنێکی زۆر خۆش و دڵڕفێن بوو، پڕ ئاو و بەفراو هەتا ڕادەیەکیش گۆڕاییی بوو، پێیان دەگوت؛ (شێخ ئایش)، چەند دوکانێکیشی لێبوو، هەموو شتەکانی ئێرانی بوو هەر لە خواردن و خواردنەوە هەتا جگەرە و شەکر و چا، ڕێگای سەیارەشی بۆ دەهات ،مامەڵە بە هەردوو دراوی ئێرانی و ئێراقی داکرا . لەوێ لەگەڵ ئەو هاوڕێیانەی کە دارەبەستەکەی کاک (ئازاد هەورامی) لەسەر بوو و گەیاندبوویانە جێ، یەکمان گرتەوە، بەڵام بە داخی زۆرەوە لەوانمان زانی کە بەر لە گەیشتنی بە سەیارە گیانی پاکی بە کوردستان بەخشیوە کە بۆ ئێمە هەواڵێکی خەمناک بوو.

لەو گۆڕاییە بارەگایەکی لێبوو لەگەڵ ماڵی کاک (عەبدوڕەزاق- بەرپرسی کەرتێکی ڕێکخستنی ینک)، کە هەم بارەگاکە هەم ماڵەکە بە تەواوی لەخزمەتی پێشمەرگە و خەڵک دابوون، هەموو پێویستی لە خۆراک و پێخەف ئامادە کرابوو، بۆ هەر کەسێک پێویستی پێبێت بێ بەرامبەر و بێئەوەی بپرسن تۆ کێی و سەر بە چ لایەنێکی، ئێمەش چووین هەندێک ئارد و ڕوون و خوێ و چایە و شەکر و پەرەمێزێکمان هێنا و دەستمان بە ناوسێری (نان ساجی) دروست کردن کرد، (سەیر لەوە دابوو سەعات لە دەوری (٣٠-١١)ی نیوەڕۆ بوو لە بەر ڕۆژ و لەبەر ئاگری پرێمز ناو سێرییم دەکرد، پشتم سەرمای بوو، ناچار

پشتی خۆم بەو بەرگە دۆشەکە داپۆشی کە لە بارەگای بەرەکەی خۆشناوەتی هێنابووم و لە ڕێگا وەک پێخەف و ڕایەخ بە کارم دەهێنا ).

نان و چا و ناوسێرییمان خوارد و پشوویەکی باشمان دا و کەلوپەلەکانمان گەڕاندەوە ماڵی کاک (عەبدوڕەزاق) و دۆڵاودۆڵ بەرەو (کوێستانی گوێزێی سەر سنور) بەڕێ کەوتین، کە بارەگای هاوڕێیانی خۆمانی لێبوو. ڕێڕۆیشتنەکەمان زۆرخۆش بوو، ئاو و هەوای فێنک و دیمەنی جوانی کانیاوی بەفرینی کوێستانەکانی قەندیل هەتا بڵێی جوان و دڵگیربوون، جگە لەوەی دۆڵەکە پڕ ماڵە ڕەشماڵ و کوێستانچی بوون، لەهەر ماڵێک یان ڕەشماڵێک دۆی سارد و فێنک حازر بوو، هەر سڵاوت بکردایە جامە دۆ ئامادەبوو، هاوڕێ (هەردی)یش بۆ ئەو کارە چەند مەکرۆ بوو، هەر وای دەکرد بە قسەی پان و لووس جامە دۆی سارد و ترشی وەردەگرت و بە یەکەوە دەمانخواردەوە و ڕێمان دەکرد، چونکە زۆربەی کات لە پێش مەفرەزەکە بەیەکەوە دەڕۆیشتین .

دەمەوئێوارە گەیشتینە شوێنێکی دیکەی خۆشتر و پڕ ماڵ و ڕەشماڵتر، ژمارەیان (١٥ - ٢٠) ڕەشماڵ دەبوون، هاوڕێیان پێیان باش بوو ئەمشەو لەو ڕەشماڵانە بمێنینەوە.

## هەڵوێستی ژنە کوێستانچی

ئێوارە دابەشی سەر ماڵەکان بووین و من و هاوڕێیەک چووینە ماڵێک کە تا ئەو کاتە تەنیا ژنێک و دوو سێ منداڵی ورتکەی لێبوو، کە دیتم پیاو لە ماڵ نییە ویستم بگەڕێمەوە، ژنی ماڵەکە دیاربوو ژنێکی مەردانە بوو

گوتی؛ (بۆ دەگەڕێنەوە ئێستا پیاومان دێتەوە، دوایە خۆ ئێوە نان و پیاو ناخۆن فەرموون دانیشن تا نان و چا حازر دەبێت پیاویشمان دێتەوە ).

هەر وابوو، دوای کەمێک پیاوەکە تفەنگێکی بڕنەوی لەشان بوو لەگەڵ خەریتە فیشەکێکی لە پشت بەستا بوو، بە خۆی و مێگەلەکەی هاتەوە و بە خێرهاتنێکی زۆر گەرم و گوڕی کردین و نان و چامان خوارد و ویستمان بڕۆین، کابرا ڕازی نەبوو، گوتی؛ (خۆ ئێرە مزگەوت یان شوێنی وای نییە لێی بخەون تا بەیانی لەگەڵ ئێمە بخەون و دوای نانی بەیانی بڕۆن)، خۆی لە ڕاستیدا هاوڕێیانیش هەروایان پێگوتبووین، ئەگەر کرا لە ماڵەکان بخەوین .

ئیتر تا شەو درەنگی کرد هەر بەقسەی خۆش و بەسەرهاتی ڕێگا لەگەڵ یەک دواین، دیاربوو خەڵکی دەوروبەری ڕانیە و بەستەسێن بوون، هەر بۆ مەڕ لەوەڕێن و کوێستانچیەتی هاتبوونە ئەو ناوچەیە، وابزانم بەو دۆڵەیان دەگوت؛ (دۆڵە لێنێ ).

# گەیشتن بە سەر سنوور (٨)

بەیانی ١ی ئەیلوولی ١٩٨٨ لە ناو ڕەشماڵەکانی (دۆڵە لێنێ) کە شەو لێی مابووینەوە، بەڕێکەوتین بەرەو شوێنی مەبەست کە هەواری (گوێزێ)ی سەر سنورە و ماوەیەکە هاوڕێیان بارەگای هاوینەیان لێ داناوە .

ڕێگاکەمان بە گشتی هەورازی نەماوە، دەکرێ بڵێین هەر کەمە نشێوێکە و بە ڕۆخی ڕووبارێکی بچووک کە پێک دێت لەو ئاو و کانیاوانەی لە کوێستانەکانی قەندیل دێنە خوارەوە. دیمەنێکی جوان و سەرنجڕاکێش دەبەخشنە ناوچەکە بەگشتی و هەوایەکی پاک و سازگاری پێدەبەخشن، لەگەڵ دابینکردنی پێویستی ئاژەڵداریی. بۆیە ناوچەکە پڕە لە ماڵە ڕەشماڵ و ئاژەڵدار کە زۆربەیان خەڵکی دەوروبەری ڕانیە و قەلادزێن، بەڕاستی چاوتێر و دڵفراوان و میوان دۆستن.

بەر لە نیوەڕۆ گەیشتینە شوێنێک تاڕادەیەک فراوان بوو، هەندێک دوکان و بازاڕیشی هەبوو، پێیان دەگوت (تاتی دۆ)، کەمێک پشوومان دا و پێویستی خۆمان کڕی (یەکەم جار لەوێ جگەرەی تیری ئێرانیم کڕی کە زۆر لە سۆمەری خۆمان چاکتر بوو ).



نیوەڕۆ لای هەندێک ڕەشماڵی دیکە پشوومان دا و نان و چاییمان خوارد و بەڕێکەوتین، ڕێگاکەمان هەر لەگەڵ ڕێڕەوی ڕووبارەکە بوو، ئەو شەوەیش هەر لە ناو ڕەشماڵەکانی ئەو دۆڵە ماینەوە.

## دیمەنێکی جوان و سرنج ڕاکێش

ئێوارە من و هاوڕێیان (پۆڵا و نادیە_ کە دو پێشمەرگە و ژن و مێرد بوون) میوانی ماڵێک بووین، ماڵەکە ژنێکی پیریان هەبوو کە زانی (نادیە) عەرەبە و ئافرەتە، زۆر لای سەیر بوو، هەر دەهاتە بەرامبەری دەوەستا و دەستی دەخستە ژێر چەناگەیی و بە سەرسوڕمانەوە سەیری هاوڕێ (نادیە)ی دەکرد.

بەر لە نان خواردن هاوڕێ (نادیە) هەستا چووە سەر کانی بۆ ئەوەی دەست و پێ و گۆرەویەکەی بشوات، ژنەکە یەکسەر سۆل (نەعلی) بۆ دانا هەر

لەبەرئەوەی ژن بـــوو، بەڵام (نـــادیە) کە تەواو بـــوو لەبیـــری کـــرد نەعـــلەکە لەپێبکـــات، چـــونکە ئەو مـــاوەیەکی زۆر بـــوو پێشـــمەرگە بـــوو، وەک هەر پێشمەرگەیەکی دیکە هەڵسوکەوتی دەکرد_پێویستە بڵێم هاوڕێ (نادیە) تاکە هاوڕێی ئافرەت بوو دوای ئەنفالەکان لەگەڵ مێردەکەی مابۆوە، هەرچەندە حزب بڕیـاری دابـوو هەمـوو پێشـمەرگە ژنەکـان بـڕۆن بـۆ سـوریا، بەڵام ئەو ڕەتـی کردبـووەوە کە مێردی خۆی و هاوڕێیـانی دیـکە بەجێ بهێڵـێ بەهـۆی ئەوەی ئـافرەتە و ڕەنـگە نەتـوانێ لەو زروفە بەرگە بگـرێ_ ،سۆلەکانی لەبیـر کـرد و پێڵاوەکەی خۆی لەپێ کرد ،هەتا ڕادەیەک بووە پێکەنین .

بەیـانیش هەروا دوای نـان خـواردن بەڕێکەوتـین، دەم ڕووبـار و دەم ڕووبـار، نیـوەڕۆش هەر لە نـاو ئەو ڕەشـماڵانە نانمـان خـوارد و بە ڕێکەوتیـنەوە، دیـاربوو ڕێگاکەمـان هەر لەگەڵ ڕێـڕەوی ئـاوەکە بـوو، لە ناکـاو دیمـان ئەو ڕووبـارە لە نێوان هەندێک بەرد بزر بوو!!!!! من ئەو دیمەنەم لا سەیر بـوو، تـاوێکی بـاش بە دیارییەوە وەستام تا هاوڕێ (کانەبی) هات و گوتی؛ ((دەڵێن ئەو ئاوە لێرە بزر دەبێـت و لە (قـولەی ڕانـیە) کە سـەرچاوەی ئـاوی شـارۆچکەی ڕانـیەیە دەردەچێـت))، زۆر لام سـەیر و جـوانیش بـوو، بەتـایبەت کە گـوتی لە نـاو شارۆچکەی ڕانیە دەردەچێت!. چونکە چەنـد شاخ و دەشـتایی و دۆڵ دەکەوێتە نێـوان ئەو شـوێنە و شـارۆچکەی ڕانـیە، بەلانـی کەم دوو ڕۆژە ڕێ دەبـوو یـان زیاتریش.

لە شـوێنی بزربـوونی ئـاوەکە هەورازێکـی بچووکمـان هـاتە ڕێ، پێیـدا سـەرکەوتین و ئـاودیو بـوون، دیسـان گەیشـتینە شـوێنێکی فـراوان و پـڕ لە مـاڵە

مەڕدار و ڕەشماڵ، هەرچەندە کات زوو بوو، بەڵام هاوڕێیان پێیان باش بوو شەو لەو شوێنە بمێنینەوە و بڕیاردرا کە کاوڕێک بکڕین و بۆ ئێوارە بیخۆین، وابوو هاوڕێ (هەردی) و هاوڕێیەکی دیکە بەو کارە هەڵسان و بۆ ئێوارە خواردنێکی باش لەو کوێستانە فێنک و خۆشە ئامادە کرا و شەو لەوێ ماینەوە، ئیسراحەتێکی زۆر باشمان کرد.

بەیانی هەڵەنبەم ٤ی ئەیلوول بوو لەو شوێنە بەڕێکەوتین، بە قسەی هاوڕێیان قۆناخمان نزیکە و دوو سێ سەعاتێکی دیکە دەگەین، لە ڕێگا تووشی چەند هاوڕێیەکی خۆمان هاتین، دیاربوو دەچوون بۆ گۆڕینی هاوڕێیانمان کە لە سەر (شاخی تاتی دۆ) ڕەبیەیان هەبوو، وابزانم خاڵی گومرگ بوو، دوای کەمێک دانیشتن بەیەکەوە و هەواڵپرسین، خواحافیزیمان لەیەکتر کرد و هەر یەک بەرەو شوێنی خۆمان ڕۆیشتین.

## گەیشتنە شوێنی مەبەست

بەر لە نیوەڕۆ گەیشتینە هەوارگەی (گوێزێ) کە چەند بارەگایەکی هاوڕێیانی لێبوو، هاوڕێیانی ئێمەی سەر بە مەڵبەندی هەولێر لە دۆڵێک بوون، هاوڕێیانی سلێمانییش لە دۆڵێکی دیکە بوون بە تەنیشت یەکترەوە .

هەوارگەی (گوێزێ) هەوارگەیەکی کوێستانییە و دەکەوێتە سەر سنوور، شوێنێکی فراوان و پڕ کانیاو و دوکان و بازاڕ و خواردنگە بوو، خاڵی بەیەکگەیشتنی قاچاخچییەکان بوو، کە باریان لە هەردوو دیو دەگواستەوە، بازاڕێکی زۆر گەورە و بە هەرمێن بوو، ڕۆژانە چەندین سەیارە شتومەک لە

شـارەکانی ئێـران دەهـات و بە بـار و بە وڵاخ دەگـوازرایەوە دیـوی عێـراق و لەو دیوەش بە هەمان شت، خەڵکێکی زۆر بەو کارە خەریـک بوون، خاڵی سنووری ئێران سەد مەترێک لە بازاڕەکە دوور بـوو، کە بارەگـای ئەرتەش و پاسداریشی لێبوو، هەر یەکیان خاڵی پشکنین و بازگەی خۆی هەبوو .

من یەکەم جارم بوو قاچاخچی و باری وا زۆر ببینم، زۆر لام سەیر بوو، بۆ نموونە جارێکیان کاروانێک هـات نزیکەی (١٥٠) وڵاخ دەبوو، هەر یەکەی سێ گونیە (فەردە) بنێشتی (کوردی)یـان بـارکرد بـوو!، زیـاتر لە (٤٠٠) فەردە فستق لەسـەر یەک کـۆمەڵ کرابـوو، هەتـا دەستم لێی نەدا باوەڕم نەکرد ئەو هەمـوو فسـتقە بە قاچـاخ ئـاودیو بکـرێ، شـتەکانی دیـکەش هەروا، پـاکەتی (سـۆمەر) لە هەمـوو شت زیـاتر لە عێـراقەوە ئـاودیوی ئێـران دەکـرا، هەمـوو ئەو شتانەش گومرگیان دەدا بە بازگەی پێشمەرگە و ئەرتەش و پاسدار .

## دیسان ئەسپێ

ئەو دۆڵەی کە کرابووە بارەگا زۆر قەڵەباڵغ بوو، تەواوی ئەو هاوڕێیـانەی پـێش ئـێمە ڕۆیشـتبوون لەوێ بـوون، بە شـێوەیەک هەر بـن بەردێـک چەنـد هـاوڕێیەکی لێبـوو، چەنـدین چـادریش هەڵـدرابوون و هەموویـان پـڕ بـوون لە هاوڕێیان، کە زۆربەیان هاوڕێیانی بە تەمەن و نەخۆش و برینـدار بـوون، جگە لە هاوڕێیانی پێشمەرگە چەندین کەسی دۆستی خۆمان یان بەرگری میللی سەر بە خۆمان لەوێ بوون، بە شێوەیەک چادر هەبوو (١٠-١٢) هاوڕێی تێدابوو.

هەرچۆن بوو (مامۆستا لەشکری) دیاربوو ئەرکی دارایی پێسپێردرابوو، جێگای بۆ ئێمەش کردەوە و هەر دوو و سێ هاوڕێی بەسەر چادرێک دابەش کردین، هەرچەندە زەحمەت بوو، بەڵام قبوڵمان کرد و شەوی یەکەم بەو شێوەیە ماینەوە. من بەر چادرێکی هاوڕێیانی بەرگری میللییەکان کەوتم، کە ژمارەیان کەمتر بوو لەوانی دیکە، شەو تا بەیانی خەوم لێنەکەوت، هەموو گیانم دەخورا، بێئاگا لەوەی ئەو چادرە کەس لێی ناخەوێ لەبەر پیسی و ئەسپێ، چونکە هاوڕێیانی بەرگری میللی دیاربوو زۆر بێزار بوون لە وەزعەکە و چاوەڕێی هەلێکیان دەکرد بۆ گەڕانەوە بۆ ناو ماڵ و منداڵیان و هیچ بایەخیان بە پاک و خاوێنی نەدابوو، چادرەکەیان زۆر پیس بوو، بەشێوەیەک دواتر بینیم بە ڕۆژ ئەسپێ لە سەر ڕایەخەکان دەڕۆیشت .

هەرچۆن بوو بۆ بەیانی هەندێک جلوبەرگی پاکم لە هاوڕێ (هاواری مام عەلی کوتک) وەرگرت و خۆم و جلوبەرگەکەم شوشت و جێگام گواستەوە لای هاوڕێ (سۆرانە کەڕ) کە پێشمەرگەیەکی بەتالیۆنی خۆمان بوو، جێگایەکی بچووکی لە بن بەردێک ساز کرد بوو، جێگای سێ کەسی تێدا دەبووەوە، ئەوەندەی لە گوێزێ مامەوە هەر لەو شوێنە ژیام .

## کرم یان مێروو (حشرە)ی کوێستان

دوای مانەوەم لەگەڵ هاوڕێ سۆران لەو بن شاخە زۆرجار هەستم بە بۆنێکی زۆر پیس و بەهێز دەکرد ، بەمەزەندەی خۆم بۆنی ( تس __ فس ) ی هاوڕێ (سۆران)ە ، هیچ قسەم نەدەکرد و هەندێکجار لەبن بەردەکە دەچوومە

دەرەوە ، دیارە هاوڕێ (سۆران )یش هەر وای لێکدابۆوە کە بۆنی من بێت ، بەهەرحاڵ ماوەیەک بەوشێوەیە ڕابوورد .

دوای نیوەڕۆیەک هاوڕێ (کۆچەری هەورامان _ کە هاوڕێیەکیی تودەیی بوو ) هاتە لامان و خەریکی قسەوباسی گشتی بوون ، بینیم کرمێک یان مێروەکی بچووکی بەقەد یەک دەنکە شقارتەیەک دەبوو، ڕەنگ ڕەشی کەمێک سەر پشت سوور_ وەک کرمە بالیفۆکەی لای خۆمان_ خەریکە دێتە ژێر ئێمە ، منیش هەر بەئاسایی ویستم بیگرم و فڕێیدەمە دەرەوە ، هاوڕێ (کۆچەر) گوتی (نەکەی هاوڕێ ئێستا هەر دەستت بەری بکەوێ بۆنێکی زۆر پیس بەر دەدا کەسمان بەرگەی ناگرین و دەبێ شوێنەکە چۆل کەین) ، دیار بوو ئەو هاوڕێیە شارەزای بۆنی ئەو شتە پیسە بوو کە چەند ڕۆژ بوو ئیمەی خسبووە گومان لەیەکتری، دیارە ئەو کرمۆکە کوێستانیە ئەو بۆنە پیسە وەک وەسیلەی بەرگری لەخۆی بەکار دێنێ ، بەڕاستی من زۆر لام سەیر بوو کرمۆکەیەک بەو بچووکیە ئەو بۆنە زۆر و بێزارکەرەی هەبێ!!!!!!.

## لێبوردنی گشتی

ڕۆژی( ٦ی ئەیلوولی ١٩٨٨) لە ئێزگەی بەغدا لێبوردنی گشتی ڕاگەیەندرا کە زۆر کەس هەبوو چاوەڕوانی دەکرد بۆ ئەوەی هەرچی زووترە بگاتەوە ناو شار و بە ماڵ و منداڵ شاد بێتەوە، ئەوە بوو تەسلیم بوونەوە دەستی پێکرد و خەڵکێکی زۆر و پێشمەرگەش دەستیان کرد بە گەڕانەوە چ لە بارەگاکانی سەر سنوور و چ لە ناو شارەکانی ڕۆژهەڵات، خەڵکێکی زۆر

ڕۆژانە بەلای ئـێمەدا تێـدەپەڕین بـۆ (دۆڵە کـۆگە) و لەوێـوەش بـۆ قەڵادزە و خۆیان ڕادەستی ڕژێم دەکردەوە، کردارەکە ئەوەندە زۆر بوو (ینک) دەستی کرد بە گرتن و ئازاردانی ئەو خەڵک و پێشمەرگەی دەیانویست تەسلیم ببنەوە، کە ئەو کارەی (ینک) بەلای ئێمە باش نەبوو .

تا ماوەی شەش حەوت ڕۆژ هاوڕێیانی ئێمە کەس بیری لە تەسلیم بوونەوە نەکردەوە، زۆریش ئاسایی سەیری خەڵکمان دەکرد و هیچ کەس باسی تەسلیم بوونەوەی نەکرد، جگە لە هاوڕێیانی بەرگری میللی کە هەر زوو هەموویان خواحافیزیان کرد و گەڕانەوە بۆ ناو ماڵ و منداڵی خۆیان، پێم شک نایەت تا چەند ڕۆژێک هیچ هاوڕێی پێشمەرگەمان بیری بۆ تەسلیم بوونەوەش چووبێت هەتا ئاشبەتاڵەکەی هاوڕێ (ئەبو فارووق).

# ئاشبەتاڵەکەی ئەبوفارووق (٩)

ماوەی چەند ڕۆژێک بەسەر لێبوردنی گشتی (عەفو عام)ەکەی مانگی (ئەیلوولی ١٩٨٨)دا تێپەڕی، کەسێکی ئەوتۆ لە پێشمەرگەکانی ئێمە بەجێی نەهێشتین و باسی تەسلیم بوونەوە و شتی وا لەناو هاوڕێیان نەبوو یان زۆر کەم بوو تەنیا هاوڕێیانی بەرگری میللی هەر لە ڕۆژانی یەکەم بەبێ خواحافیزی لێکردین هەموو ڕۆیشتنەوە هەر لەو سەروبەندەشدا هاوڕێیانی کە کاتی خۆی بەرەو سنوورەکانی لای بادینان ڕۆیشتبوون و بە هۆی هێرشەکانی ئەنفال ئەوانیش لەگەڵ خەڵکی دەربازبووی ناوچەکە هەندێک وەک پەناهەندە چووبوونە ناو کەمپەکانی تورکیا و ئەوانی دیکەش هەر سنوور و سنوور هاتبوونە ناوچەی (شنۆ) و لەوێوەش بە یارمەتی برادەرانی (پدک) و بەسەیارە بەرەو لای ئێمە هاتبوون بۆ هەواری (گوێزێ).

## هاتنی هاوڕێیان

لە نیوەی مانگی (٩) بوو دەمەوعەسرێک بینیمان چەند سەیارە چەکدارێک هاتنە لای بارەگاکانی ئێمە، هەمووی هاوڕێیانی خۆمان بوون کە کاتی خۆی و بەسەرپەرشتی (مام خدر) بەرەو بادینان چووبوون لەگەڵ مەفرەزەیەکی (حسک - ئیتجاهی دیموکاتی شۆڕشگێڕ)، لەناویان تێبینی کەسێکی پیر و نابووت و هەندێک چڵکنم کرد گوتیان ئەوە هاوڕێ (ئەبو فارووق)ە، ناویم بیستبوو و ئەوەشم دەزانی ئێستا بەرپرسی یەکەمی (حشع)ە لە

ناوەوە، دیمەنەکەیم لاسەیر نەبوو، چونکە بیستبووم هەر بە سروشتی خۆی دژە پاک و خاوێنی و پۆشتەییە .

بە هەرحاڵ جێگا و ڕێگایان بۆ ڕێکخرا و هەموویان بە هاوڕێیانی (ئیتیجاه)یشەوە لە بارەگای ئێمە جێگایان بۆ کرایەوە، تەنیا پیاوە پیرە ناپۆشتەکە چووە بارەگای هاوڕێیانی سلێمانی .

دوو سێ ڕۆژ بەو حاڵە گوزەرا و کەسی وا لە هاوڕێیان وڕێنەی تەسلیم بوونەوەیان نەبوو، بارەگا تەواو قەرەباڵغ بوو، ئەوکات ئەرکی ناو بارەگا بە من سپێردرابوو هەر لە خەفارەت دەرکردن و دارهێنان (حملە حطب) و حەرەسیات و ئەرکێکی سەر چیاشمان هەبوو دەبوو حەفتانە بیانگۆڕین، ئەو کارە بۆ ئەو کات زۆر زەحمەت بوو، چونکە زۆربەی هاوڕێیان پیر و نەخۆش بوون ئەوەی دیکەش خۆی بە نەخۆش دادەنا، چەند هاوڕێیەکی کەم نەبێت هەموو کارێکیان ڕادەپەڕاند زۆربەی ئەکە قورسەکانیان ڕادەپەڕاند، لە نان خواردن و چا خواردنیش هیچ بەر نەدەکەوت ئەوەندە زۆر بوون .

بەیانییەک هاوڕێیان پێیان ڕاگەیاندین لە بارەگای هاوڕێیانی سلێمانی کۆبوونەوە هەیە بەسەرپەرشتی هاوڕێ (ئەبو فارووق) کە ئەو کات بەرپرسی (لتم - لجنە تنضیم المرکزی) بوو بەرپرسی یەکەمیش بوو لە شاخ، چووینە شوێنی کۆبوونەوە لە گۆڕەپانێکی بەردەمی بارەگای هاوڕێیانی سلێمانی بوو لەبەر هەتاو، چونکە هەوا کەمێک ساردی کردبوو بەر هەتاو خۆش بوو، (حەز دەکەم ئەو دیمەنە بگێڕمەوە:

کە دانیشتنەکە دەستی پێکرد هەر بە ڕێککەوت من و هاوڕێ

(مەحموودی حاجی نادر) لە پشت هاوڕێ (ئەبوفاروق) دانیشتبووین، دوای ئەوەی هەندێک قسەی کرد و کەمێک لە قسەکردن گەرم داهات و ڕۆژەکەش کەمێک گەرمی کرد، وردە وردە ئارەقەمان کرد بە تایبەت هاوڕێی قسەکەر لە ئێمە زیاتر ئارەقەی کرد بە کاریگەری ئارەقەکە بۆنێکی ناخۆشی لێدەهات، دیاربوو ماوەیەکی زۆر بوو نەخۆی نە جلەکانی نەشۆرابوون، وردە وردە بۆنەکە زیادی کرد بە شێوەیەک تەواو بێزاری کردین تا وای لێهات هاوڕێ (مەحموود) زیاتر بەرگەی نەگرت و لە شوێنەکەی خۆی هەستا و گوتی؛ (ئەوە چییە بۆنی کورتانی وڵاخ دەدا!)، بەڕاستییش هەر وابوو، منیش هەندێک کشامەوە دوا .

بەگشتی لە دانیشتنەکە باسی وەزعی عێراق و ناوچەکە و خۆمانی کرد. ئەوەی بە پێویستی دەزانم لێرە باسی بکەم و ناوم ناوە (ئاشبەتاڵەکەی ئەبوفارووق)، ئەوەبوو کە ناڕەزاییەکی زۆری لە خەباتی چەکداری دەربڕی و گوتی؛ (ئەم کیفاح المسلحە گەورەترین هەڵەی حزب بوو کە هاوڕێیانی خوارەوە دوای هێرشی بەعس بەسەر سەرکردایەتی دا فەرزیان کرد، نەدەبوو بەهیچ شێوەیەک سەرکردایەتی بچووبایە ژێر ئەو بارە)، ئەو قسەیە زۆر کاریگەری بەسەر دانیشتنەکە هەبوو تەواو تووشی شۆک و نائومێدی کردین، _ماوەی زیاتر لە دە ساڵە خەباتی چەکداری دەکەین و سەدان شەهیدمان داوە و بەهەر شێوەیەک بێت توانراوە ناوی حزب بە بەزری ڕابگیرێ، ئەوەش ڕای سەرکردایەتی!!!!_ لەبارەی لێبوردنی گشتی (عەفو عام)یش گوتی؛ (پێویستە هەرچی زووە کەڵک لەو لێبوردنە وەرگیرێ و تەواوی ئەو هاوڕێیانەی دەتوانن

بە هەر شێوەیەک بێت لە ناوەوە بژین بەزووترین کات بگەڕێنەوە و ئەو هەلە لە دەست نەدەن، چونکە ئەو هەموو پێشمەرگە و کادیرە بارێکی یەکجار قورسە لەسەر حزب _شایانی باسە ئەو قسانەی بەشیوەیەکی زۆر ناڕیک و بێزاری دەربڕن گۆ دەکرد هەر سوکایەتیەکی تەواو بوو بە خەباتی چەکداری وپێشمەرگایەتی_ بەهیچ شێوەیەک لەو زروفە ناتوانین ئیستیعابی بکەین، ئێمە لەسەرتاسەری عێراق پێویستمان تەنیا بە ( ٥٠٠ ) پێنج سەد ئەندامی حزب هەیە بۆ هەر پێشهاتێک ئەوی دیکە هەمووی زیادە و باشترە بچنەوە ناو ماڵ و منداڵی خۆتان).


ئەو دوو قسەی هاوڕێ (ئەبو فارووق) ڕێک پەشیمانی بوو لە خەباتی چەکداری و ئاشبەتاڵێک بوو بۆ خۆی، کاریگەرییەکی زۆر خراپی کردە سەر لایەنی دەروونی هاوڕێیان و مقۆمقۆیەکی زۆری دروست کرد و هەموو گەیشتنە ئەو ڕایەی کە بەڵێ شۆڕش و خەباتی چەکداری لە سەرەتاوە هەڵە بووە و ئەوی ئێستاش ماوە دەبێت کۆتایی پێ بێت و بەگشتی تەنیا یەک ڕێگا لە پێشە ئەویش تەسلیم بوونەوەیە!! نارەزاییەکی زۆر دروست بوو، تەنانەت گەیشتە ئەوەی قسەی ناشیرن بە سەرکردایەتی بگوترێ و شتی لەو بابەتە.

لێژنە دروست کردن بۆ بە تەسلیم کردنەوەی هاوڕێیان

هاوڕێیانی بەرپرسی بارەگای هەولێریش لەجیاتی ئەوەی کارێک بکەن و ئەو قسەی هاوڕێ (ئەبو فارووق) بە هەڵە و ڕای شەخسی وەسف بکەن بۆ ئاسایی کردنەوەی وەزعەکە، هەستان بە پێکهێنانی لێژنەیەک (مام خدر، ئەبو دلشاد و مامۆستا لەشکری) بۆ جێبەجێکردنی ئەو قسەی هاوڕێ (ئەبو

فارووق) و دەستیان کرد بە قسە کردن و ڕازی کردنی هاوڕێیان بۆ خۆتەسلیم کردنەوە، زۆر لام سەیر بوو، چونکە لە ژیانی پێشمەرگایەتیم قەت نەمدیبوو هاوڕێیانی سەرەوە وا گورج و گۆڵ کاری حزبی یان بڕیاری حزبی ئاوا زوو بە زوو جێبەجێ بکەن، هەر سێ هاوڕێ هەر یەکە و لای خۆی کەسێکی جیا دەکردەوە بۆ باوەڕ پێهێنانی بە تەسلیم بوونەوە و لەگەڵ هەمووانیش یەک جۆر قسەیان دەکرد و دەیانگوت؛ (هاوڕێ تۆ لێرە بیت یان لە ناو ماڵی خۆت هەر کوڕی حزبی، بۆیە چاکە ئەگەر کەڵک لەو لێبووردنە وەربگری و حزبیش لە ناوەوە پەیوەندیت پێوە دەکاتەوە) و چەند قسەیەکی دیکەی بێ بنەما و پوچی لەو بابەتە.

لێرە دەبێت بڵێم کۆمەڵێک هاوڕێ دژی ئەو کارە بوون بە گشتی و هەوڵیان دەدا کاریگەری شتەکە کەمتر بکەنەوە، بەڵام وەک دەڵێن کار لە کار ترازا بە تایبەت هاوڕێیان (مەلا جەلال و حاجی جەمال) زۆر دژی ئەو کارە بوون.



هاوڕێ حاجی جەمال


دیاربوو بەندە بۆ قسە لەگەڵ کردن و ڕازیکردن بە تەسلیم بوونەوە بەر (مامۆستا لەشکری) کەوتبووم، پاش نیوەڕۆیەک کە من لە شوێنەکەی خۆم خەریکی خوێندنەوەی (ڕۆمانی دایک) بووم، (مامۆستا لەشکری) هات و داوای پیاسەیەکی کورتی لێکردم، یەکسەر زانیم بۆ ئەو کارەیە و داوام لێدەکات تەسلیم ببمەوە، سەرەتا هەندێک باسی پەیوەندی لە مێژینەی خێزانی ئێمە و حزبی کرد و دواتر باسی پێشمەرگایەتی و (قارەمانەتی و ئازایەتی و ..... هتد بەزمانی ئەو) منی کرد و گوتی چاکە بۆ خۆت کەڵک لەو

لێبووردنە وەرگری ... هتد، زۆر لێی تووڕە بووم، خەریک بوو کارێکی نەشیاوی بەرامبەر بکەم، بەڵام دانم بە خۆداگرت و لە جیاتی ئەوە بیرم کردەوە کە هەندێک قسەی وای پێ بڵێم کە هەتا لە ژیاندا بێت لەبیری نەکات، بۆیە گوتم؛ (سوپاس بۆ هەستت بەرامبەر خێزانی ئێمە و من، بەڵام چاکترە هەتا زووە چارەی خۆت بکەی و تەسلیم ببیەوە، چونکە تۆ هەر لە سەرەتای هاتنت بۆ ناو حزب هەڵە بوویت، لەبەرئەوەی تۆ کوڕە ئاغا و کێخوای، ئێرە شوێنی تۆ و کەسانی وەک تۆ نییە، بەڵام من بە سروشتی چینایەتیم کرێکارم و باوکیشم هەر کرێکار بووە، ئێمە و ئەو فکرە بۆ یەک خولقاوین، ئامۆژگاریت دەکەم تۆش بڕۆ ئەو شوێنەی کە شوێنی ڕاستەقینەی خۆتە)، یەکسەر بەبێ ڕوخسەت لێوەرگرتن لە شوێنی پیاسەکردنەکە بەجێم هێشت — کە دواتریش هەروا دەرچوو خۆی کەلکی لە لێبووردنەکە وەرگرت و بای بای لەهاوڕێیان کرد .

## تەسلیم بوونەوە

لەگەڵ ئەو وەزعەی قسەکانی هاوڕێ (ئەبو فارووق) و پێکهێنانی لێژنەکە و داواکردن لە هاوڕێیان بۆ ئەو کارە، تەسلیم بوونەوەی هاوڕێیان دەستی پێکرد، هەر ڕۆژەی چەند هاوڕێیەک پیاسەی لەگەڵ دەکرا و بە کورتی بەرەو چارەنووسێکی نادیار بەرێدەکرا، شوێنی پیاسەکە دیار بوو هەر کەسێک لەگەڵ هاوڕێیانی لێژنەکە لەو شوێنە پیاسەی بکردایە مانای تەسلیم بوونەوە بوو.

ڕۆژێک هاوڕێ (ئەبو داود) کە تازە هاتبووە بارەگای ئێمە لە هەمان شوێن لەگەڵ هاوڕێ (ئەبو دلشاد) پیاسەیان دەکرد، هاوڕێ (سۆرانە کەڕ) بە نوکتەوە گوتی؛ (سەیر بکەن دەبێت کامەیان بەیانی تەسلیم ببنەوە!)



شەهید سۆران ( سۆرانەکەڕ)

لێبوردنەکە ماوەی مانگێک بوو، هاورێیەکی زۆرمان تەسلیم بوونەوە، من تەنیا بە تەسلیم بوونەوەی هاورێ (سۆران) دڵخۆش بووم، چونکە گۆێی گران بوو و برایەکیشی شەهید بوو، ماوەی لێبوردنەکە کۆتایی هات و وردە وردەش بەرەو زستان دەرۆیشتین و دەبوو ئەو ناوچەیە بەجێبهێڵین و بچینە (ناوزەنگ و نۆکان) کە ماوەیەک بوو هاورێیان چووبوون بۆ دروستکردنی بارەگای دایمی لەو دۆڵە کە ساڵانی (١٩٧٩ - ١٩٨٠) بارەگامان لەوێ هەبوو .

## رۆیشتن بۆ ناوزەنگ و نۆکان

یەکەم بارانی ساڵ لە رۆژی (١٩٨٨/١٠/١٨) باری، بەقسەی خەڵکی ناوچەکە زۆر درەنگ بوو، دیارە ساڵانی پێشووتر زووتر باریبوو، دوای بارانەکە بە یەک دوو رۆژ من لەلایەن هاورێ ( ئەبو کەریم _ کە بەرپرسی یەکەمی مەڵبەندی هەولێر بوو) راسپێردرام کە بچم بۆ لای هاورێیانی سلێمانی و بەرگە (عدم تعرض) بکەم بۆ خۆم و چەند هاورێیەک تا بتوانین بە سەیارە برۆین بۆ (ناوزەنگ و نۆکان) کە زۆربەی هاورێکان عەرەب بوون لەوان هاورێ (ئەبو کەریم)یش لەگەڵ ئێمە بوو.


کارەکانم کرد و بەسەیارەیەک بەرێکەوتین بۆ شوێنی مەبەست بە ناو بازگە و خاڵی پشکنینی پاسدار و ئەرتەشی ئێرانی و ناو شارەکانی سەر سنوور، کە بۆ ئێمە هەتا رادەیەک جێی مەترسی بوو.

بە هەرحاڵ بۆ نیوەرۆ گەیشتینە (ئەڵوەتان) و لە چێشتخانەیەکی ئەوێ نان و کەبابێکی چاکمان خوارد کە ماوەیەکی زۆر بوو شتی وامان نەدیتبوو، لە

(ئەڵوەتـان) هـاوڕێ (ئەبـو کەریـم) لە مـاڵی هـاوڕێ (عەلـی گـۆران) مـایەوە، دەمەوئێـوارە ئـێمە گەیشـتینە بارەگـای (نۆکـان) تـازە تەنیـا ئەو ژوورانە تەواو کرابوون کە بۆ نووستنی هاوڕێیان بوو، ئەوانی دیکە وەک نانەواخانە و حەمام و شوێنی چێشتخانە هەمووی مابوو، کاتیش بەرەو زستان دەڕۆیی، بە هەرحاڵ و بە ناچـاری ژوورەکـان (هەرچەنـدە هێشـتا تەڕ بـوون و دیوارەکـانیش سـواخ نەدرابوو) ڕاخران و هەر چەند هاوڕێیەک لە ژوورێک جێی خۆیـان کـردەوە، مـن لە ژووره گەورەکە (کە دواتــر بە قــاعە ناســرا) جێگــام گــرت و کۆمەڵێــک هـاوڕێی جـوان و بەڕێـزی تێدابوو لەوانە (شـوانەی شـاعیر، هەڵۆی قەرەچووخ، خارە جەمیل، ملازم چەتۆ، شێرزادی ڕۆست، هاواری مام عەلی، کاروخ، دڵنیـا، کۆچەر و ڕزگاری توودەیی، ئەردەڵان، بروسک، ڕیـازی قەرەچوغ و غەسان... هتد.

# بارەگای نۆکان (١٠)

گوندی (نۆکان) گوندێکی سەر سنوورە و دەکەوێتە دیوی (ئێران)، ڕووبارێکی جوان بە خوار گوندەکەدا تێپەڕدەبێت لەلای (قاسمە ڕەش)ەوە دێتە خوار بەرەو (نۆکان) و (ناوزەنگان) و لەوێوە تێکەڵ بە ئاوی ناوزەنگان دەبێت و دەبێتە سنووری نێوان (عێراق- ئێران) بەرەو (زەڵێ و قوڵەهەرمێ و شێنێ و سونێ... هتد). لە خوار (سونێ) بە تەواوی دەڕژێتە ناو سنووری بەناو (عێراق) و دەڕواتە خوار و دەبێتە ڕووبارێکی گەورە بە ناوچەی پشدەردا دەڕوا بەرەو دەریاچەی دوکان.



ماڵ و بارەگاکانی نۆکان

چەند جارێک لەگەڵ هاوڕێیان (هاواری مام عەلی و هاوڕێ کۆچەری تودەیی) و چەند هاوڕێیەکی دیکە بە نارنجۆکی دەستی چووینە ڕاوە ماسی، هەر جارەی بڕە ماسییەکی باشمان ڕاو دەکرد بە شێوەیەک بەشی زۆربەی هاوڕێیانی دەکرد.



هاواری مام عەلی ، شەهید گیڤارا

لە (نۆکان)ەوە تا خوار (سونێ) کە کۆتا شوێن بوو ئێمە دەمانتوانی هاتوچۆی بکەین، نزیکەی (٣) سەعاتە ڕێ دەبوو بە پیادە و تەنیا ئەوەندە ڕێگای هاتوچۆی ماشێنی نەبوو، دەنا ئەوی دیکە هەمووی ڕێگایەکی مامناوەند بوو، مەگەر لە زستان و بەفری زۆر دەنا بەردەوام هاتوچۆی ماشێنی لەسەر بوو، کە زیاتر بۆ قاچاخچیەتی و ئاودیوکردنی کەلوپەلی هەردوولا بە شێوەی نیمچە قاچاخ، کە سەرچاوەی داهاتێکی باش بوو بۆ (بەرەی کوردستانی) بە وەرگرتنی باج و گومرگ، کە لە ( ١٣% ) پشکی (حشع) بوو، لە دیوی عێراق زیاتر (جگەرەی سۆمەر و فافۆن و مووس و بنێشت) و لە دیوی ئێرانیش (مافور و بەرگە بالیف و پلاسکۆ و کیسەی لۆکس و تیزاب و .... هتد) دەهاتن.

## دۆڵی حیزبەکان ( وادی الاحزاب)

لەو شوێنەی باسم کرد بە درێژی ڕێگا سێ سەعاتییەکە دەیان بارەگای پێشمەرگەی لێبوو (حشع، ینک، حسک و پاسۆک)، ساڵی دواتر (پدک و بزووتنەوەی ئیسلامی)یش بارەگایان هێنا ئەو دۆڵە، سەرکردایەتی و (م، س - ینک) لە قاسمەڕەش بوون، بارەگای مامۆستا (بەهادین نووری) لە ناو دارەکانی نۆکان بوو، بارەگای گرووپێکی دیکە بەناوی (شیوعیون عیراقیون)ەوە، گرووپەکەی (سامی حرکات) کە برادەرانی (حسک) هاوکاریان دەکردن، بە ئێمەوە چوار گرووپ بە ناوی (شیوعی) لەو دۆڵە هەبوو، گرووپێکیان تەنیا دوو کەس بوون بە ناوەکانی (زوهێر و سالم)، _شەوێک

هەردووکیان بە دەمانچەی بێدەنگ تیرۆر کران، مەزەندەی ئەوە کرا موخابەراتی عێراق ئەو کارەی کردبێت، ئەوە لە کاتێک بارەگاکەیان لە نێوان بارەگای ئێمە و یەکێتــی و پاسـۆک دابــوو!!!! دەکـرێ بڵێــین تەواوی هێـزی پێشــمەرگەی هەولێری هەمـوو حزبەکـان لەو دۆڵە بارەگایـان دانـابوو، بە شێوەیەک نـاوچەکە جمەی دەهات لە پێشمەرگە.

## بارەگاکانی ئێمە

پێشمەرگەکانی ئێمە بەسەر پێنج بارەگا دابەش ببووین (نۆکان- خڕی ناوزەنـگ_ نـاوزەگی خـواروو، نـاوزەنگی ناوەڕاست و نـاوزەنگی سـەروو -گـۆڕە شێر) کە هەمـووی تـازە بەو پـایزە دروست کرابـوون و لە زۆر ڕوو کەموکوڕیـان هەبـوو، دیوارەکـان هیچـی سـواخ نەدرابـوون تەنیـا بە نـایلۆنی ڕوون (شـەفاف) داپۆشرابوون کە ببووە ژینگەیەکی زۆر گونجاو بۆ مشـک و مێروو بە تـایبەت (کێچ) ئەوەندە زۆر بوو شەوان تا بەیانی خەومان نەبوو، بەهۆی پـیس و پـۆخڵی هەنـدێک هـاوڕێ (ئەسپێ)ش پەیـدابوو، بە ناچـاری دەبـوو نـاوە نـاوە دەرمـانی قـڕکەر بەکـاربهێنین کە هەر بێسـود بـوو، هەنـدێک هاوڕێمـان لەگەڵ وەزعەکە ڕاهاتبوون، بەڵام هەندێکمان حاڵمان شڕبوو، بەنـدە یەک لە حاڵشڕەکان بـووم بە شێوەیەک هەموو ڕۆژ دەبوو پێخەفەکـانی خـۆم دەرمانڕشێن بکـەم هەتـا شـەو بە لوولـدراوی بیـانهێڵمەوە بۆ ئەوەی بـۆنی دەرمـانەکە بمێنـێ و بـاش کـار بکـات و شەو بتوانم بخەوم، چونکە یەک تاکە (کێچ) بهاتبـایە میـوانم تـا بەیـانی خەوم لێنەدەکەوت و تەواوی لەشم دەبووە لیر و سور هەڵدەگەڕا، زۆرجار هەر لەبەر خۆم

تەواوی پێخەفی هاوڕێیانیشم دەرمانڕشێن دەکرد، تەنانەت چەند جارێک لە ڕۆژی خۆش بە هاوکاری هاوڕێیان هەموو ڕایەخی ژوورەکەشم دەبردە دەرەوە، جارێکیان بەوەش نەوەستام لە ناوەڕاستی ژوورەکە لە سێ چوار شوێن کا و کۆتم ئاگردا بۆ ئەوەی بە دووکەڵ ژوورەکە قانگ بدرێ و هیچی تێدا نەمێنێ، ئێوارەش بەر لە دانانەوەی ڕایەخەکان دەرمانێکی یەکجار زۆرم ڕشاند بە شێوەیەک بووە جێی نارەزایەتی هاوڕێیان، خۆشم هەستم بە سەر گێژبوونێک کرد، بەڵام بەسەر خۆمم نەهێنا.

## هاتنەوەی هاوڕێیەکی بزربوو

ماوەیەکی پێچوو هاوڕێ (هیمدادی هەولێر) کە لە (ڕێگا لە قەدی قەندیل لێمان دابڕابوو) گەیشتەوە لامان، دیاربوو چووبووە بارەگاکانی (حدکا) و دوای ماوەیەک ئەوان ڕەوانی لای ئێمەیان کردبۆوە.

## هاتنی هاوڕێیانی بادینان

وردە وردە هاوڕێیانی بادینان هاتن و ژمارەمان زیادی کرد_شایانی باسە هاوڕێیانی بەرپرسی مەڵبەندی بادینان خۆیان لەشارەکانی ڕەزائیە بە ڕاحەت دەژیان هەموو هاوڕ پێشمەرگەکانیشیان ڕەونەی بارەگاکانی ئێمە دەرکرد __ لە بیرمە ڕۆژێک خەفەر بووم خواردنی (٦٨) نەفەرم ئامادە کرد__ جێگامان وا تەنگ بوو ناچار بووین چەند چادرێکی زیادەمان هەڵدا، تەنانەت لە سەربان ژوورێکی گەورە لە دار و نایلۆن دروست کرا، یەک لە چادرە گەورەکان

لەبەردەم بارەگـا کـرا بە خەسـتەخانە کە زۆر کەڵکـی خۆمـان و پێشـمەرگەی حزبەکانی دیکە و خەڵکی ناوچەکەشی هەبوو، هەم دکتۆرەکان باش بوون هەم داو و دەرمـانی باشـیان هەبـوو، بە تـایبەت زۆر لە خزمەتـی خەڵکـی نـاوچەکە دابـوون بە شـێوەیەک ئەگەر پێویسـتی بکـردایە بـۆ گونـدەکانیش دەچـوون کە (دکتۆر مونیر و دکتۆر یونس ) بەڕێوەیان دەبرد .

## زستان و سەرما

وردە وردە زسـتان هـات و سـاردی کـرد بە شـێوەیەک ئەو سـاڵە دوو جـار بەفری زۆر گەورە باری، جاری یەکەم (١٢) سەعات و جاری دووەم نزیکەی (٣٦) سەعات بەردەوام بوو، تەواوی ئەو ناوچەیەی داپۆشی، لە کەمترین شوێن زیاتر لە (٨٠ سم) کەوتبوو، لەگەڵ ئەوەی زۆر سارد بوو.



هاوڕێیان دەریا ، یوسف ـــ دار هێنان لە کاتی بەفر

تەواوی کاتەکان لە ژوور دەرنەدەچووین، بەڵام ناخۆش نەبوو، چونکە هەر زوو دارێکی زۆر بۆ سووتان و گەرمکردنەوە دانرابوو، وەک لە بیرم مابێت جگە لەوەندەی بە باری وڵاخ هێنرابوو، هەشت باریش بە تراکتۆر هێنرا، هەردەم هەموو سۆبەکان ئیشیان دەکرد کە هەر ژوورە و سۆبەی خۆی هەبوو، نان و خواردن دروست کردن و گەرماویش هەر بە دار بوو.

لە ڕووی خواردن و خۆراک و پێخەف هیچ کێشەیەکمان نەبوو، زەخیرەیەکی زۆرمان هەبوو بە شێوەیەک هەموو ڕۆژ خواردنی هەر سێ ژەم زۆر ڕێکوپێک ئامادە دەکرا کە نانی بەیانیان بریتی بوو لە؛ (گوێز، هێلکە، تەحین و پەنیر)، نیوەڕۆ هەموو ڕۆژ برنج و شلە هەبوو هەر ڕۆژەی جۆرێک شلە وەک؛ (فاسولیا، پەتاتە، کولەکە و باینجان) و ئێواران زیاتر شتی سوورکراوە و برنجی سوور و نیسک .... هتد، هەر بارەگایەک بۆ خۆی فرنی نان دروستکردنی هەبوو، ڕۆژانە دوای نیوەڕۆ نانی هەر سێ ژەم دروست دەکرا، ڕۆژانە چوار ژەم چایە لێدەنرا، بە گشتی لەو ڕووەوە هیچ کەموکوڕیمان نەبوو، حزب مەسرەفی زۆری لە بارەگایەکان دەکرد و تەنانەت جل و بەرگیشیان بۆ دەکردین، سیستەمی بەڕێوەبردنی بارەگاکانمان زۆر بە ڕێکوپێکی لە شێوەی عەسکەری عێراقی داڕێژرابوو.

## خوێندنەو و خۆپەروەردەکردن

بەهۆی ساردی و بێکاری کات گەلێک زۆر بوو، دەکرا حزب بیر لە دەوراتی حزبی و پێگەیاندن بکاتەوە، ئەوەی لە بیرم بێت تەنیا چەند کۆڕێک


گێـردرا، دەنـا هـیچ شـتێکی ئەوتـۆ نەکـرا ئەوە نەبێـت هەر هـاوڕێیە و خـۆی دەیتوانی بخوێنێتەوە، کتێبی باش دەستەکەوت و دەکرا کەڵکیـان لێوەربگیرێ و کاتیـان پـێ بکـوژرێ، بە تـایبەت کتێبەکـانی بارەگـای ناوەنـدی کـۆمەڵەی (ینک) کە لە نزیک بارەگای نۆکانی ئێمە بوو، زۆرجار هاوڕێیان دەچوون بە کۆمەڵ کتێبیان دەهێنا، ئەو زستانە من زیاتر لە بیست کتێبم لەوێ خوێندەوە، هـیچ جیاوازیم پێ نەدەکرد، هەرچی بەردەستم بکەوتایە دەمخوێنـدەوە، هەر لە رۆمـان و کتێبـی مێژوویـی و ئەدەبـی و... هتـد عەرەبـی و کـوردی، سـەر لە ئێواران (سەعاتی بێدەنگی) هەبوو، نەدەبوو کەس قسە بکات جگە لە خوێندنەوە، لە دوای ئەو سەعاتە من دەرسم بە هاوڕێ (سۆرانی شێخ شەروان) دەگوت کە هەوڵـی دەدا خـۆی فێـری خوێنـدەواری بکـات و کەڵکـی باشـی لەو دەرفەتە وەرگرت و تاڕادەیەکی چاک فێری خوێندەواری بـوو، دیـارە پێشـتریش لەلایەن هاوڕێی دیکە هەوڵی لەگەڵ درابوو.

لە ڕووی کـاری ڕێکخراوەیـی هەمـوو هاوڕێیـان لە شـانەی حزبـی ڕێکخرابوون و کاری ڕێکخستن بە ڕێکی دەڕۆیشت.

## کۆبوونەوەی فراوان

لەو مـاوەیە کۆبـوونەوەیەکی فـراوان لە بارەگـای ئـێمە بەسـترا بە سەرپەرشتی هاوڕێ (ئەبو داود) کە ئەندامی (مەکتەبی سیاسی) بوو، شایانی باسە_زۆر بەگەرمی باسی ئەوەی لێدەکرا کە سکرتێری داهاتووی حزبە و بۆ ئەو کارە ئامادە دەکرا، (ئەوە بەر لە پێنج ساڵ پێش ئەوەی ببێتە سکرتێر!!!)، بە

گشتی کۆبوونەوەکە باسی وەزعی سیاسی بوو، بەڵام لە دانیشتنەکە (هاوڕێ مەلا جەلال) باسی (ڕاگەیاندنی ئاشبەتاڵەکەی ئەبو فارووق )ی کردبوو و ڕەخنەی لە سەرکردایەتی و مەکتەبی سیاسی گرتبوو، هاوڕێ (ئەبو داود) زۆر بە توندی ئەو ئاشبەتاڵەی ڕەفز کردبۆوە و گوتبووی (ئەوە ڕای حزب نییە، بەڵکو ڕای حزب ئەوەیە بەهەر شێوەیەک بێت حزب خەم لە تەواوی هاوڕێیانی خۆی دەخوات و بە هەر شێوەیەک بێت ئیحتیفاز بە هاوڕێیان دەکات و نیاز هەیە هەرچی زووە زۆربەی هاوڕێیان ڕەوانەی دەرەوە بکرێن چ بۆ دەوراتی حزبی چ بۆ خوێندن یان چارەسەر.... هتد)، ئەو قسەیەی هاوڕێ (ئەبو داود) تەواو وەزعەکەی بەرەو باشی گۆڕی و ئەو (ڕەشبینییەی ئاشبەتاڵەکەی ئەبو فارووق) دروستی کردبوو تەواو ڕەویەوە و تاڕادەیەکی باش متمانەی دروست کردەوە لە نێوان سەرکردایەتی و خوارەوە.



هاوڕێ مەلاجەلال

## روداوی ناخۆش

لە کۆتایی ساڵی (١٩٨٨) و سەرەتای (١٩٨٩) چەندین ڕووداوی خۆش و ناخۆش ڕوویان دا چ لە ناوخۆی حزب و چ لەدەرەوەی حزب، لە هەموویان ناخۆشتر بۆ ئەو کاتی ئێمە کۆچی دوایی هاوڕێ (ئەبو ڕەشا) بوو کە لە دانیشتنی حزبی بەهۆی ڕەخنەی توندی لە سیاسەتی حزب، لەلایەن هاوڕێیانی سەرپەرشتیاری دانیشتنەکە بەتوندی ڕەدی دەدرێتەوە و تووشی خوێنبەربوونی مێشک (نەزیف دەماخی) دێت و گیان لەدەست دەدات، کە جێی دڵگرانی تەواوی هاوڕێیان بوو، چونکە هاوڕێیەکی ماندوو و قوربانیدەر و هەتا ڕادەیەکی

زۆریش غەدرلێکراو بوو، لە گۆڕستانی زەڵێ شاردرایەوە و لە بارەگای نۆکان ڕۆژێک تازیەی بۆ دانرا، سەیر لەوە دابوو ئەو هاوڕێیەی کە بە وەڵامی توند ئازاری دابوو، لەلای سەرەوە دانیشتبوو، وەک خاوەن تازیە.



هاوڕێ ئەبوئەحرار ، آەهەد ئەبوڕەآشا

## سەر سنوور- گەندەڵی (١١)

وەک لە بەشی پێشوو باسم کرد دوای هەڵکشان بەرەو سنوور و گیرسانەوەمان لە بارەگاکانی (نۆکان و ناوزەنگان)، لە سەرەتای زستانی ( ١٩٨٨) حزب دەستی کرد بە ناردنە دەرەوەی هاوڕێیان هەم بە نیازی سووککردنی بارەگاکان و ئیحتیفاز پێکردنی هاوڕێیان، چ بۆ دەوراتی حزبی چ بۆ خوێندن، کە دەکرێ بڵێین یەک لە کارە باشەکانی حزب بوو لەو کات و وەفادارییەکیش بوو بەرامبەر هاوڕێیان و ماندووبوونی هاوڕێیان، تەواو پێچەوانەی (ئاشبەتاڵەکەی ئەبو فارووق) و بیرکردنەوەی حزبەکانی دیکەش بوو، چونکە ئەوانیش زۆر خۆیان لە خەڵکەکەی خۆیان نەدەکردە خاوەن، تەنانەت لەڕووی دارایی بارەگاکانیشیان و یارمەتی پێشمەرگەکانیشیان بە پێی پێویست نەبوون، بەتایبەت ئەوانەی خزم یان پیاوی بەرپرسێک نەبوونایە حاڵیان زۆر شڕبوو.

### بەڕێکردن بۆ دەرەوە

لە تەواوی بارەگاکانی ئێمە دەست کرا بە ڕەوانەکردنی هاوڕێیان بە ڕێگای تایبەتی حزب و لەسەر ئەرکی حزب، بە شێوەی گشتی دەبوو دەستنیشان کردنەکان بە پێوەری تایبەت و لە هەیئاتە حزبییەکان بێت، (بە ڕووکەش وابوو)، بەڵام لە ڕاستیدا ئەوی لە بەرپرس و کەسانی دەستڕۆیشتوو نزیک بوو دەستنیشان دەکرا، تەنانەت کەسی شایستەش هەر دەبوو دەستڕۆیشتووێک لە پشتی بووایە، بۆ نموونە هاوڕێ (ئەبو کەریم) کارێکی

باشی بۆ هاوڕێ عەرەبەکانی نزیک خۆی کرد و زۆربەیانی بەڕێکرد و دواتر خۆیشی ڕۆیشت، لە دوای ئەو هاوڕێیانی محەللی ئەوی مەبەستیان بوو بەڕێیان کرد، بۆ نموونە هاوڕێ مام ساڵح (عەلی)ی کوڕی ڕەوانە کرد، منی هەر لەبیر نەبوو بۆ ئێرانیش، (ئەوە لە کاتێکدا بە دانپیانانی خۆی من و عەلی کوڕی لە قەدی قەندیل بەیەکەوە لە پشتمان کرد دەنا فەوتا بوو)، بە ئاشکرا ڕەوانەکردنەکان گەندەڵی زۆری پێوە دیاربوو، جا ئەوەی بە ناوی نەخۆشی یان هەر بەهانەیەکی دیکە، (دواتر کە چوومە دەرەوە ئەوجا زانیم چ کارەساتێک و سووکایەتییەک بە خوێنی شەهیدانمان کراوە و خەڵکی چەند بێکەڵک و تەنانەت دەیان بێگانەش لەسەر خوێنی شەهیدان ڕەوانەی دەرەوە کراون، لە کاتی خۆی بە درێژی باسی دەکەم).

ئەو گەندەڵییە هەر بەوە نەوەستا گەیشتە بچووکترین شت بۆ نموونە؛ سەرەتا لە کڕینی خۆراک و ئازووقە شتی زۆرباش لەلایەن کەسانی کە ڕاسپێردرابوون بۆ کڕین و هێنانی خۆراک و کەلوپەلی دیکە، گەیەنرایە بارەگاکان، بۆ نموونە جۆرێکی زۆرباش لە (گوێز، تەحین، سابوون، تایت، ڕوون و چای عێراقی ... هتد)، هەر دوای ماوەیەکی کورت هەمووی گۆڕا بە خراپترین جۆر بە شێوەیەک کە گوێز بۆ بەیانیان دابەش دەکرا زۆر هاوڕێ لەبەر خراپی وەریاننەدەگرت، چونکە ناوکی دەرنەدەهات، تەحینەکە بە ئاشکرا دیاربوو پڕ لە ئاو بوو و دەیبەستا، سابوون و تایتەکە نەک کەفی نەدەکرد و بەڵکو جل و بەرگەکەی پاک نەدەکردەوە، وەک چەوری جل و بەرگەکەی دەگرت، لە کڕینی جۆری قوماش بۆ قات دروستکردن هەروا جاری دووەم

خراپترین جۆری قوماشیان هێنا، (نوکتەیەکی هاوڕێ مەلا جەلالی لەسەر هەیە پێم باشە باسی بکەم _ دوای ئەوەی قوماشە خراپەکەی بەرکەوت بۆ داپۆشینی دیوار بەکاری هێنا ، هاوڕی ئەبوفاروق پێی گوتبوو بۆ نەت کردیتە قات و لە دیوارت دایە ؟؟؟ ئەویش هەر وەک سروشتی خۆی زۆر ڕەقتریش پێیگوتبوو کورە ئەوە ئێوە شەرم ناکەن ئەو قوماشە بۆ هاوڕێیان دەکڕن کە نرخەکەی لە کورتانی وڵاخ هەرزانترە ؟؟؟) _کە لەڕاستیدا وابوو قوماشەکە بە ١٢٠٠ تومان کڕابوو کورتانی وڵاخ بە ١٦٠٠تومان بوو_ بە نسبەت قەمسەڵە هەروا و بەتانی هەروا .....هتد، ئەوەی لە وەجبەکانی یەکەم بەریکەوت باش بوو، دەنا ئەوی دیکە کەڵکی هیچی نەبوو، لەگەڵ ئەوەش ئەو هاوڕێیەی هەیئەتی بارەگاکە لێی مورتاح نەبووایە خراپەکەشی دەست نەدەکەوت! کە بەندە یەکێک بووم لەوانەی خراپەکانیشی دەست نەدەکەوت!، هاوڕێ (غەسان) کە هەر لە زەمانی بەستی شرغەش دەموچاوی منی بەدڵ نەبوو، هەر شتێک بهاتبایە بەشی منی نەدەدا و دەیگوت؛ (بەشی نەکرد)، لە هەر دووجار قوماش دابەشکردنەکە گوتی؛ (قاتەکەی تۆ هێشتا باشە پێویستت نییە). لە قەمسەڵەش هەروا ئەو ساڵە بە قات و قەمسەڵەی کۆنی خۆم کە هی زەمانی بەستی شرغە بوو ڕام بوارد.

## گەندەڵیی شەراب دروست کردن

گەندەڵییەکی دیکەی زۆر سەیر لە ئیدارەی بارەگای نۆکان ڕوویدا، باوەڕناکەم لە هیچ کوێی دنیا ڕووی دابێت، وەک گوتم ئەرزاقێکی زۆر و لە

هەمــوو پێویســتییەکمان بــۆ هــات و لە ژێــر چادرێــک لەبەردەم بارەگــا دانــرا و ڕۆژانە بە پێی پێویست بەکار دەهات، هەر لە برنج و ڕۆن و فاسولیا و هەمــوو وشکەیەک، لە ناویشیان کشمیش هەبوو بۆ ئەوەی جاروبار لەسەر برنج دابنرێ، وابــزانم تەنیــا جارێــک یــان دوو جــار بەو شــێوەیە خواردمــان و بــزر بــوو، دوای ماوەیەک (نازانم کام هاوڕێ بوو) گوتی؛ (ئەو بڕە کشمیشەی بۆمــان هاتبوو هاوڕێیــانی ئیــدارە بەدزی هەر لە نــاو چــادرەکەی ئەرزاق دەیــکەنە شــەراب و بەیەکەوە دەیخۆنەوە)، بە قسەی ئەو هاوڕێیە، هاوڕێ غەسان (بەرپرسی دارایی بارەگا بوو) ئەو کارە دەکات و بەشی هاوڕێ (ئەبو دلشاد)یشی لێدەدات کە (بەرپرسی یەکەمی بارەگاکە بوو)، زۆر لام سەیر بوو شتی وا چۆن دەبێت!!!، بڕیارم دا شەو لەکاتی ئەرکی پاسەوانی خۆم بچم ژێر ئەو چادرەی باسی دەکەن بپشکنم بزانم شتی وای تێدایە و ئەو کارە ناشیرینە لە لایەن هاوڕێیانی بەرپرسی بارەگا دەکرێ!؟ شەوێک لە دوای نیوەشەو چوومە ناو چادرەکە و دوای کەمێک پشکنین دەبەیەک شەرابم دۆزیەوە، حازر و ئامادە بوو بۆ خواردنەوە!!!، سەرەتا بەو کارە زۆر دڵگران بووم، چۆن ئەو کارە بەرامبەر هاوڕێیان دەکرێ؟!، ئەو کارە چی ناو بنرێ؟!، ئیتر هەر چۆنێک بوو بڕیارم دا کە دەببە شەرابەکە ببەم و بیشارمەوە تا بەیانی بزانم چی دەڵێن، دەبەکەم هێنا و لە نزیک بارەگا شاردمەوە، بەیانی بە هاوڕێ (ملازم چەتۆ)م گوت ئەوەی دەگوترا ڕاستە و ئێستا ئەو دەبەیە لای منە، سەرەتا ئەویش لای سەیر بوو، دوای نیوەڕۆ بینیم وا هاوڕێی ئیداری لەگەڵ هاوڕێیەکی دیکە خەریکن دەرگای چادرەکە دەکەنە دار و کلیل و قوفڵی بۆ دادەنێن، بە ئەنقەست لەگەڵ

هـاوڕێ (مـلازم چەتـۆ) چـووینە لایـان، هەرچەنـدە هـاوڕێی دارایـی خۆشـی لە چەهرەی من نەدەهات، پرسیارم کرد (ئەوە ئەو چادرە کلیل و قوفڵی بۆ چییە؟! قـابیلە هاوڕێیـان بـزن بـن ئەرزاقـی وشـک بخـۆن؟!)، ئەو گـوتی؛ (نـا دزیمـان لێکراوە)، بە شێوە سەرسوڕمانێکەوە گوتم؛ (چۆن دەکرێ ئێمە پاسەوانیمان زۆر توندە، دواتر چیان دزیوە؟!)، وەڵامی نەبوو، نەیگوت شتی دزراو چییە، ئیتر بە جێمـان هێشـتن و گـوتم؛ (ئەو دەبە شـەرابە دەشـارمەوە هەتـا دانیشـتنی گشـتیمان دەبێـت لەوێ دەیـخەمە بەرچـاوی هەمـووان)، دوای مـاوەیەک هـاوڕێ (مـلازم چەتـۆ) گـوتی؛ (وا چـاکە هەر بە خۆمـان و بەبێ دەنگـی و لە چـاوی ئەوان سەرفی بکەین)، هەرواشمان کرد، بەشە کشمیشی خۆمان بەو شێوەیە وەرگرتەوە.

هەر لەو سـەروبەندە زۆربەی هاوڕێیـان بە ڕاپـۆرتی دکتۆرەکـانی خۆمـان دەنێردرانە ئێران بۆ چارەسەریی بە تایبەت ئەوانەی شانسی چوونە دەرەوەیان کەم بـوو، بە کـورتی کەسـیان لە پشـت نەبـوو، منـیش یەک بـووم لەو هاوڕێیـانە، ماوەیەکی باش بوو تووشی ترازانی بڕبڕە (ئینـزلاق فەقەرات) ببووم و ڕاپۆرتی پزیشـکم هەبوو، بەڵام بە هەنجەتـی نۆرە هەتـا کۆتـایی مـانگی ئایـاری ١٩٨٩ دواخرام، واتە ماوەی نزیک شەش مانـگ، ئەوە لە کاتێـک کەم هـاوڕێ هەبـوو هەر بـۆ هەوەس و بە نـاوی ئـیش و کـاری حزبـی و نەخۆشـی و ... هتـد ڕەوانە نەکرابێت و پـارەی بـۆ ئەو سـەفەرانە بـۆ سـەرف نەکرابێت. بـۆ نمـوونە (ئـارامی مەلا حەسەن) هەر بە بەرچاوی ئێمەدا ڕۆیشت و لە وەڵامـی پرسیاری هاوڕێیـان وەک سوکایەتییەک بە ئێمە گوتی؛ (نە نەخۆشم نە هیچ هەر بۆ تەبدیل هەوا دەڕۆم و پارەیان بۆ سەرف کـردووم). وەک گـوتم منـیش هەتـا کۆتـایی مـانگی

پێنج (وابزانم هاوڕێیانی دکتۆری خەستەخانەکەی خۆمان بوون بە بەر گوێی هاوڕێ ئەبو دلشادیان هەڵهێنا کە پێویستە هاوڕێ چەتۆ بچێتە چارەسەر) ئەوجا لەسەر داوای ئەوان و هاوڕێ ئەبو دلشاد بڕی ( ٥٠٠٠ پێنج هەزار تومەن)م بۆ سەرف کرا و چووم بۆ چارەسەر.

هەڵبەت ئەو کارە پڕ گەندەڵییانە لە بارەگایەکانی دیکە زۆرتر و زەقتریش بوون بە تایبەت لە بارەگای محەللی، چونکە هەموو بڕیارەکان و ناردنی هاوڕێیان لەوێ یەکلا دەکرانەوە و پارە و پوولیش هەر لای ئەوان بوو، ئەوەی خۆشەویست و نازدار (مدلل)ی ئەوان بووایە پارووی کەوتبووە ڕۆنی، دەیان نموونە هەن دەکرێ باس بکرێ بەڵام با بۆ کاتی خۆی بێت و ئەوەی لە بیرم مابێت هەمووی بە ژمارە و ناو دەنووسم.

# سەر سنوور-نوکتە و پێکەنین (١٢)

ئەو زستانەی (نۆکان) هەرچەندە سارد و ناخۆش بوو، بەڵام شتی خۆش و پێکەنیناویشی هەبوو، دەکرێ وەک یادێک لە هاوڕێیان و ئەو ژیانەی ئەو کاتی ئێمە باسی لێبکرێ کە بەشێکی دانەبڕاوی ژیانی پێشمەرگە بوون، سەرەڕای خەم و ناخۆشی و دووری لە کەسوکار، لێرە هەندێکیان دەگێڕمەوە کە دەکرێ بگێڕدرێنەوە و بڵاو بکرێنەوە، دەنا هێندە شتی خۆش و پێکەنیناوی هەن هەر باس ناکرێ و ناشێت بەو بەربڵاوییە بگێڕدرێنەوە لەبەر تایبەتمەندییان.

## مام هیدایەت

سەرەتای زستان بوو، کاتی ئەوە هاتبوو کە جل و بەرگی گەرم، بەتایبەتی لەژێرەوە بپۆشرێ، هەر هاوڕێیەک خەمی بلوز و تراکسوت و شتی وای دەخوارد، لەدیوی ئێرانیش دیارە بە فارسی بە تراکسوتیان دەگوت (گرم کن) شێوەی گۆکردنەکەی دەبێتە (گەرم کون)، واتە (گەرمکەرەوە). هاوڕێیان هاتوچۆی دیوی ئێرانیان دەکرد و لەگەڵ خۆیان ئەو پێداویستیانەیان بۆ هاوڕێیان دەهێنا، (مام هیدایەتی دەشتی کۆیە)ش هەر لە بارەگای نۆکان بوو لەگەڵ ئێمە، دیاربوو پێویستی بە (تراکسوت) هەبوو، چەند ڕۆژێک بوو لە بەختی ئەو کەس نەبوو بچێتە ئەودیو، ئەویش سەرما کاری لێکردبوو، هەر ناوە

ناوە وەخت و ناوەخت دەیگوت؛ (ئەرێ کەس نییە بچیتە ئەودیو کون گەرمەکم لۆ بینی؟!) لە جیاتی بڵێ (گرم کن) دەیگوت؛ (کون گەرم)!.



هاوڕێ مام هەدایەت

## خاڵە خولە و خەیامی قەرەچوخ

وەک پێشتر باسم کرد بە پەلەپەل ژوورەکانمان ئامادە کرد بۆ حەوانەوەی هاوڕێیان کە لە هەموو ڕوویێک کەموکوڕی هەبوو، پەنجەرەی ژورەکان بە دار و نایلۆن گیرابوو بەبێ ئەوەی حیساب بۆ هەواگۆڕکێ بکرێ، شەوان لەگەڵ دووکەڵی جگەرە و قەرەباڵغی هاوڕێیان زۆر تەنگەنەفەس دەبووین، منیش لە ژوورەکەی خۆمان لە هەموو پەنجەرەکان، بە دار و پەلاری دەستم کەوت شوێنی هەواگۆڕکێم لێ دروست کردن کە هەتا ڕادەیەکی باش کەڵکیان هەبوو.

خارەخولە کە ئەو کارەی منی دیت داوای لێکردم بۆ ژوورەکەی ئەوانیش هەمان کار بکەم، دیاربوو هەندێک تەختە داریشی پەیدا کردبوو، منیش دەستم پێکرد و لەگەڵ خاڵە خولە بەقسەی خۆش خەریک بووین.

کاتێک هاوڕێ (خەیامی قەرەچوغ) کە لەهەمان ژووری خاڵە خولە و ئەوان بوو هاتە لامان و سەیری کرد من بە هەر شێوەیەک و بە چەقۆیەکی خراپ خەریکی ڕێکخستنی تەختەکان بووم، بە پێکەنینەوە وەک عادەتی هەمیشەیی خۆی گوتی؛ (هاوڕێ ئەو دارانە لە ڕەندە بدە باشە)، تەماشایەکی خاڵە خولەشی کرد و گوتی؛ (کەپووی خاڵە خولەش لە ڕەندە بدە با هەندەک جوان بی چونکە کەپووی خاڵە بەرانانییە)، من هیچ دەنگم نەکرد و چاوەڕێی وەڵامی خاڵە خولەم کرد، زانیم ئێستا وەڵامێکی تەڕی دەداتەوە، یەکسەر خاڵە خولە گوتی؛ (کورە ڕەندەی لە کوێ بێنین هەی داک حیز، مەگەر لە ڕەندەی دایکتی بدەم)، ئیتر هاوڕێ خەیام بە پێکەنینەوە بە جێی هێشتین.



هاوڕییان شەهید بڕیار ، خارەخولە



هاوڕێیان خیام هاوکار

## ئەبو دلشاد و مام عەلی کوتک

هاوڕێ ئەبو دلشاد بەرپرسی بارەگای نۆکان بوو، لەگەڵ مام عەلی کوتک و هاوڕێ مەلا جەلال لە ژوورێک دەخەوتن، زۆرجار میوانی لایدە و هاوڕێیان دەهاتن و لەو ژوورە میوانی ئەبو دلشاد دەبوون، دەبوو چایەک

شتێکیان پێشکەش بکات، دیارە ڕۆژێک هاوڕێ ئەبو دلشاد لە دوکانەکانی بەردەم بارەگا پاکەتێک شیرینی بۆ ئەو مەبەستە دەکڕێ، شیرینییەکی زۆر ڕەق بوو لەسەر پاکەتەکە نووسرابوو (حلوا پزی....) لەگەڵ کردنەوە ناوەکەی بزر ببوو، بۆیە هەر بە حەلوا پزی ناسرا، هەر میوانێک دەهات هاوڕێ ئەبو دلشاد (حەلوا پزی)ی لەبەر دەم دادەنا، ئەوەندە ڕەق و شیرین بوو کەس نەیدەتوانی لە پارچەیەکی بچووک زیاتر بخوا یان هەر بۆی نەدەخورا، پاکەتی حەلوا پزی ماوەیەکی باش لە پەنجەرەکەی پشت سەری هاوڕێ ئەبو دلشاد مایەوە، شەوان مشک تەڕاتێنیان لەسەر دەکرد بە ڕۆژیش بۆ میوان دادەنرا.

ئێوارەیەک کە من و هاوڕێ (ڕێبواری قەرەچوخ) خەریکی نان کردن بووین، شوێنی فڕنیەکەمان لە لای ڕۆژهەڵاتی بارەگاکە بوو و دەیڕوانییە سەربانی بارەگاکە، بینیم لە بۆڕی سۆبەی ژوورەکەی هاوڕێ ئەبو دلشاد و ئەوان ئاگر دەردەچێ، بە شێوەیەک زیاتر لە بستێک لەسەر بانەکەش بەرز دەبێتەوە، زۆر لام سەیر بوو، چونکە بڕیار وابوو بۆ داگیرسانی سۆبە نەوت بەکارنەهێنین، گوتم؛ (هاوڕێ ڕێبوار سەیرکە ژووری هاوڕێیان چ حەشرێک بە نەوت دەکەن بۆ ئێمەش نابێ نەوت بەکار بهێنرێ)، لەو کاتە مام عەلی کوتک لە ژوورەکەی خۆیان دەرچوو و بە پێکەنینە ناسکەکەی خۆی و بە خنە خن هاتە لامان و بە دەست ئیشارەتی بۆ ئاگری سۆبەکەی خۆیان کرد و گوتی؛ (هاوڕێیان تەماشاکەن کوو داکی حەلوا پزیم گا)، من گوتم؛ (ئەوە چییە ڕەفیق عەلی کوتک چ کەتنێکت کردیە)، هەر بە پێکەنین گوتی؛ (داکی حەلوا پزیم گا، لە جیانی نەفت سۆبەم پێ ئاگردا و لە کوڵ

هاوڕێیانیشم کردەوە)، تۆمەز ئاگری بۆ دانەگیرسا بوو بەبێ نەوت، حەلـوای چەور و شیرینی لە سۆبا کردبوو، گوڕی لە هەموو سۆبەکانی دیکە زیاتر بوو، هەتا چەند ڕۆژێک هاوڕێ ئەبو دلشاد هەر دەیگوت؛ (نازانم حەلوایەکە چی لێهات دەبێ مشک خواردبی؟!) بێئاگا لەوەی مام عەلی سۆبەی پێداگیرساندووە.



هاوڕێ مام عەلی کوتک

## هەر ئەبو دلشاد و مام عەلی کوتک

هەندێک لە هاوڕێیان هێلکە و شتی وایان بۆ خۆیان دەکڕی بۆ کاتی پێویست دەیانخوارد، دیارە هاوڕێ ئەبو دلشادیش هەر بەو مەبەستە دەستە هێلکەیەک دەکڕێ و لەو پەنجەرەی پشت سەری شوێنی (حەلوا پزی) دایدەنێ و ناوە ناوش یەک دوو دانەی لێدەخوات، ڕۆژێک مام عەلی دەبینێ وا مشک خەریکی هێلکەکانن، بەڵام ناتوانن بیخۆن لە بەر ڕەقی و لووسی، هەڵدەستێ بە مەلاک دوو سێ هێلکەیان بۆ دەشکێنێ و مشکان بە هێلکەی ئەبو دلشاد دەعوەت دەکات، بێگومان ئەو کارەی بە ئێمە گوت کە چی کردووە و چۆن هێلکەکانی شکاندووە وەک ئاسانکارییەک بۆ مشکان، دوای دوو سێ ڕۆژ هاوڕێ ئەبو دلشاد وەزعەکە دەبینێ، هەر چۆنێک بێت هێلکە شکاوەکان فڕێ دەدات و ئەوانی دیکەش دەرباز دەکات، شەوێک هاتبووە ژوورەکەی ئێمە زۆر بە سەرسوڕمانەوە دەیگوت؛ (ماڵەوەدان مشکی ئێرە هێلکەشی پێ دەخورێ!!!)، بێئاگا لەوەی مام عەلی کوتک بە هێلکەی ئەو مشکی دەعوەت کردوون.

## ملازم چەتۆ و ..........

چوونە دەرەوە و هەوڵدان بۆ چوونە دەرەوە زۆر بوو، هەر کەسی حەزی لێبایە هەوڵی خۆی دەدا و واستە و واستەکاریش هەبوو، لە زۆر دانیشنەکان ئەو باسە دەکرایەوە وەک دەڵێن باسی ڕۆژ بوو، ڕۆژێک دوای نان خواردنی نیوەڕۆ بوو، بەدەم چا خواردنەوە هەمان باس کرایەوە، منیش گوتم؛ (دەڵێن ئەوەی بچێتە دەرەوە لە دواوە پشکنینی ئەوەی بۆ دەکرێ بزانن هینە یان نا، ئەگەر دەرنەچێت

دەیگەڕێننەوە جا ئەوەی بە منداڵیش شتی وای کردووە نەچێت باشە دەنا کەشف دەبێت)، یەکسەر هاوڕێ ملازم چەتۆ گوتی؛ (ئەرێوەڵڵا لە کاتی چووینە چیکۆسلۆفاکیا ئەو فەحسەیان بۆ کردین و شتێکی وەک دار چلورەیان خستە کۆممانەوە، ئەوەی تەواو نەبووایە گلۆپێکی سوور دادەگیرسا و ئەوەی دەریش چووبووایە گلۆپێکی کەسک دادەگیرسا، ئەوجا کەیفی خۆتانە دوایێ نەڵێن پێمان نەگوترایە)، یەک لە هاوڕێیان ڕەنگی سوورهەڵگەڕا بە شێوەیەک وەک ئەوەی وا گلۆپە سوورەکە داگیرسابێت و بە ئاشکرا هەستمان بە حاڵی کرد، دیار بوو بیری لە چوونە دەرەوە دەکردەوە و گەیشتە قەناعەتیش لە پشکنین دەرناچێت.

## یادەوەری ناخۆش (١٣)

هەرچەندە زستانی (١٩٨٨ - ١٩٨٩) کاتێکی خۆش و ناخۆش بەڵام پڕ بەها بوون بۆ ئێمە لە زۆر ڕووەوە، وەک ژیان لە بارەگا و دوور لە خزم و کەس (چونکە من تا ئەوکات شارەزایی ئەوتۆم لە ژیانی ناو بارەگا نەبوو)، ئەو ماوەیە زۆر شت فێر بووم تاڕادەیەکی باش هەوڵی خۆپەروەردەکردنم دا لە ڕێگای خوێندنەوە و گفتوگۆی ڕۆژانە لەگەڵ هاوڕێیان و تەنانەت تێکەڵاوبوونمان لەگەڵ پێشمەرگە و کادیری حزبەکانی دیکە و ناسینان کە هەتا ڕادەیەکی باش تەمی شەڕی ناوخۆی ڕەواندەوە، ئەزموونێکی زۆر باش بوو بۆ ئێمە، لە هەمان کات ڕووداوی ناخۆشیش ڕوویاندا کە لەبیرچوونەوەیان زۆر زەحمەت بوو. بۆ من گەورەترین و ناخۆشترین ڕووداو خەبەری کۆچی دوایی دایکم بوو، لەو شوێنە دوور و غەریبییە پێم گەیشت، هەرچەندە بەسەرخۆم نەهێنا وەک ئەوەی شتێکی ئاساییە و ڕەنگە هەمووان خەبەری وایان بۆ بێت، بەڵام ئەوەندە کاری لێکردم تا دوای هاتنەوەم بۆ هەولێر و سەردانی گۆڕەکەی، هەر لەبیرم بوو و بە هیچ سەبووریم نەدەهات، زیاتر لەبەرئەوەی چاک دەمزانی هۆکاری سەرەکی گیان لەدەستدانی شەهیدبوونی برای گەورەم (بریار) و دووری من بووە، هەرواش بوو کە هاتمەوە هاوڕێکانم باسیان کرد کە چۆن دایکم سەردانی هەمووانی کردووە و پرسیاری ئەوەی لێکردوون ئایا منیش دەگەڕێمەوە یان نا، کە هەموو هاوڕێیان دڵنیای دەکەنەوە من نیازی گەڕانەوەم نییە، دوای چەند ڕۆژێک نەخۆش دەکەوێ و هەر بەو نەخۆشییەش لەتەمەنی (٥١ ساڵی) گیان لەدەست دەدا.



دایکم ، پەری ئەحمەد

شتێکی دیکەی ناخۆش بۆ من و هەمووانیش شەهیدبوونی چەند هاورێیەکمان بوو لە مەفرەزە پارتیزانەکان، وەک هاورێیان؛ (ئارام شاهین و جووتیار چاوشین) لە مەفرەزەی دەشتی هولێر و هاورێیان (شەپۆڵ و رێباز) لە چیای کۆسرەت، لەگەڵ دەنگۆی شەهیدبوونی هاورێ (مام جوامێر) کە بەم شێوەیە بوو:

رۆژێک هاورێ (حاکم وریا)ی گەرمیان هاتە بارەگای ئێمە و بە تایبەت لای من بەدەم گریانەوە ئەو خەبەرە ناخۆشەی هێنا، گوایە بۆ خۆحەشاردان و لەچاو بزربوون مەفرەزەکەیان چوونەتە دەشتی هەولێر و لە ناو شینایییەکانی ناوچەی شەمامک، هاورێ (مام جوامێر) کە چووە لەبیری شینایییەکان ئاو بۆ هاورێیان بهێنێ، کەوتۆتە ناو بیرێک و خنکاوە، ئێستاش لەبەر چاومە چۆن دەگریا و دەیگوت بۆ هاورێ (جوامێر ناگریەم ئەو پێشمەرگەیە و شەهید دەبێت، بۆ منداڵەکانی دەگریەم هەموویان وردن و بێکەس دەمێننەوە)، دیاربوو کەسی لە من باشتری نەدۆزیبووەوە بۆ ئەوەی کوڵی دڵی خۆی لەلا دارێژێ، هەرچەندە منیش زۆر بەو هەواڵە دڵگران بووم، بەڵام دانم بەخۆداگرت و دڵنەوایی ئەوم دایەوە، دواتر خەبەرەکە راست دەرنەچوو.

شتێکی دیکەی ناخۆش بۆ من ئەوە بوو دوای ئەوەی لە چارەسەر هاتمەوە، مانگی (١٩٨٩/٥) دیتم هاورێیانی خوارەوە بەگشتی گەراونەتەوە چ ئەوانەی لە مەفرەزە پارتیزانەکان و چ ئەوانەی لەشارەکان بوون، بەڵام زۆر کەمیان هاتبوونەوە بە تایبەت هاورێیانی (قەرەچوخ و دەشتی هەولێر)، زۆربەیان تەسلیم ببوونەوە جا چ بە خۆشی خۆیان بێت یان ناچار بووبن، زۆرم پێناخۆش


بــوو ئەو هەمــوو هــاوڕێ ئــازا و بەجەرگ و قارەمانــانە ڕادەســتی دوژمــن و چارەنووسێکی نادیار بووبین، کە دواتر بە هەر شێوەیەک بێت هەندێکیان فەوتان وەک هاوڕێیـان (عەونـی، کرێکـار ... هتـد)، ئەوەی کە بـاش بـوو مەفـرەزە پارتیزانییەکـان بە سـەلامەتی و تەندروسـتی بـاش گەیشـتنەوە لامـان .

## ژیانی ئەو کاتی بارەگاکان

بەگشتی جگە لەو شتانەی باسم کردن ئەوی دیکەی ژیانی بارەگا زۆر خۆش بـوو، کـۆڕ و کۆبـوونەوەی بـاش دەکـران و شـیکردنەوەی بـاری سیاسـی ئەوکات دەکرا و کۆڕی ڕۆشنبیری جاروبار دەکرا کە بۆ ئەو کـاتی ئێمە هەتا ڕادەیەک بـاش بـوون، لە هەمـوو بۆنەکـان ئـاهەنگی تـایبەت دەگێـڕدرا وەک سەری ساڵ و نەورۆز و یادی دامەزراندنی حزب، چ بە شێوەی بچووک هەر یەکە لە بارەگای خۆی، شەو ئاهەنگی خنجیلانە دەگێڕدرا و لە بارەگـای ئێمە هاوڕێیان (ملازم چەتۆ، ئەردەلان، دڵنیا ... هتد) گۆرانی سۆزداری و سروودیان دەگوت و وتـار و شیعر دەخوێنرانەوە، لە بیرمە لە یەک لەو ئاهەنگـانە هـاوڕێ (مـام عەلـی کوتـک) شـیعرێکی جـوانی خـۆی خوێنـدەوە، زۆر لام سـەیر بـوو نەمدەزانی ئەو هاوڕێیە شیعر دەنوسێ! هەرچەندە نەخوێندەواریش بوو.

ئاهەنگی نەورۆزی (١٩٨٩)مـان زۆر گەورە و خۆش بـوو بە شێوەیەک لە هەموو حزبەکان میوانمـان هـاتبوو و خەڵکـی نـاوچەکەش هـاتبوون لە گۆڕەپـانی بارەگـای سـەرەوە ئـاهەنگەکە سـاز کـرا، جـگە لە وتـاری حـزب، شـانۆگەری (کـاوەی ئاسـنگەر)یش پێشـکەش کـرا کە هاوڕێیـان (ئاشـتی حەسـاری، مـلازم

چەتۆ، هاوکار، ڕزگار حەساری، دڵنیا، قاسم گەرمیان... هتد) دەورێکی جوانیان تێیدا گێڕا،



شانۆگەری کاوەی ئاسنگەر نەورۆزی ١٩٨٩
ئاشتی ،ملازم چەتۆ ، بێستون ،دەریا ،دڵنیا .......





یاری بالە لە نۆکان بەردەم بارەگای پاسۆک
نەریمان ساڵەیی،عەولابۆر، کارگەر.........



شەوە ئاهەنگ/ جەمال عەرەب، کەریم فەیلی،سەردار شێرە،ملازم کەریم ، رەنجبەر

شایانی باسە هاوڕێ (شوانەی شاعیر) شیعرێکی زۆر جوانی خوێندەوە بە ناوی (چڵە نێرگز) بەڕاستی هەمووانی هێنا گریا _ شایانی باسە هاوڕێ(شوانە) بەسروشتی خۆی کەسێکی کەمدوو بوو حەزی بەتێکەڵاوی نەبوو هەتا ئەو ڕۆژە چەند جارێکی کەم قسەم لەگەڵ کردبوو ، بەڵام ئەو ڕۆژە

چــوومە لای و دوو جــگەرەی ســۆمەرم دایــێ وەک دەستخۆشــی ، کە بــۆ ئەوکاتی ئێمە بەگشت و ئەو بەتایبەتی دیارییەکی بەنرخ بوو.

زۆربەی ئەو ڕۆژانەی هەوا خۆش بوو یاری (بالە) دەکرا جا چ لە نێوان هاوڕێیــانی خۆمــان بــووایە یــان لەگەڵ تیپــی حزبەکــانی دیــکە، ســەرەتا لە گۆڕەپــانی (پاسـۆک) یــاری دەکـرا، دواتـر هاوڕێیــانی بارەگــای (نــاوزەنگی ســەرەوە) گۆڕەپانێکیــان دروســت کــرد و تەواوی یارییەکــان گــوازرانەوە ئەوێ، یاریزانە دیارەکانی ئێمە (ئاری خۆشناوەتی، هاواری مام عەلی، کەریم فەیلی، باخەوان سەنگەرچاوڕەش...هتد)، یاریزانەکانی یەکێتی (نەریمان ساڵەیی، عەولا بۆر، قاسم کۆیی، ڕۆستەم عەلی سۆر، ئیسماعیل مورتکە ... هتد)، تەنانەت دەوریەکیش کرایەوە و تیپی (ینک) براوە بوون و دیاری تایبەتیان وەرگرت، جارێک دەوری (نیشانەشکاندن)یش کرایەوە، هاوڕێ (شەماڵ وەستا)ی ئێمە بە یەکەم دەرچوو.

هــاوینی (١٩٨٩) بارەگــای نۆکــان بە تەواوی ســووک کــرا و زۆربەی هاوڕێیان گوازرانەوە بارەگاکانی دیکە، بەندە بۆ بارەگای (ناوزەنگی سەرەوە) گـوازرامەوە، کە زیـاتر هاوڕێیـانی لقـی (گەرمیـان) بـوون، شـوێنەکەی دەکەوتە سەرەوەی هەموو بارەگاکان لە دۆڵێک هەتا ڕادەیەکی باش پەنا و نەدیو بوو، لە دیوی سنووری عێراق بوو، لە ناوزەنگ بە گشتی یەک ڕووباری زۆر بچووک دەبێتە سنوور لە نێوان (عێراق - ئێران)دا کە لە هەمـوو شـوێنێکی بە بـازێکی بچـووک مـرۆڤ دەتـوانێ لێی بپەڕێتەوە بە شێوەیەک لە زۆر شوێن دەتـوانرێ دوو کەس لە هەردوو دیـو تەوقە لەگەڵ یەکتـری بـکەن، چـونکە بارەگـاکە لە

دیـوی عێـراق بـوو، هەمـوو هاوڕێیـانی میـوان لە (تـودە، چریـک، چەپەکـانی ئێرانی) لەوێ بوون، زۆر کوڕی ڕێکوپێک و بێ موشکیلە و بێدەنگ بوون، زۆربەشـیان دەنگخـۆش و دەنگبێـژ بـوون، بەتـایبەت (جەمال)ێکیـان هەبـوو، هەر دەتگوت کۆڕی (ماملێ)یە، قەت لە گۆرانی گوتن بێدڵی نەدەکردین.

## کەپر دروست کردن

بارەگـاکە ڕوو لە ڕۆژهەڵات بـوو، دوای نیوەڕۆیـان زوو سـێبەری چیـای (مامەندە) دایدەپۆشی و فێنک دادەهات، زیاتر هاوڕێیان لە ناو کەپرێک کە لە خوارەوە و لەسەر ڕووبارەکە لەگەڵ چێشتخانەیەکی هاوینە دروست کرا بوو، کاتیان بەسەر دەبرد، هەتا ڕادەیەک قەرەباڵغ بوو، دەکرێ بڵێم بۆ خوێندنەوە و خەوی دوای نیوەڕۆ و بەگشتی شوێنی حەسانەوەیەکی ئەوتۆ نەبوو، بۆیە بڕیارم دا کەپرێکـی بچـووک دروسـت بـکەم، شـوێنێکی خـۆش و جـوانم دیـاری کـرد ڕێـک ڕووی لە چیـای (جاسوسـان)ی دیـوی ئێـران بـوو، لە شـوێنێکی بەرز و خۆش، هـاوڕێ (ئاشـتی حەسـاری) هاوکـاری کـردم و بـووە شـوێنی مـن و ئەو، وردە وردە هاوڕێیان گواستیانەوە کەپرەکەی ئێمە، وای لێهات نیوەڕۆ هەبوو (٨) کەسـی لێـدەخەوت، بەڵام شـەوان و کاتەکـانی دیـکە باشـتر بـوو، لە بەردەم و تەنیشتی کەپرەکە هەندێک تەماتە و ئاروم چاندبوو، هەموو ئێواران ئـاوم دەدا، لە کۆتایی مانگی هەشت پێگەیی، هەرچەندە کەم بوو، بەڵام بووە ئەزموونێک بـۆ سـاڵی داهـاتوو و هەتـا ڕادەیەکـیش کەڵکمـان لێـی وەرگـرت، بە تـایبەت تەماتەکە، چونکە تەماتەی ناوچە سنوورییەکان خۆشترە.

لەو کـات جـگە لە خوێنـدنەوە و سـەیرکردنی یـاری بـالەی هاوڕێیـان، زۆربەمـان ڕادیۆمـان هەبـوو و ئاگـاداری هەواڵەکـان دەبـووین و بەدواداچـوونی باشمان بۆ تەواوی ئێزگەکان دەکرد چ هـی نـاوخۆ و چ هـی دەرەوە بە تـایبەت ڕادیۆی (ینک و دیموکراتی ئێرانی) و (مۆنت کارلۆ — لەندەن).

## هەواڵی دڵتەزێن

لە ناوەڕاستی مانگی تەمووز (١٩٨٩) بوو، دڵتەزێنترین هەواڵمان بیست کە شەهیدکردنی (د. قاسملۆ و هاوڕێکانی) بوو لە سەر دەستی ئێرانییەکان، بە شـێوەیەک کـاری تێکـردین هەر بـاس نـاکرێ، ئەو دۆڵە بە گشـتی خەم دایگرت و تازیەبار دەردەکەوت، تەنانەت تەواوی خەڵکی ناوچەکەش بە هەمان شێوە، ئەو تازیەبارییەی پێوە دیار بوو، کوڕێک هەبوو بە ناوی (جەمال) خەڵکی سەردەشـت بـوو لە نزیـک بارەگاکـانی ئـێمە دوکـانی هەبـوو زیـاتر لەگەڵ قاچاخچییەکـان کـاری دەکـرد، زۆربەی کـات بە تـایبەت شـەوانە تـا درەنـگ گۆرانی دەگوت، ئەو ماوەیە تا چل ڕۆژ دەنگی لێوە نەهات هەر کەس قسەی بکردایە دەیگوت؛ (تازیەمان هەیە).



شەهیدی سەرکردە دکتۆر قاسملۆ

# خۆ ئامادەكردن بۆ زستان(١٤)

وەک باسم کرد سەرەتای هاوینی (١٩٨٩) گوازرامەوە بۆ یەکێک لە بارەگاکانی ناوزەنگان (ناوزەنگی سەرەوە) کە زۆربەیان هاوڕێیانی (لقی شوان) بوون، دەستە (هیئە)ی بارەگاکە پێک هاتبوون لە (مام خدر ڕوسی بەرپرسی بارەگا، مام جوامێر، موحسین یاسین، ئەبو زەهرە، جووتیار کەرکوکی ئەندامانی دەستەکە بوون).

## کەمێک گەڕانەوە بۆ ڕابردوو

حەز دەکەم کەمێک بگەڕێمەوە دواوە بۆ مانگی ئازاری ١٩٨٩ و شێک بگێڕمەوە کە لە نێوان من و هاوڕێ (مەلا حەسەن) ڕوویدا، هێشتا هەر لە بارەگای نۆکان بووین، ئێوارەی نەورۆز برادەرانی حزبەکانی دیکە هەندێک تەقەیان کرد، هاوڕێیانی ئێمەش حەزیان دەکرد، بەڵام هاوڕێ (ئەبو دلشاد) مەجالی نەدەدان، هاتنە لای من و گوتیان تۆ هەندێک تەقە بکە و سەری شتەکە بشکێنە، منیش هەر بە ئیستیفزازی هاوڕێیانی بەرپرسی بارەگا و بەبێ پرس دەستم بە تەقە کرد، هاوڕێ (ئەبو دلشاد) کە دیتی من تەقە دەکەم دەنگی نەکرد، حیسابی بۆ ماندووبوونی من دەکرد و ڕێزیشی دەگرتم، ئیتر هەر هاوڕێیە و دەستی کرد بە تەقە یەکجار بەبێتامی تەنانەت (ئارپ پی جی)یشم هێنا و سێ گوللەی هەبوو، هەر سێکم بە ئاسماندا تەقان

دوای دوو سێ ڕۆژ هاوڕێ (مامۆستا بڕیار) گوتی؛ (داوای قایمە کراوە کە هەر هاوڕێیە و چەند فیشەکی تەقاندییە بینووسن بۆ ئەوەی بیاندەینەوە)، من یەکسەر لە مەبەستەکە گەیشتم و گوتم؛ (کاری وا مەکە ئەوە تەنیا بۆ ئەوەیە بزانن کێ تەقەی زۆر کردووە و سزای بدەن) ئەو باوەڕی نەکرد و دەستی کرد بە ناونووسین و هەر لە بەدبەختی ناوی منی لە پێش هەموان نووسی بوو کە (١٨٠) فیشەکم تەقاندبوو، تەنیا یەک مەخزەنی کلاشینکۆف و فیشەکی دەمانچەکەم مابوو، پێم ناخۆش بوو ناوی من یەکەمە و لە هەموانیش زیاترم لەسەر نووسراوە، بە تایبەت کە زانیم ئەو قایمە کردنە لەسەر داوای هاوڕێ (مەلا حەسەن)ە، چونکە پیاوێکی گرژ و مۆن و بێ مجامەلە بوو بە تایبەت لەگەڵ هاوڕێیانی پێشمەرگە وەک هاوڕێ (ئەبو فاررووق ) حەزی دەکرد هەموو تەسلیم ببنەوە، حیسابی بۆ ماندووبوون و قوربانیدانی هیچ پێشمەرگەیەک نەدەکرد، هەرچەندە شیوعییەکی سەرسەخت و خۆڕاگر بوو، هەتا ڕادەیەکیش ئاستی ڕۆشنبیری باش بوو.



هاوڕێیان مامۆستا بڕیار ، عەباسی شەقڵاوە

دوای چەند ڕۆژێک لە بارەگای ناوزەنگی سەرەوە کۆڕێک لە لایەن هاوڕێ (حاجی جەمال) ئامادە کرابوو لەسەر ژیان و خەباتی هاوڕێ (فەهد)، منیش چوو بووم، کاتێکم زانی هاوڕێ (مەلا حەسەن) هاتە تەنیشت من دانیشت کە دۆستایەتی ئەوتۆشمان نەبوو، زانیم مەسەلە تەقەکردنەکەیە، بڕیارم دا هەر دوای تەواوبوونی کۆڕەکە یەکسەر بڕۆم و چاوەڕێی پرسیار و وەڵام نەکەم، بە کورتی خۆم لە قسە ڕەقەکانی ئەو هاوڕێیە دەرباز بکەم، بەڵام ئەو

کە هەر بە نیازی شکاندنی من هاتبووە تەنیشتم مەجالی نەدا، لە ناوبڕەی کۆڕەکە بە دەنگی بەرز گوتی؛ (هاوڕێ چەتۆ چەند فیشەکت هەیە) ئیتر کار لەکار ترازا، هەموو هاوڕێیان سەیریان کردین و زانیان ئەو پرسیارە و بەو جۆرە دەنگ بەرزییە شتێک هەیە، زۆر لێی توڕەبووم، بەڵام بە هێواشی گوتم؛ (وەڵلا هاوڕێ بەس فیشەکی دەمانچەکەم)، ئەو زۆر بەبێ موجامەلە و بە شێوەیەکی ناشیرین گوتی؛ (لۆ چونکە دەمانچەکە هی خۆتە؟ ئێوە چین دوژمنی حزبن؟ زگتان بە حزب ناسووتێ؟ خوێنی شەهیدان بە فیڕۆ دەدەن) و چەند قسەیەکی دیکەی بێکەڵکی لەو بابەتە، کە باسی خوێنی شەهیدانی کرد لەرزیم و تەزووێک بە لەشم داهات، وەک ئەوەی ئەو دڵسۆز و ئێمەش خائین و بێوەفا بەرامبەر حزب و شەهیدان، ئەوە لە کاتێک باش دەمانزانی ئەو و نموونەی ئەو چ کارێک بە خوێنی شەهید دەکەن و چۆن خەڵکی ناحزبی و هیچ و پووچ لە سەر حیسابی شەهیدان ڕەوانەی دەرەوە دەکەن و دەیان شتی دیکەش، (لە کاتی خۆی و بەپێی پێویست باسیان دەکەم)، زۆر لێی توڕە بووم و یەک بەدەنگی خۆم بەسەریدا هاوارم کرد و گوتم؛ (هەتا ئێستا دە جار زیاتر لەوەزنی تۆ تفەنگی بە خوێنم بۆ حزب هێناوە من دڵسۆزی حزب نیم و خۆێنی شەهیدان بە فیڕۆ دەدەم یان تۆ و ئەمسالی تۆ؟!)، چەند قسەیەکی دیکەی توندترم پێی گوت، کە حەز ناکەم لێرە بیاننووسم، چونکە ناشیرین بوون، ئیتر هاوڕێیان هاتنە نێوانمان و منیان بێدەنگ کرد، هەر لە دوای ئەو قسانە و هەموو ئەو ماوەی دیکە تا دوای ڕاپەڕینیش هەر ئەوەندە قسەیەمان لەگەڵ یەکتری کرد و بە گشتی کەیفمان بە دیتنی چارەی یەکتری نەدەکرد.

## پێڵاوی لاستیک و مێشکی بۆگەنی

ئەو مەسەلەیە بە هاوڕێ (مەلا جەلال) گەیشتبۆوە، کەیفی پێهات و دەستخۆشی لێکردم و ئەویش شتێکی وای پێکرد بە هەنجەتی نەکڕینی پێڵاوی هاوینە، ماوەیەک بوو دنیا گەرم داهاتبوو، ئەو هاوڕێیە( مەلاحەسەن) ڕازی نەدەبوو پێڵاوی هاوینەمان بۆ بکڕن، ڕۆژێک هاتە بارەگای ئێمە و لە دوورەوە لەگەڵ هاوڕێ (ئەبو دلشاد) پیاسەیان دەکرد، پێڵاوێکی لاستیکی (سەمسون) کە ئێستا پێی دەڵێن (چووپ)ی لە پێ بوو، منیش گوتمە هاوڕێ (مەلا جەلال) کە شتێکی وایە، یەکسەر هاوڕێ (مەلا جەلال) بە دەنگی بەرز بەخێرهاتنێکی گەرمی کرد، ئەویش زۆر کەیفی پێهات و هەر بەگەرمی و بەدەم پێکەنینەوە وەڵامی دایەوە، (چونکە هاوڕی مەلا جەلال عادەتی نەبوو بەخێرهاتن و قسەی خۆش لەگەڵ بەرپرسان بکات)، پرسیاری لێکرد و گوتی؛ (هاوڕێ مەلا حەسەن ئەوە چ پێڵاوێکت لە پێیە بەو گەرمایە؟ پێت بۆگەنی نابێت؟!) ئەو گوتی؛ (نا نا هاوڕێ هێشتا کاتی مایە)، هەردووکیان لە قسەی یەکتر گەیشتن و هاوڕێ (مەلا جەلال) گوتی؛ (بەشەرفم هەرچی ئێستا ئەو پێڵاوە لە پێ بکات نەک پێی مێشکیشی بۆگەنی دەبێت)، هاوڕێ (مەلا حەسەن) زۆر بە خۆی داشکایەوە بە تایبەت کە زۆربەی هاوڕێیانی بارەگا سەیریان دەکردن، هەندێک سەرزەنشتی هاوڕێ (مەلا جەلال)یان کرد، بەڵام ئەو هەر حیسابی بۆ قسەی کەس نەکرد و یەک دوو جوێنی تەڕیشی دا.

ژیان لە بارەگای ناوزەنگی سەرەوەش وەک هەموو بارەگاکانی دیکە بوو تەنیا ئەرکی پاسەوانی بارەگا و نان و چێشت ئامادەکردن، دەنا هیچی دیکە نەبوو، خوێندنەوەش زۆر کەم یان هەر نەبوو، زۆربەی هاوڕێیان تەنیا لە بیری چوونەدەرەوە بوون بەتایبەت هاوڕێ عەرەبەکان، ناوە ناوە چەند هاوڕێیەکیان لێ ڕەوانە دەکرا. زۆری کاتەکان بە یاری باڵە بەڕێ دەکران بە تایبەت دوای نیوەڕۆیان چ لە ناوخۆ یان لەگەڵ برادەرانی حزبەکانی دیکە. ئەوکات برادەرانی (حسک) بارەگایەکیان بەرامبەر ئێمە بە دیوی ئێران هەبوو، (وابزانم ناوچەی قەڵادزێ بوو) ئەوان کەم دەهاتن بۆ یاری و تێکەڵاویان لەگەڵ ئێمە کەم بوو، بەڵام هەر لەو هاوینە چەند بارەگایەکی دیکەیان هەر لەدیوی ئێران بەرامبەر ئێمە دروست کرد، دیاربوو بڕیاریان دابوو تەواوی هەڤاڵانی هەولێریان بهێننە ئەو ناوچەیە، هەر واشیان کرد و تێکەڵاویەکی باش لە نێوانمان دروست بوو، چ لە یاری کردن چ لە سەردانی کردنی یەکتری و دۆستایەتی و ناسیاوی باش لە نێوانمان دروست بوو.

بە گشتی ئەوەی لە بیرم مابێت لە کۆتایی ئەو هاوینە چەند کۆڕێکی ڕۆشنبیری لایەن هاوڕێیان بەسترا، هەتا ڕادەیەکی باش کەڵکمان لێی وەرگرت، بەتایبەت بابەتێکی گرنگی ئەو کات کە (سیاسەتی کرانەوەی یەکێتی سۆڤیەت بوو لەلایەن گۆرباچۆڤی سەرۆکی ئەوکاتیان هاتە ئاراوە بە ناوی (پریسترۆیکا و گلاسنۆست)، کە ئەوکات لە سەرتاسەری دنیا ببووە جێی گفتوگۆ، بابەتەکە بە ماوەی شەش ڕۆژ لەلایەن هاوڕێیەک بە ناوی (د. بەدر یان د. منیر) پێشکەش کرا، زۆر بە تێر و تەسەلی شیکردنەوەی بۆ کرا و

گفتوگۆی لە بارەوە کرا، بەگشتی زۆربەی هاورێیان هاورا و هاوسۆزی ئەو سیاسەتەی ئەوکاتی (سۆڤیەت و گۆرباچۆڤ) بوون، چەند هاورێیەکی کەم نەبێت ئەو سیاسەتەیان بە باش نەدەزانی و ترسیان لێی هەبوو، کە یەکێک لەوان هاورێ (مەلا حەسەن) بوو.

## داوت و داوەتکاری

هاورێ (مام خدر) کە بەرپرسی بارەگا بوو هەندێک حەزی بە داوەت و داوەتکاری دەکرد، ئەوکات هەفتەی جارێک گۆشت دەکرا و هەر بارەگا و پارەی تایبەت و دیاریکراوی خۆی هەبوو بۆ کڕینی گۆشت و تەڕە، واتە داوەتەکان لەسەر حیسابی بەشە گۆشت و تەڕەی هاورێیان بوو، نەک حیسابی شەخسی، کە ناڕەزاییەک بەرامبەر ئەو کارە هەبوو، ڕۆژێک هاورێ (مام خدر) کۆمەڵێک هاورێی بەرپرسی داوەت کردبوو کە هاورێیان (جەلال دەباغ، ئەبو یەسار، دایکی بەهار، مام سالح و دوو هاورێی دیکەش)ی داوەت کردبوو، نۆرەی هاورێ (حەمە ڕەشاش) بوو خواردن دروست بکات، ئەویش لە خواردن دروست کردن کەمێک شڕ بوو، ناچار (مام خدر) داوای لە من کرد یارمەتی بدەم، بەڵکو خواردنەکە باش دەرچێ و شەرمەزاری میوانەکان نەبین .

## خۆزگە ژنی ئەبوفاروق باین

لە کاتی میوانەکان هاتن، دیاربوو هاورێ حەمە ڕەشاش (دایکی بەهار)ی نەدەناسی، پرسیاری لێکردم و گوتی؛ (ئەوە ئەو ژنە مەنسولی

ئـێمەیە؟) منـیش هەر بە شـێوە گـاڵتەیەک گـوتم؛ (کـورە ئەوە مەسـولی مەسولەکانیشمانە)، بەسەرسوڕمانەوە گوتی؛ (یەعنی مەنسول مام جوامێر و مامۆستا ڕزگاریشە؟!) سەرم ڕالەقاند، دەستی لەدەستی خۆی دا و گوتی؛ (خۆزگە هەر ژنی ئەبو فارووق باین!)، بە تێگەیشتنی ئەو چونکە ژنی ئەبو فارووقە بۆیە مەسولی هەمووانە.



هاوڕێیان حەمەڕەشاش ، مام جوامێر

لەو هاوینە ئەرکێکمان پێسپێردرا لەسەر چیای مامەندە کە دەبوو هەر چەند ڕۆژێک هاوڕێیانی بارەگایەک بەنۆرە ئەرکەکەیان وەرگرتبایە، ناوە ناوە هاوڕێیانی ئێمەش ئەو ئەرکەیان بەردەکەوت، ئەوە بوو درێژەی کێشا هەتا یەکەم بەفر باری و ترسی هیچ نەما، هەروها هەر لەو سەروبەندە هێزەکانی ڕژێمی بەعس هێرشیان بۆ سەر ناوچەی (دۆڵە کۆگە) هێنا و لەسەر لوتکەکانی (سادر و چەکوک) چەند شەڕێک کرا و ماوەیەکی درێژی خایاند، بەڵام لەبەر بەرگری پاڵەوانانەی پێشمەرگەکانی ئێمە و بە هاوکاری (ینک) ڕژێم نەیتوانی بیگرێت.



هاوڕێیانی بەشدار بوو لە شەڕی سادر و چەکوچ
وێنەکەش هی ناو سەنگەرەکانی ئەوێیە

بەرەو کۆتایی هاوین دەچووین و دەبوو بۆ زستان خۆ ئامادە بکەین و پێویستی زستان بە تایبەت لە سووتەمەنی دابین بکەین کە لەو شوێنە هەر دار بۆ سوتان بەکاردەهات، جا چ بۆ خواردن دروستکردن یان نانکردن و خۆگەرمکردنەوە و خۆشوشتن، بۆیە هاوڕێ (مام خدر) بڕیاری دا کە هەڵمەتێکی دارهێنان بکرێت و هەمووان تێیدا بەشدار بوون تەنیا من و هاوڕێ (حەمە ڕەشاش) بەهۆی نەخۆشی بەشدار نەبووین، بڕە دارێکی یەکجار زۆر کۆکرایەوە.

دواتریش دەست کرا بە سواخدانی دیواری ژوورەکان و بە پێویست زانرا گەرماوەکەشمان چاکتر بکەین و هەوڵ بدرێ بکرێتە (کورخان) کە لە ژێرەوە ئاگری هەبێت، بۆ ئەو کارەش داوا لە من کرا، چونکە ئەزموونی بەستی شرغە و نۆکانی سەرەوەم هەبوو لەو کارە، بە هاوکاری هاوڕێیان گەرماوێکی لەو شێوەیە دروست کرا کە بۆ زستان زۆر کەڵکمان لێی وەرگرت،


کاتی حەمام دروست کردن

چەتۆی بەڕانەتی ، ملازم ئازاد، ئەبوزەهدە،ئاکۆی گەرمیان ،کریم فەیلی

دوو ژورمان هەبوو لەسەرەوە هەردووکیان جوان سواخدران، بەڵام بۆ هۆڵە گەورەکە هەرچەند هەوڵم دا کەسێکی ئەوتۆ نەبوو بۆ سواخدانی، ناچار من و هاوڕێ (هەژاری هەورەمان) دەستمان کرد بە خاوێنکردنەوە و پاککردنەوەی، هەر لە ترسی کێچ و ئەسپێی ساڵی پار دەرمانێکی یەکجار زۆرمان ڕشاند بە شێوەیەک تا یەک دوو ڕۆژ کەس نەیدەوێرا بچێتە ژوور و منیش تووشی ژەهراوی بوونێکی کەم بووم، بە هەرحاڵ لەگەڵ هاتنی سەرما من و هاوڕێ

(هەژار هەورامـی) یەکەم کەس پێخەفـی خۆمـان بـردە ژوورەوە و شـوێنی بـاش و نـزیکە شـوێنی سـۆبەمان گـرت و وەک موختـاری ژوور هەڵسـوکەوتمان دەکـرد لەگەڵ هاوڕێیـان و جێگامـان بـۆ دەستنیشـان دەکـردن، بەڵام چـونکە هـۆڵەکە گەورە بـوو و ژمارەشـمان کەم بـوو هەر کەس بە کەیفـی خـۆی پێخەفـی خـۆی ڕادەخست.



چەتۆی بەڕانەتی ، هەژاری هەورامان

هەر لە سەرەتای پـایز و هـاتنی زسـتان، بـۆ کـات کوشـتن و وەک حەزی خوێنـدنەوەش هەوڵ درا تـاڕادەیەک برێکـی بـاش کتێـب پەیـدا کـرا و تەنـانەت کتێبخانەیەکی بچووکیش دروست کرا، هاوڕێ (ئاشتی حەساری) سەرپەرشتی

دەکـرد، منــیش هەر لەبەر خـاتری ئەو و وەک ڕێزلێگرتنێـک پێشــنیارم کـرد ناوبنرێت (مەکتەبەی ئاشتی)، کە هەتا ڕادەیەکی باش کەڵکمان لێوەرگرت و ئەو زســتانەش وەک ســاڵی پـار چەنـد کتێبێکــی باشــمان بەدەســت کەوت و خوێندمانەوە.

لەو سـەروبەندە چەنـد شـتێکی گرنـگ و جێـی هەڵوەسـتە لەسـەرکردن لە ژیانی حزبی ئێمە و دنیـاش ڕوویانـدا کە بە تەواوی و زۆربەی کاتەکـان پێوەی خەریک بووین و بوو بوونە جێی مشتومڕی بەردەوامـمان، ئەوانـیش؛ (بیـرۆکەی شیوعی کوردستانی و گۆڕانکارییەکانی بلۆکی ڕۆژهەڵات).

# سەر سنوور (گۆڕانکاری) (١٥)

پایزی ساڵی (١٩٨٩) زۆرباش خۆمان بۆ زستان ئامادە کرد، دار و سووتەمەنییەکی زۆر کۆکرایەوە، خواردن و پێویستی زستان بەگشتی، بەپێی پێویست ئامادە کرا، ناوە ناوە هاوڕێیانیش دەڕۆیشتن بۆ دەرەوە، ژمارەمان کەم دەبووەوە و پێویستییەکان زیادی دەکرد، لە ڕووی پاک و خاوێنیش هەر وەزعمان لە زستانی پێشووتر باشتر بوو، بە هۆی کەمی ژمارەمان و گەرماوێکی زۆر باشیشمان دروست کردبوو، هەموو ڕۆژانی چوارشەم لە سەعات چواری بەیانییەوە گەرم دەکرا، یەک لەدوای یەک خۆمان و جل و بەرگمان دەشوشت، دەبوو هەمووان لەو ڕۆژە خۆیان بشۆن وەک ئەمری سەربازی.

وردە وردە زستان هات، بەڵام زستانێکی تاڕادەیەک خۆش، درەنگ ساردی کرد، دەنا سەرەتای زستان هەر زستانی پێوە دیار نەبوو، هەرچەندە ساردیش بایە کێشە نەبوو، چونکە وەک گوتم باش خۆمان ئامادە کردبوو، لە ژوورە گەورەکەی ئێمە نزیکەی (١٠- ١٢) هاوڕێی کورد و عەرەب بووین، زۆر بەڕێز و خۆشەویستی لەگەڵ یەکتری هەڵسوکەوت دەکرا و لە کاتی پێویست یارمەتی یەکتری دەدرا.

کاتێکی زۆر گونجاو و باش هەبوو بۆ خوێندنەوە و خۆ پەروەردەکردن، کەڵکی باشمان لە کتێبخانە بچووکەکەی خۆمان وەرگرت کە بە ناوی (کتێبخانەی ئاشتی) بوو، جگە لەوەش هاوڕێیەکی عەرەبمان هەبوو بە ناوی (ملازم ئازاد) بەردەوام سەردانی بارەگایەکانی دیکەی دەکرد و هەرچی

کتابێک یان بڵاوکراوەیەکی دەستکەوتایە دەیهێنا تا هەموومان نەمانخوێنبایەوە نەیدەبردەوە، من زۆربەی ئەو کتێبانەی ئەو هاوڕێیە دەیهێنا دەمخوێندنەوە، هەرچەندە هەمووی عەرەبی بوون، بەڵام کێشەم نەبوو بەتایبەت ئەو زستانە خوێندنەوەی عەرەبی و کوردیم وەک یەکی لێهات بەهۆی ئەو کتێبانەی هاوڕێ (ملازم ئازاد) دەیهێنان و هەرچی تێینەگەیشتبام لەوم دەپرسی، کوڕێکی زۆر ڕۆشنبیر بوو، زۆریش حەزی بە تێکەڵاوی ئێمە دەکرد و لە یارمەتی هاوڕێیان درێغی نەدەکرد.



هاوڕێیان (نبا ) شەهید ئومێد، نەوال ،ملازم ئازاد ، ئایار ،جەنان

## یاری و کات کوشتن

زۆر شەوانیش بە یاری فۆلکلۆری و ئاهەنگی خنجیلانە شەومان بەڕێ دەکرد، چەند یاریەک لە داهێنانی هاوڕێ (هەژاری هەورەمان) فێر ببووین، یەک لەو یارییانە بە ناوی (عەلۆ عەلۆ) بوو، کە هەر یەکە و گورزێکی بەدەستەوە دەگرت و بە چاوی بەستراو لەگەڵ بانگی (عەلۆ عەلۆ) و وەڵامی ئەوی دیکە شوێنەکەی هەست پێ دەکرد و گورزی خۆی ڕادەوەشاند، هونەر لەوە بوو کێ زۆرتر لە بەرامبەرەکەی بدات، یاریەکی دیکە بە ناوی (شەڕە کیسەڵ) بوو بە شێوەیەک دەست و پێی دوو کەس دەبەسترایەوە کە شکلی کیسەڵی دەدا و بە شان و مل یەکتریان دەخست و ئیتر بە گاز گرتن و نووکە پێ لێکیان دەدا، هاوڕێ (هەژار) یەک بەدەنگی خۆی هاواری دەکرد و دەیگوت؛ (کیسەڵی خۆمە و هەڵپەڕێ گوو لە کنگی دەرپەڕێ)، هانی یاریکەرەکانی دەدا، هەتا ڕادەیەکی خۆش دەبووە جێی پێکەنین، زۆر لە هاوڕێیانیش فێری شەراب دروست کردن ببوون، زۆربەی کاتەکان شەرابی ناو بەفر هەبوو کە بۆ سەرگەرمکردنی ئەو زستانە و ئەو دوورەدەستییە زۆر بە کەڵک بوون، هەرچەندە هاوڕێیانی بەرپرسی بارەگا (بەتایبەت مام خدر) دژی شەراب و خواردنەوە بوو، بەڵام کاریگەری ئەوتۆی نەبوو.

## هەندێک ڕوداو و نوکتە

ئەو زستانەش وەک ساڵی ڕابردوو دەرسم بە هاوڕێ (حەمە ڕەشاش) دەگوت، چونکە خوێندەواری نەبوو، هەتا ڕادەیەکی باش کەڵکی لێوەرگرت، پێم خۆشە چەند نوکتە و بەسەرهاتێکی ئەو زستانە بە تایبەت هی هاوڕێ (حەمە ڕەشاش) بگێڕمەوە:

## حەمە ڕەشاش و دکتۆر کامەران

ڕۆژێک دوای نان خواردنی بەیانی کە زۆربەی هاوڕێیان لەسەر جێگای خۆیان پاڵ کەوتبوون، هاتمەوە ژوور بۆ سەر جێگای خۆم، کاتێکم زانی هاوڕێ (حەمە ڕەشاش) پاڵێکی پێوەنام، خۆم بۆ نەگیرایەوە بەسەر سینگ و ملی هاوڕێ (د . کامەران)دا کەوتم کە کوڕێکی ناسک و بێهێز و تاڕادەیەک لاواز بوو، ئەوکات من زیاد لە حەدی خۆم قەڵەو ببووم بە شێوەیەک زیاتر لە (١٠٥ -١٠٧) کیلۆ دەبووم، لەگەڵ کەوتنەکە هەستم کرد شوێنێکی هاوڕێ کامەران لەژێرم شکا، بەڵام ئەو بە ئاسایی وەرگرت و گوتی هیچ نییە، هەرچەندی هەوڵم دا کە بچێتە سەردەشت بۆ ئیشاعە وەرگرتن ئەو هەر عینادی کرد، دوای یەک دوو سەعات تەواو لێی بەدیارکەوت، ناچار لەگەڵ هاوڕێیەک ڕۆیشت بۆ سەردەشت و ئێوارە کە هاتنەوە شان و پیلی هەڵبەسترابوو دیاربوو ئەو ئێسکەی شان و مل بەیەکەوە ڕادەگرێ شکابوو، دەبوو ماوەی مانگێک بەو شێوەیە بێت، ناچار ئەو ماوە دوور و درێژە خزمەتکرا و من و هاوڕێ (حەمە ڕەشاش) خزمەتی زۆریمان کرد هەر لە سەر شوشتن و جلک

شوشتن هەتا جێگا ڕاخستن و .... هتد وەک هاوکاری و سزادانێکیش بە تایبەت هاوڕێ (حەمە ڕەشاش) دەبوو جل و بەرگی بۆ بشوات.



دکتۆر کامەران ، دکتۆر هۆشەنگ

## حەمەڕەشاش و یاری تاوڵی

چەند جۆرێک یاری زۆر دەکران وەک شەترەنج و تاوڵی، هاوڕێ (حەمە ڕەشاش) زۆر خووی دابووە یاری تاوڵی و تازەش فێر دەبوو، باوەڕ ناکەم قەت جارێک یارییەکی بردبێتەوە و هەر دەدۆڕا، تا وای لێهاتبوو کەس یاری لەگەڵ نەدەکرد. شەوان تەختەی تاوڵەکەی لەبن هەنگڵی دەنا ژوور بە ژوور دەگەڕا تا یەکێک بەخێری خۆی دەستێکی لێدەبردەوە، ئیتر دڵی دادەکەوت و لەسەر پشت ڕادەکشا و دەیگوت؛ (ئاییییی باوکەگیان)، ئەو کاتیش زۆربەی ئێواران میوەمان هەبوو، زۆربەی کات (پرتەقاڵ، لالەنگی یان سێو) بوو. هەر هاوڕێیە و بەشی خۆی وەردەگرت، جاری وا هەبوو زیاتر لە دوو سێ دانەمان بەردەکەوت، هاوڕێیان بە تایبەت هاوڕێ (کاوە چاوشین) فێر ببوو دەیگوتە هاوڕێ (حەمە ڕەشاش) لەسەر میوە دەنا یاریت لەگەڵ ناکەم، ئەو بەدبەختەش خواخوای بوو کەسێک یاری لەگەڵ بکات جاری وا هەبوو یەک دوو دانەی زیادیشی دەهێنا و هەمووی دەدۆڕاندە هاوڕێ (کاوە چاوشین)، ئەویش زۆر بێویژدانانە یەک دانەی بۆ نەدەگەڕاندەوە هەمووی بە بەرچاویەوە دەخوارد، باوەڕ ناکەم ئەو زستانە هاوڕێ (حەمە) دوو دانە میوەی خواردبێت، هەمووی بۆ هاوڕێ (کاوە) بوو.



هاوڕێیان کاوە چاوشین ، یوسف حەساری ،کوردۆ

ڕەنگە ئەگەر هەموو بەسەرهات و نوکتەی ئەو هاوڕێیە بنووسم بە کتێبێک تەواو نەبێت، چاکترە ئێستا وازی لێبهێنم و ئەگەر لە شوێنێک پێویستی کرد دەینووسم.

## ڕوداوە ناوچەیی و جیهانەکان

لە زستانی (١٩٨٩ - ١٩٩٠) ڕووداو و گۆڕانکاری گرنگ و گەورە لە جیهان و ناوچەکە و حزبی ئێمە و بارەگاکانی ئێمەش ڕوویاندا، بە پێویستی دەزانم هەڵوەستەیان لەسەر بکەم و هەر لایەنە و شتێکی پێویستی لێ باس بکەم و بگێڕمەوە.

ئەو ماوەیە لە سەرتاسەری دنیا و (بەناو بلۆکی ڕۆژهەڵات) بە کاریگەری ئەو بیرۆکەی لەلایەن (میخاییل گۆرباچۆف)ەوە هاتە ئارا، بە ناوی

(پریسترۆیکا و گلاسنۆست) کە بووە هۆی خۆپیشاندان و داوای گۆڕانکاری لە وڵاتە بەناو سۆسیالیستەکان، کە کۆتاییەکەی بە ڕووخانی هەموو ئەو وڵاتانە کۆتایی هات کاریگەری بەسەر ئێمەش هەبوو، هەردەم کۆڕ و کۆبوونەوە و مناقەشەی ئەو بابەتە دەکرا و تەواو پێی مەشغول بووین، هەرچەندە کادیر و ڕۆشنبیری وامان نەبوو ئەو ڕەوشە بە شێوەی زانستییانە و ڕاست و دروست شیبکاتەوە جگە لە یەک دوو کەس نەبێت کە پێشتر باسم کرد دەنا ئەوی دیکە هەمووی لە ڕووی سۆز و ڕقی خۆی بۆ ڕەوشەکە هەر هەموو مناقەشەکان و کۆڕ و کۆبوونەوەکان زیاتر لە دەودەوانێ دەچوون زیاتریش لەبەر ئەوەی چ سەرچاوە و شتێکی ئەوتۆی باشمان لێ نەدەزانی، جگە لە ڕادیۆ کە ئەوانیش زیاتر ڕادیۆی (مۆنت کارلۆ، لەندن، جارجارەش مۆسکۆ) کە زیاتر لە بەرژەوەندی سیاسەتی وڵاتەکانیان باسیان لە شتەکان دەکرد، هەموو ڕاگەیاندنی ڕۆژئاوا خۆپیشاندان و نارەزاییەکانیان بە کاری شۆڕشگێڕی و خەباتی ڕەوا وەسف دەکرد و ڕادیۆی مۆسکۆش هەر بە بەژن و بالای سیاسەتی (گۆرباچۆف)ی هەڵدەدا و بە ئاشکرا دەستوەردانی لە وڵاتانی بە ناو سۆسیالیستیی دەکرد، بە شێوەیەک لە ئەڵمانیا خەریک بوو دەسەڵاتی ئەو وڵاتە وەزعەکە هێور بکاتەوە و دەست بکات بەو چاکسازییەی خەڵک داوای دەکرد، (گۆرباچۆف) لە ڕادیۆی مۆسکۆ داوای لە خەڵکی ئەڵمانیا کرد (بەو قسانە باوەڕ مەکەن و سۆڤیەت ئامادەیە هەموو هاوکارییەکتان بکات)، ئەوە بوو هەر دوای ئەو قسانە خۆپیشاندان دەستی پێکردەوە و بە ڕووخانی ئەڵمانیا کۆتایی هات، ڕاگەیاندنی ڕۆژئاواش بە هەمان شت هەرچی توانیان کردیان بە

شێوەیەک شێوەی تیرۆرکردن و کوشتنی (چاوچیسکۆ و ژنەکەی)یان بە دادگای عادیلانە وەسف کرد و دەیان شتی دیکەی لەو بابەتە، کە دوور و نزیک کاریگەریان بەسەر وەزعی ئێمە هەبوو، هەتا ڕادەیەکی زۆر قسە و باس هاتە سەر ئەوەی حزبی ئێمەش لە ژێر کاریگەری و شێوەی هەموو حزبە شیوعییەکانی وڵاتانی ڕۆژهەڵات بەگشتی و یەکێتی سۆڤیەتە بەتایبەتی، بۆیە پێویستە بە گشتی بە سیاسەتی حزب و شێوەی کاری حزب و بەڕێوەبردنی حزب دابچینەوە و گۆڕانکاری بنەڕەتی لە تەواوی سیاسەت و بەرنامە و پەیڕەوی ناوخۆیی و بەڕێوەبردن و تەنانەت هەیکەلی حزبیش بکەین.

لە ژێر گوشاری هاوڕێیان سەرکردایەتی ئەوکاتی حزب لە بارەگاکان کەوتە خۆ، دوای چەند کۆبوونەوە و یەکتر بینینی یەک و دوو هەروەها کۆبوونەوەیەکی فراوانیش لە بارەگای محەللی هەولێر بەسترا، وەک ئەوکات هەستی پێدەکرا تەنیا بۆ کپ کردن و چاوبەستی هاوڕێیان بوو نەک هیچی دیکە، چونکە نە باوەڕیان بە گۆڕانکاری بوو نە ئالیەتی گۆڕانکاریش بوون و حزبایەتییان هەر بە بیری سەردەمی پەنجاکان و شەستەکان دەکرد.

## هەڵبژاردن (ئینتخابات)ی جەلال دەبباغ

بەگشتی ئەو گۆڕانکارییەی لەو کات کرا و هەتا ڕادەیەک هاوڕێیان و خۆشیان پێ سەرقاڵ کرد، تەنیا هەڵبژاردنێک بوو کە دواتر بە هەڵبژاردنی یان (ئینتیخاباتەکەی جەلال دەبباغ) ناسرا، چونکە ئەوکات بەهۆی گۆڕانکارییەکان هاوڕێ (جەلال دەبباغ) ببووە بەرپرسی محەللی هەولێر (مەلا

حەسەن لادرابوو و جەلال دەبباغ هاتبووە جێی!!! ئەوە مەلا حەسەن بەرزکرابووەوە و بردرابووە مەکتەبی هەرێم)، بەگشتی هەڵبژاردنەکەش شتێکی ئەوتۆ نەبوو، هەر بە شێوەی (ستالینی) بەڕێوەچوو، لیستی حزب هەبوو تەواو ئامادەکاری بۆ کرابوو، هەوڵ دەدرا هەر ئەو لیستە دەرچێت کە لە هاوڕێیانی کۆنی هەیئاتە حزبیەکان پێکدەهات و تاڕادەیەکی باشیش سەرکردایەتی هەرێم لێیان مورتاح بوو، مەجالیش دەدرا کە هەر کەسێکی دیکە خۆی بپاڵێوێ یان کەسێکی دیکە بپاڵێوێ، هەرچەندە حزب هەوڵی دا زۆربەی ئەو کەسانەی خۆی دەستنیشانی کردوون دەربچن، بەڵام بە کاریگەری گۆڕانکارییەکانی دنیا و هەتا ڕادەیەک گۆڕانکارییەکانی بلۆکی سۆسیالیست و بێزراوی بڕیاری حزب و بێزراوی و بێ توانایی زۆربەی کۆنە کادیرەکانی دەستنیشانکراوی حزب، ئەنجامەکە وانەهاتەوە و کۆمەڵێک کەسی گەنج و نوێ هەم بە سیما و هەم بە بیری نوێ بۆ محەللی هەولێر و هەیئاتی بارەگاکان دەرچوون کە زۆربەیان کادیر و پێشمەرگەی چاک و دلێر و ڕۆشنبیر بوون، بەگشتی گۆڕانێکی هەتا ڕادەیەک باش بوو، بووە هۆی گۆڕان لە بەڕێوەبردنی کاری حزبیش، بە گشتی شکستێکی هەتا ڕادەیەک گەورە بوو بۆ دەسەڵاتی مەرکەزی حزب، کە ئەو کات بە چەندین نوکتە و کاریکاتێر تەعبیری لێکرا، یەک لەو نوکتانە هی هاوڕێ (ئەبو جاسم و ئەبو عەلی شایب) بوو ئەو (ئەبو جاسمە بە (ئەبو جاسم لغوە) دەناسرا، چونکە لە هەموو شتێک قسەی ڕەقی هەبوو)، کاتێ هاوڕێ (ئەبو عەلی شایب) لە هەڵبژاردن لە لیستی حزب دانرابوو و دەرنەچوو بوو، گوتبووی (شی یخلصنا من حچی ابو جاسم)! واتە؛ (چی لە قسەی ئەبو جاسم

دەربازمـان دەکـات؟!)، واتە لە ئەنجـامی هەڵبـژاردن نەترسـابوو لە قسـەی ئەبـو جاســــــــــــــم ترســــــــــــــابوو .



ئەبو جاسم ، ئەبوزەهرە ، چەتۆی بەڕانەتی

وەک بزانم ئەو هەڵبژاردنە هەر لە نـاو بارەگـا و ڕێکخستنەکانی هەولێر کرا، لە سلێمانی و دهۆک نەکرا یان ئەگەر کرا بێت شتێکی ئەوتۆ نەبووە جێـی بـاس بێـت، چـونکە ئەوان هەر بەگشـتی ئەو زینـدویەتییەی لە نـاو

بارەگاکــانی هەولێــر هەبــوو لەوێ شــتێکی ئەوتــۆ هەســتی پێنەدەکــرا، دەروێشییەکەیان لە ڕادەبەدەر بوو.

## بیری کوردستانی یەکگرتنی چەپەکان

لەو زستانە هاتوچۆیەکی باش و تێکەڵاوییەکی باش لە نێوان پێشمەرگە و کـادیرانی حزبەکـان دروست ببـوو و سـەردانی یەکتـر دەکـرا و زۆرجـار میـوانی یەکتر دەبووین بەتایبەت کاتێک دەچووینە سەفەری شارەکانی ئێران، خەڵک و لایەنگرانی (ینک بە تایبەتی و حزبەکانی دیکەش بەگشتی) یارمەتیان دەداین هەم بۆ کاروباری
دکتۆر و خەستەخانە و هەم بۆ مانەوە لەلایان کە زۆر جاران باس و خواسی زۆر گەرم و گوڕ دەکرا و لەسەر ڕووداوەکان بیروڕا دەگۆڕدرانەوە، بەتایبەت کادیر و ئەنـدامانی (کـۆمەڵەی ڕەنجـدەران) کە خۆیـان بە چەپ دەزانـی، حەزیـان بە مناقەشـە و بیـروڕا گـۆڕینەوە لەگەڵ هاوڕێیـانی ئـێمە دەکـرد، بە تـایبەت کە ئەوکات دەنگۆی (بیری کوردستانچیەتی و حزبێکی شیوعی کوردستانی) لە ناو ئێمە هەبوو، زۆرجار باس لەوە دەکرا پێویستە هەموو چەپەکانی کوردستان لە حزبێکی چەپی کوردستانی و سەربەخۆ کۆببنەوە و یەکگرن، چونکە زروف و ڕووداوەکـان سـەلماندیان کە کـورد و کوردسـتان بەشـێک نـین لەو وڵاتـانەی بەسەریان دا دابەش کراون یان داگیرکراون کە دواتر ئەو بیرۆکەیە بە (شیوعی کودستانی) ناسرا.

# سەر سنوور (شیوعی کوردستانی) (١٦)

پـایزی سـاڵی (١٩٨٩) کۆبـوونەوەیەکی فـراوان لە بارەگـای هەرێـم لە (نۆکان) بەسترا، هەرچەندە بەناو کۆبوونەوەی گشتی بوو، بەڵام لە ڕاستیدا بۆ بەرگـرتن بـوو لەو دەنگـۆ و هەوڵانەی دەدران بـۆ پێکهێنـانی حزبێکـی (شـیوعی کوردسـتانی) یـان گـۆڕینی (هەرێمـی کوردسـتانی حشـع) بـۆ (حزبـی شـیوعی کوردسـتانی)، چەنـد هەوڵێـک بـۆ ئەو مەسـەلەیە درابـوو لەلایەن هاوڕێیـانی خۆمان چ لە ناو شارۆچکەکانی ئێران یان لە ئەورووپا (کە ئەوکـات هەوڵی لەو جـۆرە لە ئەورووپـا زۆر بەبـڵاوی دەرکەوتبـوو)، ئەو کـات لە ڕێگـای پۆسـتە و گەیانـدنی ئێرانەوە هەمـاهەنگی و ئاگـادارییەکی باشـی یەکتـر هەبـوو لە نێـوان هاوڕێیانی دەرەوە و نـاوەوە (شـاخ)، نـامە و نامەکـاری، کە سـەرکردایەتی هەرێم بە ترسـناک لێکـی دەدایەوە و حیسـابی بـۆ دەکـرد. بەگشـتی لە کۆبـوونەوەکە هەوڵـی زۆر درابـوو بە هەر شـێوەیەک بێـت بەر لەو جۆرە بیرکردنەوانە بگیرێت، لەلایەن سەرکردایەتی هەرێمی (حشع)، زۆر بە دوور و درێژی قسە لەسـەر ئەو بابەتە کرابـوو، هەوڵدرابوو لە گرنگـی کەم بکـرێتەوە، بەڵام هاوڕێیـانی بەشـدار بـوو زۆر بە ڕێکـوپێکی و بابەتییـانە و زانسـتییانەش داکۆکیان لە زەرورەتی بوونی یان گۆڕینی هەرێمی کوردستانی حزبی شـیوعی کردبـوو بـۆ (حزبـی شـیوعی کوردسـتان) بەسـەربەخۆیی و دوور لە دەسـتوەردانی سەرکردایەتی (حشع) بە لەبەرچاوگرتنی هەموو تایبەتمەندییەکانی کوردستان .

دیارە زۆربەی کادیرانی بەشداربوو ڕایان لێک نزیک بووە لەسەر چۆنیەتی ئەو حزبە و ئالیەتی ئەو حزبە، کۆی گشتی ڕایەکان بە پێچەوانەی ڕای سەرکردایەتی هەرێم بووە، بە شێوەیەک هەندێک لە هاوڕێیان زۆر بە دژی هەر جۆرە پەیوەندییەک بوونە لەگەڵ (حشع) و تەواو داوای سەربەخۆیی ئەو حزبەیان کردووە. وەک لە بیرم مابێت هاوڕێ (ملازم چەتۆ و هاوڕێ ئەبو فلمێری بادینان) لەو هاوڕێیانە بووین، دەبێ بگوترێ هەموو هاوڕێیانی سەرکردایەتی و بەشێک لە کادیرانی مەڵبەنی (سلێمانی - کەرکووک) و زۆربەی هاوڕێیانی عەرەب دژی ئەو بیرۆکەیە بوون.

## ڕاگەیاندنی (بەرەی کوردستانی)

ماوەیەکی کەم بوو بەرەی کوردستانی ڕاگەیاندن و کاری ڕاگەیاندنی بە کردەیی دەست پێکردبوو، بارەگایان لە ڕاژان بوو، ڕۆژنامەیەکیان بەناوی (بەرەی کوردستانی) دەردەکرد، زۆربەی کارمەندەکانی هاوڕێیانی ئێمە بوون، هاوڕێ (ئەبو حیکمەت) نوێنەری حزب و بەرپرسی بارەگاکەش بوو، دیاربوو مەجالی هاوڕێیانی دابوو شت لە بارەی بیری چەپی کوردستانی بنووسن و بە گشتی پاڵپشتی دەکردن (بەهەر نیازێک بووبێت).

ئەوە بوو لە سەرەتای زستانی (١٩٩٠) دەنگۆی ئەوە بڵاو بوویەوە کە دووکەس بە ناوەکانی (زنار و هیوا) نامیلکەیەکیان بڵاو کردۆتەوە لە بارەی پێویستی (حزبێکی شیوعی کوردستانی) و نامیلکەکە گەیشتۆتە ناو بارەگاکانی حزب لە (ناوزەنگ و نۆکان)، بەڵام بە شێوەی نهێنی دەستاودەست

دەکریێ! زۆرم لا سەیر بوو بە تایبەت دوای ڕووداوەکانی بلۆکی ڕۆژهەڵات و سیاسەتی کرانەوەی هەموو حزبە شیوعییەکانی جیهان، هێشتا بیروڕای کەسێک یان دووکەس بە نهێنی بێت لە ناو بارەگا و ڕێکخستنەکانی (حشع)دا کە لە بەرنامە و پەیڕەوی ناوخۆییەکەی زۆر بە ڕوونی باسی دیموکراتیەت و ڕێزگرتن لە ڕای پێچەوانە هەیە.

هەر چۆنێک بوو هەوڵێکی زۆرم دا تا ئەو نامیلکەیەم لە لای هاوڕێ (سیار) دەستکەوت، ئەویش زۆر بە نهێنی و لە ناو زەرفێکی لوولدراو و لە پەنایەک لە بارەگای محەللی کە خەریکی دانیشتن بوون تەسلیمی کردم و گوتی؛ (چاکترە هاوڕێیان نەزانن لە منت وەرگرتووە).



هاوڕێ سیار

که دواتــر زانیمــان ئەو نــامیلکەیە یــان ئەو دوو بــابەته که له شــێوەی نــامیلکه چــاپ کرابــوون، له ڕاگەیانــدنی بەرەی کوردســتانی و به هاوکــاری هاوڕێ (ئەبو حیکمەت) چاپ کرا بوون، به هەرحاڵ نامیلکەکەم هێنا و شەو لەسەر جێگــاکەی خۆم دەمخوێنــدەوە، هــاوڕێ (کــاوه چاوشــین) که تــازه ببــووه بەرپرسی بارەگا لەدەستمی دیت و هەندێک مناقەشەمان له بارەی کرد و زۆر ئاسایی نامیلکەکەمدایه دەست، ئەویش خوێندیەوە و بارەگای ئێمه که ناوزەنگی ســـەرەوه بـــوو، بـــووه یەکەم بارەگـــای که به ئاشـــکرا ئەو بڵاوکـــراوەی لـــێ بخوێندرێتەوە، هەر لەو ڕۆژیش دوو ڕۆژنامەی (سەردەمی نوێ _که له سوید دەردەچوو) لەلایەن برادەرێک له ئەوروپاوه بۆ من هات و ئەویش چەند دەستی کرد که هەمان شت هەر یەکه و بابەتێک یان زیاتری لەسەر بیری کوردستانی تێدابوو، وەک له بیرم بێت یەکیان له نووسینی کەسێک بوو بەناوی (ج . ماوەرانی) که ڕەخنەی زۆری له دەوری (حشع) گرتبوو له کەمتەرخەمی له مەســـەلەی کـــورد. هەروەهـــا ڕۆژنـــامەکەی بەرەی کوردســـتانی بـــابەتی لەو شێوەیەی بڵاو دەکردەوه له هەموو ژمارەکانی و به ژمارەی زۆر بڵاو دەبووەوه و دەبــووه جێــی گفتوگــۆ و ڕاگــۆڕینەوه لەلایەن زۆربەی کادیرەکــانی ئەوکــاتی (حشع و ینک). له بارەگای ئێمه هەندێک هاوڕێ بەو کاره ڕازی نەبوون و به کاری دژ به یەکێتیی حزب ناوزەدیان کرد و دیار بوو له ژێرەوەش نووسراویان بۆ مەکتەبی محەللی ناردبوو، ئەوانیش بەدەوری خۆیان کەوتبوونه خۆ بۆ بەرگرتن لەو کاره، ئەوه بوو چەند ڕۆژێک دوای ئەوه ئاگادار کراینەوه که

دانیشتنی حزبیمان هەیە و سەرپەرشت (ئیشراف)یش لە مەکتەبی محەللییەوە دێت.

لە کاتی دیاریکراو هاوڕێی سەرپەرشتیار(موشرف) هات کە هاوڕێ (مامۆستا ڕەوەند) بوو، بە گشتی دانیشتنەکە لەسەر وەزعی حزب بوو، ڕەخنەی زۆر توند ڕووبەڕووی هاوڕێی سەرپەرشتیار کرایەوە بەتایبەت لەسەر ناردنە دەرەوی کەسانی ناموستەهەق و زیاتر ناوی هاوڕێ (مەلا حەسەن) هاتە بەر ڕەخنە، چونکە هەر لەو سەروبەرە باسی ئەوە دەکرا کە بە نیازە (ئارامی کوڕی) ڕەوانەی دەرەوە بکات، هەرچەندە ئەندامی حزبیش نییە و پێشمەرگەش نەبووە، خۆی بە ئاشکرا بەبێ شەرم دەیگوت؛ (باوکم مەسولی محەللییە و هەقی خۆیەتی وەک حیسەی خۆی ڕەوانەم بکات)، کە بە هیچ شێوەیەک هەقی ڕەوانەکردنی نەبوو، لەگەڵ چەند شتێکی دیکەی لەو بابەتە، بە شێوەیەک هاوڕێی سەرپەرشتیار وەڵامێکی ئەوتۆی نەبوو و نەیدەزانی چۆن خۆی و هاوڕێیانی محەللی لەو ڕەخنانە قوتار بکات، وەک دەڵێن (بۆ ڕیش هاتبوو سمێلیشی نایە بانی).

هەر چۆنێک بوو لە کۆتایی دانیشتنەکە هاوڕێیەک هەلێکی بۆ ڕێک خست تا بتوانێ هەندێک لە دژی (بیری کوردستانی) و بڵاو کردنەوەی ئەو بڵاوکراوانە قسە بکات، ئەوە بوو زۆر بە شێوەیەکی لاواز و شەرەمنانە گوتی؛ (هەر کاتێک حزب کەوتبێتە تەنگانە بیری لەو جۆرە و ئەفکاری ئینعیزالی لە ناو حزب سەریان هەڵدایە، بەڵام نەیانتوانیوە هیچ بە هیچ بکەن ...هتد)، چەند قسەیەکی لەو بابەتەی کرد و زیاتر لەکاتی قسەکردن هاوڕێیانی ڕاپۆرتدەر

ڕوویان لە من دەکرد، بە ناچاری هاتمە جواب و گوتم؛ (من ئەو بڵاو کراوانەم هێنایە و پەشیمانیش نیم، ئێوە هەست ناکەن ئەو سەردەمە بەسەر چووە کە ڕێ لە بیری ئازاد بگیرێ؟! لێگەڕێن با بزانین خەڵک چۆن بیر دەکاتەوە، ئەگەر ئەو جۆرە بیرکردنەوانە واقیعی بن کەس ناتوانێ بەریان بگرێ، ئەگەر واقیعیش نەبن وەک دەڵێن ئەوە خۆی دەپوکێتەوە و پێویست بەترس ناکات).

دەبێ بڵێم هاوڕێ (کاوە چاوشین) کە ئەوکات بەرپرسی حزبی ئەو بارەگایە بوو، یەکێک بوو لەو هاوڕێیانەی کە لە هەڵبژاردنەکە و لەدەرەوەی لیستی حزب بوون و دەرچوو بوون دەوری باشیان لەو مەسەلەیە هەبوو.

وەک پێشتریش ئاماژەم پێداوە ئەو بیرۆکەی (ڕێکخستنێکی چەپی کوردستانی) لە ناو ڕێکخستنەکانی (ینک)یش ببووە جێی باس و گفتوگۆ و تەنانەت ڕا و پێشنیاری ئەوەش (بەتایبەت لە ناو ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەران) کرابوو کە (دەکرێ هەموو ئەو کەسانەی ئەو باوەڕەیان هەیە لەیەک ڕێکخراوی چەپی کوردستانی کار بکەن)، بە واتایەکی دیکە (کوردستانییەکانی ناو هەردوو حزب یەکێتی و شیوعی) بەیەکەوە ئەو ڕێکخستنە دروست بکەن بۆ ئەوەی کاریگەرتر و جەماوەریتر بێت، نەک بە پەرش و بڵاوی هەریەکە و لەلایەک کاربکەن، وەک بیستمان هەر زوو لەلایەن (سەرکردایەتی کۆمەڵەی ڕەنجدەران و خودی نەوشیروان مستەفا) ئەو کارە ڕەتکرابووەوە و ڕاگەیەنرابوو کە (کۆمەڵە ئەو حزبەیە)، هەر زوو ئەو بیرۆکەیە لەولا لەبارچوو، بەڵام لەلای هاوڕێیانی ئێمە ڕۆژ بەڕۆژ بەرەو فراوانتر دەچوو.

ئەو زستانە شتێکی دیکەی ئەوتۆ ڕووینەدا، جگە لەوانەی باسم کردن و

گۆڕانکارییەکـانی بلـۆکی ڕۆژهەڵاتـیش بەتەواوی بەرەو کۆتـایی چـوون و هەمـوو دەوڵەتە بە نـاو سۆسیالیستەکان ڕووخـان و حکـوومەتی دیـکەی (بەنـاو دیمـوکرات) جێگایـان گـرتنەوە، تەنیـا (یەکێتـی سـۆڤیەت) بە سیسـتەمی شـیوعییەوە مـایەوە تـا کـاتێکی درێژتـر، لەگەڵ ڕۆیشـتنی کەم کەم لە هاوڕێیـانیش بـۆ دەرەوە .

ئەو مـاوەیە بەگشـتی زۆر کەم هەواڵ و دەنـگ و باسـی کەسـوکارمان پێدەگەیشت هەم لەبەر دووری نـاوچەکە و هەم لەبەر زسـتان و نەبوونی هـاتوچۆ، ئەوەی هەبوو تەنیا ڕێگـای حزب بـوو ئەویش زۆر کەم یـان بۆ ئێمە هەر نەبوو، زیاتر هاوڕێیانی سەرەوە ئەوەشیان بۆ خۆیـان قۆرخ کردبوو، بەگشتی لە تەواوی ئەو ماوەیە من یەک جار نامەیەک و بڕی (٢٠٠) دینـارم لە مـاڵەوە بۆ هـات. لێرە دەمەوێ شتێک یـان بێویژدانییەک یـان فەرق و جیـاوازییەکی هاوڕێیـانی بەرپـرس و پێشـمەرگە بـخەمە ڕوو کە ئەوکـات زۆر ئـازاری دەرونـی دەدام بە شـێوەیەک تـا ئێسـتاش لە یـادم مـاوە؛

بڕینی یارمەتیی خێزانی

لەسەرەتای بوونم بە پێشمەرگە مانگـانە (٣٠) دینـار یارمەتیـان بۆ مـاڵەوە بـۆ سـەرف دەکـردم کە بە پێـی ڕێنماییەکـان هەر کەسـێک ئەگەر کەسـی ئیشـکەری لەمـاڵ نەبـووایە ئەو یـارمەتییەی بـۆ سـەرف دەکـرا وەک هاوکـاری کەسوکاری، کە چووینە سەرسنوور ئەو یـارمەتییەی منیـان بـڕی بەبێ هـیچ هۆکارێک و هی خۆیان بەردەوام بوو، تەنانەت هەوڵی ئەوەم دا هەر هیچ نەبێت لە شار ئەو بڕە پارە کەمەیان بۆ سەرف بکەن ئەوەشیان نەکرد، ئەوە لە کاتێک


بـۆ خۆیـان یـارمەتی خێزانـی و کرێـی خانووشـیان سـەرف دەکـرد، دواتـر زانـیم هەندێکیان خانووی خۆیان بەکرێداوە و خانووشیان لەسەر حیسابی حزب بەکرێ گرتووە.

## سەرسنوور (میوانە جوانەکە) (١٧)

زستانی ساڵی (١٩٩٠) کە لە بارەگای ناوزەنگی سەرەوە بووین شوێن و ژوورەکانمان تاڕادەیەکی باش فراوان و پڕ پێویستی بوو، ژوورەکەی ئێمە هەتا ڕادەیەکی باش گەورە بوو، هەر بە (قاعە) ناودەبرا، جێگای زیاتر لە (٢٠) کەس دەبوو، ژمارەی ئێمە هیچ کات لە (٧ - ٨) کەس زیاتر نەدەبوو، لەبەر هەیوان و شوێنی نان خواردنەکە لە سووچێک ژوورێکی بچووک بۆ هاوڕێیان (عەلی ڕووسی و پەروینی هاوسەری) دروست کرا و ئەوانیش بوونە هاوڕێی بارەگامـــــــــــــان .

ڕۆژێک ئەو دوو هاوڕێیە میوانێکیان هات، پیاوێکی کورتیلەی گەنم ڕەنگ، چاو و برۆ جوان و توندوتۆڵ، هەر لەیەکەم دیتنی چووە دڵمەوە، دیاربوو هاوڕێی ئەوان بوو لە مەڵبەندی سلێمانی و کەرکووک، هاوڕێ (عەلی ڕووسی) هەر بەدەم پێکەنینەوە قسەی لەگەڵ دەکرد، لەوەوە زانیم پیاوێکی قسەخۆشە، هەر هاوڕێیەک دەیبینی یەکسەر بەدەم پێکەنین و ڕووخۆشی بەخێرهاتنی دەکرد، دیاربوو لای هەموو ئەوانەی دەیانناسی میوانێکی ڕەزاسووک و خوێن شیرین بوو، هەڵسوکەوت و بەخێرهاتن و ڕووخۆشی هاوڕێیان بە هاتنی ئەو میوانە زۆر سەرنجی ڕاکێشام، بۆیە حەزم کرد بزانم ئەو هاوڕێ جوان و لەبەر دڵان شیرین و خۆشەویستە کێیە، هەرچەندە من کەم پرسیاری شتی وام دەکرد، بەڵام ئەو کردار و گەرم و گوڕی و خۆشی لە هاتنی ئەو پیاوە جوانە وای لێکردم بپرسم؛ (ئەرێ ئەوە کێیە؟)، نازانم کام هاوڕێ بوو

گوتی؛ (چما نایناسی؟! ئەوە مام ئەسکەندەرە، ئەو شەویش میوانمانە، با شەو لەگەڵی دانیشین ئەوجا دەزانی چ هاوڕێیەک و چ جۆرە مرۆڤێکی دەگمەن و دانیشتن لەگەڵی چەند خۆش و بەسوودە!).




هاوڕی مام ئەسکەندەر



چەتۆی بەڕانەتی ، مام ئەسکەندەر

به هەرحاڵ ئێواره هات و نان خورا و سەرەتا چووه ژووره بچووکەکەی هاوڕێیان (عەلی ڕووسی و پەروین)، هەندێک هاوڕێ چوونه لای، بەڵام من

نەچووم لەبەر بچووکی شوێنەکە و یەکەمجاریشم بوو دەمدیت، دوای ماوەیەک لەگەڵ هاوڕێ (عەلی ڕووسی) هاتنە ژوورەکەی ئێمە، دیاربوو شوێنی خەوتنی لە ژوورەکەی ئێمە بۆ دەستنیشان کرابوو، هەر بە ڕێککەوت لە تەنیشت من شوێنی چۆڵ هەبوو، منیش هەم وەکو ڕێز و هەم بە ئەنقەستیش لە تەنیشت خۆم جێگاکەم بۆ ڕێکخست، بینیم وا خەریکە دەخەوێ، لێی هاتمە قسە و گوتم؛ (سەلامەت بیت هێشتا مریشک نەخەوتووە، هەستە هەندێک قسەی خۆشمان بۆ بکە لە ئێوارەوە مەدح مەدحی تۆیە، هیچمان لێت نەدیت!)، یەکسەر هەستا و گوتی؛ (وامزانی خەوتان دێت، گوتم یەکەم جارمە دێمە لایان با لێم بێزار نەبن)، ئیتر دەستمان کردە قسە، هەر سەرەتا بەوە دەستی پێکرد خەڵکی کام ناوچەن و لە کـــــــام لـــــــــق و بەتـــــــــالیۆن پێشـــــــــمەرگەن و ... هتـــــــــد.

بە ڕۆژەوە هەندێک شتم لەسەری بیست کە پیاوێکی زیرەک و ئازا و سەرناس و تەنانەت ئەستێرەناسیشە، دەستم کرد بە پرسیار لێی، لە هەموو بابەتەکان شتی وای بۆ باس کردم مەگەر هەر لە ڕۆمانە جیهانییەکان خوێندبمانەوە، ئەو کات هاوڕێ (هەژار هەورامی) گوتی؛ (ئەمە کۆپیی ناو ڕۆمانەکانی دۆنی ئارام و ئەوانەیە، ئەوە چ بەڵایەکە هەرچی بۆی باس دەکەی ئەو لەوسەر هاتۆتەوە)، لێرە بە پێویستی دەزانم چەند شتێکی لێ باس بکەم سەرناسی لە دۆڵە کۆگا بۆ یەکەم جار هاوڕێ (ئەبو ئەحلام) دەبینێ، یەکسەر دەڵێ (تۆ کوڕی فلانی) و ناوی سیانی باوکی دەڵێ، بەڵام هاوڕێ (ئەبو ئەحلام) ڕەتی دەکاتەوە و دەبێتە مناقەشەیان، (مام ئەسکەندەر) زۆر بە دڵنیایی پێداگری دەکات، هاوڕێ (ئەبو ئەحلام) ڕەتی دەکاتەوە، بەکورتی (مام

ئەسكەندەر) توڕە دەبێت و دەڵێت؛ ( تەلاقم كەوتبێ تۆ یان كوڕی ئەو پیاوەی یان هاوسێتان بووە!)، واتە پەیوەندی لەگەڵ دایكت هەبووە!، ناچار هاوڕێ (ئەبو ئەحلام) دەڵێ؛ (باشە تۆ چۆن ئەو پیاوە عەرەبەی كە دەڵێ باوكی منە دەناسیت)، ئەو دیسان بە دڵنیاییی زۆرەوە دەڵێ؛ (ساڵی ١٩٦٠ بەیەكەوە سەرباز بووین). واتە دوو یان سێ ساڵ بەر لە لەدایكبوونی (ئەبو ئەحلام) باوكی دیوە و ئێستا دوای نزیكەی (٣٠) ساڵ كوڕەكەی دەناسێتەوە !!!!

## ئەستێرەناسی

هەر لە ناو باسەكان هاتە سەر ئەستێرەناسی و بە درێژی باسی كرد، لێرە تەنیا یەك نموونە دێنمەوە. گوتی من هەموو كات و ڕۆژ و مانگی خۆم بە یەك ئەستێرە دیاری دەكەم كە ساڵ دوازدەی مانگ دیارە، لەو وەرزەی ساڵ هەتا چێشتەنگاو دیار دەبێت، زۆر لام سەیر بوو، چۆن لە چێشتەنگاو و ڕێك سەعات (٨)ی بەیانی ئەستێرە بە چاو دەبینرێ؟! بەیانی لە كاتی دیاریكراو گوتی؛ (كوڕەتیو وەرە سەیری نێوان ئەو دوو لوتكە بكە ئێستا دەبێت بیبینی)، بە خۆی نەیدەتوانی، چونكە چاوی هەندێك كەم بینابوو، بە تایبەت دوای كیمیابارانی ناوچەكەیان، كەمێك لە شوێنەكە ورد بوومەوە ئەستێرەیەكی جوانی گەشم بینی، ڕێك لەو شوێنەی بۆی دیار كردم.

## کات زانین بەبێ کاتژمێر

شتێکی دیکەی سەیری هەبوو تەنیا هەستی ڕاگرتبایە دەیزانی کاتژمێر چەندە، دەیگوت لە ژیانم کەس بۆ حەرەسیات بانگی نەکردووم و یەک دەقیقەشم لە جیاتی کەس نەگرتووە بە حساباتی خۆم کات دەزانم، زۆریشمان تاقی کردەوە هەمووی ڕاست دەرچوو، هەر بۆ زانین قەت لە ژیانی کاتژمێری بەکار نەهێنابوو و لێی نەدەزانی دەیگوت؛ (پێویستم پێی نییە).

## کەشوهەواناسی

زستانی ساڵی (١٩٩٠) هەتا ڕادەیەک سەرما درەنگ هات بەگشتی هەوا مامناوەند بوو زۆر سارد نەبوو، لە یەک لە جارەکان پرسیاری کەشوهەوای ئەو ساڵەم لێکرد، گوتی؛ (ئەوساڵ وەک فلان ساڵە درەنگ سارد دەبێت، بەڵام ساردی بێت زۆر درەنگ دەڕوا، زەرەری زۆر بە ڕەزوباخ دەگەیەنێ، بە حیساب بێت دەبێ ئەمشەو ساردییەکی زۆر بە هێز بێت و بەفرێکی زۆر بباریٚ و ساردی ئەوساڵ هەتا مانگی پێنج بەردەوام بێت)، ئەو پێشبینییەم زۆر لاسەیر بوو، چونکە هەوا زۆر خۆش بوو، مانگ بەدەرەوە بوو و ساڵیش درەنگ بوو، ڕێک شەوی ( ١٣- ١٤ / ٢ ) بوو بە هەموو حیسابێک بۆ بەفری درێژخایەن درەنگ بوو، گوتم؛ (هاوڕێ ڕەنگە لەو پێشبینییەت سەرچیخ چووبی، چونکە بۆ ئەو ساردی و بەفرە درەنگە و مانگە شەویشە)، هەر بە ئەنقەست ئەو قسەیەم کرد وەک دەڵێن بۆ تووڕەکردنی، ئیتر توڕە بوو، گوتی؛ (بەتەڵاقم سەعات دوو بۆ سێ بەفرێ دەبارێ و تەواوی ئەو دۆڵە دادەپۆشێ، کامەتان لەو کاتە

حەرەسن؟!)، هەر بەڕێککەوت کاتی ئەرکی من بوو، هاوڕێیان گوتیان خۆی حەرەسە، گوتی؛ (ئەگەر لەسەعات ٢.٥ بەفر دایکرد بانگم بکە)، ئیتر شەو هەتا سەعات (٢.٢٠) دەقیقە هیچ نەبوو، لەوە بە دوا بایەکی ساردی پێش بەفر هەڵیکرد، هەتا بلێی سارد و دوای کەمێک بووە کڕێوە و دواتر بەفر دای کرد هەتا بلێی ساردی کرد، منیش بە هێواشیێ چوومەوە ژوور و کەمێک خۆم گەرم کردەوە، سەیرم کرد وا خەریکە جوڵە جوڵ دەکات، یەکسەر بەبێ هەستی چوومەوە دەرەوە، بەڵکو ئەو بەخەبەر نەیەت و دوای سەعات سێ بشزانێ بەفر باریوە، من بە هەڵە بۆی حیساب دەکەم و دەڵێم؛ (تۆ گوتت سەعات ٢.٥ ئەوە درەنگترە)، یەک دوو کۆخەی کرد و بانگی کرد؛ کوڕەتیو (هەر بۆ زانین قەت بەناوی خۆم بانگی نەدەکردم هەر دەیگوت کوڕەتیو) وەرە بزانم سایەقەیە یان بەفرە)، منیش بە پێکەنینەوە هاتم و گوتم؛ (مانگ بەقەدەر باوەشی من دەبێت بەفری چی!)، دیسان گوتی؛ (بەتەڵاقم وا نییە)، لە ناو جێگاکەی هاتە دەرەوە و سەیری دەرەوەی کرد و بینی بەفر تەواو سپیی کردووە، بە پێکەنینێکی گاڵتەئامێز و یەک دوو ئحم ئحم گەڕایەوە ناو جێگاکەی.

دیارە جارێکیش لەسەر سنووری تورکیا و و عێراق لەگەڵ دەلیل و ئامیر مەفرەزەکەی دەبێتە مناقەشەیان و ئامیر مەفرەزەکە پێی دەڵێ؛ (خۆ تۆ خوا نیت چوزانی بارانە یان نا). گرەوی لەگەڵ دەکات لەسەر باران بارین و پێنج مریشک دەباتەوە. دەیان شتی لەو بابەتەی لێ باس دەکەن.

## حەزی بۆ زانین

لە ناوچەی ئەوان کە نزیک (دەربەندیخان)ە، ئەشکەوتێک هەیە بە ناوی (کونە با)، دیارە ئەو شوێنە بە حوکمی ئەوەی دەرکی زۆر بچووکە و دوور و دریژە کە تا ساڵانی شەست کەس نەچووەتە ناوی و بە تەمومژاوی ماوەتەوە، لەو کـــاتە کە بەعســـییەکان لە (١٩٦٣) ڕاوەدووی شـــیوعییەکان دەکەون و ئەزیەتیان دەدەن، ناچار دەبن بچنە چیا و خۆیان حەشار بدەن، لەو کاتە هاوڕێ (مام ئەسکەندەر) گەنج دەبێت، بیرۆکەی کەشفکردنی (کونەبا)ی لەلا گەڵاڵە دەبێت، لەگەڵ چەند هاوڕێ و کەسێکی خۆی هەوڵی ئەوە دەدەن بەو هیوایەی لە کاتی پێویست و خۆحەشاردان کەڵکی لێوەربگرن، ئیتر بەهەر چۆنێک بێت لە کـاتێکی دیـاریکراو چەنـد پێویسـتییەکی وەک (لایـت و دار و نەوت و سووتەمەنی دیکە) هەڵدەگرن و هاوڕێ (مام ئەسکەندەر) بە پێش دەکەوێ بۆ ناو (کونەبا) و هەتا دەگاتە ژوورەوە ناگەڕێتەوە، دیارە ئەشکەوتێکی گەورە و فراوان کەشف دەکەن و بە پێی شتەکانی ئەو کات دۆزیبوویانەوە جگە لەو کۆمەڵە کەسە کەسی دیکە پێی بەو شوێنە نەکەوتبوو، پێش ئەوان جگە لە دڕندە و کێوی، چونکە تەنیا ئێسک و پروسکی ئاژەڵیان لێدیتبووەوە، ئیتر وەک حەشارگەیەکی زۆر گرنگ کەڵکیان لێی وەرگرتبوو، هەتا ساڵی (١٩٧٢) هەر تەنیا ئەوان بەو نهێنییەیان زانیوە ئەوجا دائیرەی شوێنەوار کەشفی کردووە.

## ناسینەوە لە ڕێگای دەنگ

قابیلیەتێکی دیکەی سەیری هەبوو کە تەنیا یەک جار گوێی لەدەنگی کەسێک بووایە بەس بوو بۆ ئەوەی دوای چەندین ساڵ بیناسێتەوە، دیارە شەوێک لە سەر هەر سێ سنووری (عێراق، تورکیا، سوریا) لەو کاتەی دەچن بۆ چەک هێنان، ڕێک لەسەر سنوور کە شوێنێکی زۆر ترسناک بووە زۆرجار سوپای تورکیا کەمینیان لێ داناوە بۆ گورز وەشاندن لە هێزی پێشمەرگە، هاوڕێیانی پێشمەرگە کە هاوڕێ (مام ئەسکەندەر)یان لەگەڵ دەبێت، هەست بە دەنگە دەنگ دەکەن و دەگەنە ئەو بڕوایەی ئەوە کەمینی تورکانە و پێویستە بەزووترین کات خۆیان دەرباز بکەن و لەو شوێنە دوور بکەونەوە، لەو کاتە هاوڕێ (ئەسکەندەر) دەڵێ؛ (وەرن هاوڕێیان ئەوە هاوڕێی خۆمانن)، کە ئەو شوێنە و ئەو کاتە زۆر زەحمەت بووە هاوڕێیان لەو شوێنە بن، یەکسەر هاوار لەوانی دیکەش دەکات و دەڵێ؛ (هاوڕێیان خۆمانین پێشمەرگەی حزبی شیوعین)، ئیتر هەردوو گرووپ دەگەنە یەکتر و ڕێک وەک پێشبینییەکەی ئەو دەردەچێ، دیارە ئەوانیش مەفرەزەیەک دەبن و لە سوریاوە دەگەڕێنەوە بۆ کوردستان، دوای یەکترناسین و هەواڵ پرسین هاوڕێیان دەپرسن چۆن زانیت و ئەوەندە دڵنیا بووی کە هاوڕێیانن، هاوڕێ (مام ئەسکەندەر)یش دەڵێ؛ (لە ساڵی **١٩٦٣** ئەو هاوڕێیە هەرچەندە ناویشی نازانم بەشەو هاتە لای من و گواستمەوە بۆ شوێنی دیاریکراو و ماوەی سەعاتە ڕێگایەک شەوێک بەیەکەوە

بووین)، واتە تەنیا ماوەی سەعاتێک و بە شەویش دیویەتی!! بەو شێوەیە و لەو شوێنە و دوای نزیکەی بیست ساڵ تەنیا بەدەنگی ناسییەوە !!!

بە گشتی باسی هەموو شەڕ و ڕووداوەکانی زۆر بەوردی لەبیر مابوو کە ڕووداوێکی دەگێڕایەوە وا هەستت دەکرد کتێبی لەدەستە و دەخوێنێتەوە نەک گێڕانەوە یان مرۆڤ خۆی لەناو ڕووداوەکان دەدیتەوە ئەوەندە ورد و جوان و پڕ چێژ دەیگێڕانەوە، هەرچی شەڕ و شۆڕی ناوچەی خۆیان هەبوو هەمووی لە بیر مابوو، بەداخەوە ئەو کات دیارە کەسێک نەبووە بۆی بنووسێتەوە، وەک دەڵێن ئەو بیرەوەریانە بەگشتی بزر بوون، ئەوە جگە لە سەدان نوکتە و قسەی خۆش و گوتنی هۆرەی هەورامی، کە ئەگەر بمانەوێ هەمووی یان لانی کەم ئەوەی دەیزانین بینووسینەوە، بە کتێبێک و دووان تەواو نابێت.

# سەرسنوور-سووککردنی بارەگاکان (١٨)

ورده ورده بەرەو بەهار دەچووین و هەوا بەرەو خۆشی دەچوو، لەهەمان کات ژمارەی هاوڕێیانیش بەرەو کەمی دەچوو بە هۆی چوونە دەرەوەی هەندێک هاوڕێ و تەسلیم بوونەوەی هەندێک هاوڕێی دیکە، کە هەردووکیان بۆ ئێمە جێگای دڵتەنگی بوو، چونکە هەردوو گرووپ بەرەو چارەنووسی نادیار و بەرەو دووره دەستی دەڕۆیشتن کە زۆر نزیک بوو لەوەی هەتا هەتایە یەکتر نەبینینەوە، بێگومان ئەو جۆرە دابڕانە زۆر ناخۆشە لە کات و شوێنێکی وا خۆشەویستترین کەسانمان بە جێمان دەهێڵن، بە تایبەت ئەوانی بە هەر (هۆکارێک) تەسلیم دەبوونەوە بۆ ئێمە زۆر ناخۆش بوو، چونکە بەبێ هیچ زەمانەتێک دەچوونە بەر دەستی دڕندەترین دوژمن، ئەوانی بۆ دەرەوەش دەچوون هەر ناخۆش بوو، چونکە (غەریبی لە سیمای جەللادەکان ناشیرینترە)، لەو باوەڕەش نەبووین جارێکی دیکە یەکتر ببینینەوە.

یەک لە دیمەنە هەرە ناخۆشەکانی کە قەت لە بیرم ناچێتەوە کاتی هاوڕێ (سەردار شێرە) باوکی هاتە دوای و لە کاتی خواحافیزی، هاوڕێ (ئاشتی ئیداری) یارمەتی مانگانەکەی پێشوەختدایە، (سەردار) خۆی بەرامبەر ئەو هەڵوێستە جوانەی هاوڕێی ئیداری بۆ نەگیرا، یەک بەدەنگی خۆی دەستی کردە گریان، تەواوی هاوڕێیانیش بەو دیمەنە گریان.



**دۆڵمە دروست کردن**

چەند ڕۆژێک بەر لە گواستنەوە، هاوڕێ (هەڵکەوتی ئیداری) پێشنیاری بۆ کردم ئەگەر بتوانین دۆڵمەیەک بەو گۆشتە دروست بکەین کە بۆ ڕەبییەکانی پاسدارانی ئێران هاتبوو بەشی هەموو بارەگاکانی پێشمەرگەش درابوو، هەرچەندە قەت دۆڵمەم دروست نەکردبوو، بەڵام ڕەزامەندیم نیشاندا، ئەو چوو بۆ هێنانی کەرەستە و منیش لە دەو ئاوەکەی دەبووە سنووری ئێمە و ئێران کە بە بەردەمی بارەگاکەمان دادەڕۆیشت، گەڵا مێوێکی زۆرم هێنا، دەستکرا بە دەرهێنانی کولەکە و باینجان و تەماتە، لە جیاتی چەقۆی دۆڵمە کلکی

(کەوچک) ملاکم بەکارهێنا، شتەکان حازر بوون، بە فکری خۆم ئەو شتانەی درەنگ دەکوڵێن دەبێت لە ژێرەوە بێت ئەوانی دیکە لەسەرەوە، سەرەتا ناوکە باینجان و کولەکەم ڕاخست بەحیساب ئەگەر کەمێک بسوتێ گرنگ نییە، دواتر چینێک پەراسووم دانا، دواتر باینجان و کولەکە و دواتر چینێکی دیکە گۆشت بەو شێوەیە تا تەواو بوو گەڵا مێو و سڵقم بەسەر دادا و خستمە سەر ئاگر، خەمی ئەوەم بوو چۆن بزانم پێگەییوە یان نا، لەو کاتە هاوڕێیان (مامۆستا لەشکری و حاکم بۆتان) میوانمان بوون لە بەر ڕۆژ لەسەربان دانیشتبوون، چوومە لایان پرسیارم کرد چۆن بزانم کولاوە، هاوڕێ (حاکم بۆتان) ڕێنماییەکی باشی کردم، بە هەرحاڵ دۆڵمە پێگەیشت و ڕوو کرا سەر سینی، چ دۆڵمەیەک!! هەتا بڵێی جوان و بەتام، هەرچەندە من خۆشیم لە دۆڵمە نایە و بە خواردنی ژنانی دەژمێرم، بەڵام چونکە لەو شوێنە دوور بووین لە خواردنی وا بەتامتر نەبوو، زۆر وەستایانەش دروستم کردبوو.

## گواستنەوە

لە دوای نەورۆزی (١٩٩٠) بڕیاردرا هەردوو بارەگای (ناوزەنگی سەرەوە و ناوزەنگی خوارەوە) ببن بە یەک بارەگا و ناوزەنگی سەرەوە چۆڵ بکرێت، ئەوە بوو ئێمەی هاوڕێیانی بارەگای سەرەوە هاتینە خوار و لەگەڵ ئەو چەند هاوڕێیەی لەوێ مابوون، تێکەڵ بووین و هاوڕێ (کاوە چاوشین) بەرپرسیارەتی هەیئەتی حزبی بارەگاکەی پێسپێردرا.

## کەپری شاهانە

هەر زوو (مـــن و هـــاوڕێ مەلا جەلال و هـــاوڕێ هەژاری هەورەمـــان) شـوێنێکمان خۆش کـرد و کەپرێکـی شاهانەی جـوان و گەورەمـان لـێ دروست کـرد، هەرچەنـدە هێشـتا زوو بـوو بـۆ کەپـر دروسـت کـردن، بەڵام هـاوڕێ (مەلا جەلال) حەزی نەدەکـرد بچێـتە هـیچ کـام لە ژوورەکـان، پێشـنیاری ئەوەی کـرد کەپـر دروسـت بکەیـن، ئەو هـاوڕێیە بە سروشـتی خـۆی حەزی بە تەنیـایی و هەوای سـارد دەکـرد، زۆر حەزی لە قەرەبـاڵغی و ژووری بچـووک و گەرمـی نەدەکـرد، بەڵام دوای چەنـد ڕۆژێـک هـاوڕێ (هەژاری هەورەمـان) بـارگەی خۆی گواستەوە شوێنێکی دیکە و تەنیا مـن و هـاوڕێ (مەلا جەلال) لە کەپـرە شـاهانەکە مـاینەوە، هـاوڕێ (ئـاری خۆشـناوەتی) ویسـتی ببێـتە یەک لە دانیشتووانی کەپرەکە، بەڵام هاوڕێ (مەلا جەلال) ڕێگای پێنەدا، چونکە هەتا تەواومان کرد نەهات بەلامانەوە و وەک دەڵێن ویستی بێتە سەر حازرەکی.

هەر لەگەڵ دنیـــا کەمێـــک گەرم داهـــات هـــاوڕێ (مەلا جەلال) هەر چـــواردەوری کەپـــرەکەی بە گـــوڵ و لاولاو و گـــوڵە (قەدیـــفە) ڕازانـــدەوە، بە شێوەیەک هەر کەسێک بەلاماندا تێپەڕی بووایە حەزی بە دانیشـتنی نـاو کەپر دەکرد، بەڵام کەس لەترسـی هـاوڕێ (مەلا جەلال) نەیـدەوێرا بە یەکجـاری لێـی بمێنێتەوە، تەنیا میوان دەهاتن و شەوێک دوو شەو لامان دەمانەوە، لەوانە هاوڕێ (سـەلیمە سـوور) هەر بهاتبـایە ناوزەنـگ میـوانی کەپـرەکەی ئـێمە دەبـوو، زۆر حەزی بە دانیشـتن و مـانەوەی کەپـری شـاهانە دەکـرد لەبەر چەنـد هـۆیەک،

بـرادەری هـاوڕێ (مەلا جەلال) بـوو، کەیفیشـی بە گـوڵ و گـوڵزار دەهـات، کەپرەکەشمان بەرامـبەر چیاکـانی دیـوی ئێران بـوو، ڕەبیەی پاسداری ئێرانـی بەرامبەرمان بوو، منـیش دووربینـێکم هەبـوو، هەرچەند جاری دەهات بە کەیفی خۆی بەدووربـین تەماشـای ئەو چیـا و دۆڵ و ڕەبییـانەی دەکـرد، لە پەسـنی کەپـری شـاهانە دەیگـوت؛ (لەوەتەی پێشـمەرگەم شـوێنی وا خـۆش و جـوانم نەدیوە)، هەر لە تەنیشت کەپرەکە هەریەکە و قەرەوێڵە (تەخت)ێکی نووستنمان دروست کرد، ئەوەی من کوللەشی هەبوو بۆ ڕێگری لە مێشووله، شەوان لە بەر هەوای فێنکی ئەو دۆڵە لەسەری دەخەوتین.



بەهەمان شت هاوڕێیانیش چەند کەپرێکی دیکەیان دروست کرد لەوانە هاوڕێیان (کوردۆ و ئومێد) کەپرێکی بچووکیان لە نزیک کەپرەکەی ئێمە دروست کرد، هاوڕێیانی دیکەش کەپرێکی مامناوەندیان دروست کرد کە هاوڕێیان (مام ئەحمەد، یوسف حەساری، هەڵکەوت، د. هۆشەنگ، قاسمی گەرمیان و چەند هاوڕێیەکی دیکە) تێیدا دەخەوتن. هاوڕێیان (ڕێبوار، ملازم کەریم و ئاشتی) لەسەربانی ژووره گەورەکە کەپرێکی تەمبەڵانەیان بە پارچە چادر و بەتانی دروست کرد.

## ڕێبوار و گوڵ

ڕێبوار هاوڕێیەکی عەرەب بوو زۆر حەزی بە گوڵ و گوڵزار دەکرد، هەرچی یارمەتی وەریدەگرت بە شەتڵ و تۆو گوڵی دەدا و لە شوێنێکی ڕاستان کە (شوێنی کەپری گشتی ساڵی پار بوو) دەیچاند، شەو و ڕۆژ خزمەتی دەکرد، باخچەیەکی بچووکی ئەوەندە جوانی لێدەرچوو بوو هەردەم هاوڕێیان وێنەیان لە ناو دەگرت، گوڵ و لاولاوەکانی ئەو و هاوڕێ (مەلا جەلال) ئەو بارەگایەیان ڕازاندبووەوە، بە تایبەت بەیانیان دیمەنێکی یەکجار جوانی هەبوو، ئەو بارەگایە دەبووە یەک پارچە لە گوڵی ڕەنگاوڕەنگ.



ناو گوڵزارەکەی هاوڕێ ڕێبوار
چەتۆ ، ڕێبوار



باخچەکەی ڕێبوار
شوانە ، ئاوات ، قاسم ، هەڵکەوت
بەختیار ، ملازم کەریم ، ئومێد ، چەتۆ

## کەرویشک و گوڵەکانی ڕێبوار

سەرەتای داچاندنی گوڵەکانی ڕێبوار هێشتا هەر شەتڵ بوون، چەند کەسێکی گوندی (شێنی) بێچووە کەروێشکێکی کێوییان بۆ هاوڕێ (د. هۆشەنگ) بە دیاری هێنا، بەڵام چونکە کێوی بوو دوای ماوەیەک بزر بوو،

ڕۆژێک بینیمان شەتڵەکانی هاوڕێ (ڕێبوار) خوراوە، یەکسەر هاوڕێیان زانیان ئەوە کەروێشکە فەندی هاوڕێ (د. هۆشەنگ)ە، تا کار گەیشتە ئەوەی هەموو شەوێک دەهاتە ناو باخچەکەی هاوڕێ (ڕێبوار) و تێری دەخوارد و بە ڕۆژیش لەبن بەردەکانی نزیکە خۆمان خۆی دەشاردەوە، هاوڕێیان بڕیاریان دا شەو کەمینی بۆ دابنێن، هەرچەندی کردیان بۆیان نەکوژرا، ڕۆژێک گوتم؛ (ئەگەر ئەمشەو من بیکوژم چیم دەدەنێ)، هاوڕێ (مەلا جەلال) بە تورەیی گوتی؛ (تۆ هەقت چییە وازیان لی بهێنە، چۆن بە ( ٢٢) دەوڵەتی عەرەب دەرەقەتی ئیسرائیل نایەن هەموو عەرەبی مەقەڕەکانی دیکەش بهێنن ئەو کەروێشکەیان بۆ ناکوژرێ!)، ئیتر هەر واش دەرچوو، خاوەن فرۆشگاکەی تەنیشتمان کە خەڵکی (سەردەشت) بوو ئەو بۆ خۆی کوشتی و خواردی و لە کۆڵ هاوڕێیانی کردەوە.

لە نیوەی بەهار بوو دیسان هەر بۆ تاوتوێی وەزعی سیاسی (کۆبوونەوەیەکی فراوان یان کۆنفرانسی هەرێم لە نۆکانی سەرێ بەسترا)، چەند بڕیارێکی گرنگی لێدرا هەرە سەرەکییەکەی (سووککردنی بارەگاکان) بوو بە ڕەوانە کردنە دەرەوەی زۆربەی هاوڕێیان، چونکە لەو سەروبەرەدا دەنگۆی ئەوە بڵاو ببووەوە (لەسەر پێشنیاری عێراق) هەردوو دەوڵەتی داگیرکەر (عێراق - ئێران) پێک هاتوون لەسەر ئەوەی هەر یەکەو هێزە کوردییەکان بەرەو قوڵایی ببات و سەر سنوورەکان چۆڵ بکرێت، ئێران هێزەکانی ئێمە بباتە شاری (جەهروون)ی باشووری ڕۆژئاوا لەوێ لە کەمپی زۆرەملێ دەست بەسەرمان بکەن، عێراقیش هێزەکانی ئەودیو بباتە ناوچەی (ڕومادی) و بە هەمان شت لە کەمپی زۆرەملێ دەست بەسەریان بکات، بەڵام ساردییەک لە جێبەجێکردنی

هەبـــــوو، دەگــــــوترا ئێــــــران ئەو پێشـــــــنیارەی بەدڵ نیـــــــیە.

## سوككردنی بارەگاكان ( تخفیف)

هەر دوای ئەو كۆبوونەوەی هەرێم دەست كرا بە ڕەوانەكردنی هاوڕێیان بۆ دەرەوە، بە شێوەیەكی زۆر بەربڵاو ڕۆژ و هەفتە نەبوو چەند هاوڕێیەك بەڕێ نەكرێ، بێگومـان سـەرەتا لە كەسـوكاری هاوڕێیـانی بەرپـرس دەسـتی پێكـرد، خێـزان و منـداڵی خۆیـان نـارد، دواتـر ئەوەی مەبەسـتیان بـوو لە دەسـت و پێوەنـد ناردیـان، وەك بڵێـی بە فرسـەتیان زانـی، لەوانە مـاڵ و منـداڵی هـاوڕێ (ئەبـو جەنان) و كوڕی (مام ساڵح) و لەو هەلە (ئـارامی مەلا حەسەن)یشیان بەدزیەوە دەربــاز كــرد كە مــاوەیەكی زۆر بــوو لەبەر فشــاری هاوڕێیــان نەیانــدەتوانی بەڕێـیكەن، جـگە لە چەنـدین كەسـی دیـكەش، لە دانیشـتنەكانیش مزایەدەیـان بەسـەر هاوڕێیـان دادەكـرد و دەیـانگوت؛ (نابێت ئێرە چۆڵ بكەیـن، چونكە ئەوە گۆڕەپانی خەباتمانە)، جگە لەوە هاوڕێیەكی زۆریش ڕەوانە كرا بەڕاستی وەك دەڵێن حزب خۆی لە هاوڕێیانی خۆی كردە خاوەن و ڕێگای باشی بۆ دەربازبوون دۆزیبـووەوە بە هاوكـاری برادەرانـی (تـودە و دۆسـتانی ئێرانـی)، بە شـێوەیەكی ڕێكوپێـك و بێ ترس لە دوو ڕێگا هاوڕێیانیان بۆ دەرەوە بەڕێ دەكرد (ڕێگـای ئازەربێجـان) و (ڕێگــای مەشـهەد - توركمانسـتان)یان مسـۆگەر كردبـوو بـۆ پەڕینەوە بۆ (یەكێتی سۆڤیەت).

# سەرسنوور (ڕووداوێکی گرنگ) (١٩)

کۆتـایی بەهـار و سـەرەتای هـاوینی سـاڵی (١٩٩٠) هەرچەنـدە لێبـووردنی گشـتی ڕژێمـی (عێـراق) بەردەوامـی هەبـوو، بەڵام لەوکـاتە گەیشـتە ئەوپەڕی بەجۆرێک خەڵک بە وەجبە و بە دەیان و سەدان سەرنشێو بەرەو گوندی (سونێ) شـۆڕ دەبـوونەوە و کەمێـک لەخـوار گونـد خۆیـان ڕادەسـتی ڕژێمـی ئەنفـال و کیمیابـاران دەکـردەوە، خەڵکـانێکی یەکجـار زۆر لەدیـوی ئێـران دەگەڕانەوە، چەندین خێزان هەبوو هەر لە نسکۆی ساڵی (١٩٧٤)ەوە ئاوارەی ئێران ببوون لەو کـاتە دەگەڕانەوە، تەسـلیم بـوونەوەکە هێنـدە بەربـڵاو و زۆر بـوو، کـاریگەری دەروونی دەکردە سەر مرۆڤ، ڕۆژ هەبوو دەیان سەیارە لە دیوی ئێران دەهـاتن و خەڵکیـان دەهێنـا بـۆ تەسـلیم بـوونەوە، چەنـدین کەس و چەنـدین پێشـمەرگە و فەرمانـدەی پێشـمەرگە لەو کـاتە و بە کـاریگەری ئەو دیـمەنە و بـێ هیواییـان لەسـەرکردایەتی شـۆڕش وەڕەیـان ڕووخـا و خۆیـان تەسـلیم کـردەوە .

وابزانم لە مانگی حوزەیرانی ١٩٩٠ بوو هاوڕێ (مەلا جەلال)یش بەڕێکرا بۆ دەرەوە، کەپری شاهانە بۆ من و (خارە جەمیل) مایەوە، دەبوو هەموو ئێواران تەواوی ئەو گوڵ و گوڵزارە ئاو بدەم، هەم لەبەر خاتری هاوڕێ (مەلا جەلال) و هەم زۆریشم پێ جوان بوو، هەرچەندە ماندووبوونیشی هەبوو، و لە دوو شوێن دوو گـۆڵ شـارۆخ (کالیـار)ی چانـدبوو کە هـاتنە بەر لەزەتـی خۆشمان لێکـرد .

وەک لە بیرم مابێت دواین کاتی لێبووردن مانگی تەمووز و ئابی ساڵی ١٩٩٠ بوو، دەتوانم بڵێم بە هەموو ماوەکانی دیکە بەقەدەر ئەو دوومانگە خەڵک

تەسلیم نەبووەوە، هەموو ئەو خەڵکەی تەسلیم دەبوونەوە بە بەردەمی کەپرەکەی من و هاوڕێ (مەلا جەلال)دا دەڕۆیشتن.

لە هەمان کات خەڵکێکی زۆر و پێشمەرگەیەکی زۆر هەوڵی چوونە دەرەوەیان دەدا، بەهەر ڕێگایەک بۆیان بلوایە، زیاتر ڕێگای (پاکستان) کەڵکی لێوەردەگیرا، چونکە لەوێ هەم قاچاخچی زۆر بوون هەم (بارەگای نەتەوە یەکگرتووەکان) هەبوو کە بە ناونووسین و داواکردن دەتوانرا دەرچن، خەڵک و پێشمەرگەیەکی زۆر بە تایبەت (یەکێتییەکان) زیاتر ڕوویان لەو شوێنانە دەکرد، چونکە لەلایەن سەرکردایەتی خۆیان هیچ کارئاسانییەکیان بۆ نەدەکرا، بە پێچەوانەی هاوڕێیانی ئێمە.

لەو سەروبەندەدا (سەدامی دیکتاتۆر) و ڕاگەیاندنەکانی دەستیان کرد بە هەڕەشە و گوڕەشەی زۆر لە دژی (کوەیت) و بە خاین و بەکرێگیراو و نەوتدز لە قەڵەمیان دا، ڕۆژ بەڕۆژ هەڕەشەکان توندتر و مەترسیدارتر دەردەکەوتن، لە هەمان کات هەڕەشە و گوڕەشەی (ئیسرائیل)یشیان دەکرد، خۆیان وەک وڵاتێکی زلهێز و خاوەن چەکی کاریگەر نیشان دەدا، بەڕاستی بۆ ئێمە زۆر ناخۆش بوو کە (سەدام) بووبێتە خاوەن چەکی کاریگەری وەک چەکی کیمیایی و بە ترسناکمان دەزانی، بەڵام زۆربەی هاوڕێیانی عەرەب پێچەوانەی ئێمە بیریان دەکردەوە و زۆر بە ئاسایی و بە چاکیان دەزانی (سەدام) بووبێتە خاوەنی چەکی کۆکوژ بە پاساوی ئەوەی (ئیسرائیل) ئەو جۆرە چەکەی هەیە، (جارێک مناقەشەیەک لە نێوان هاوڕێ ئەبو عەلی شایب و من دروست بوو لەسەر ئەو مەسەلەیە، من بە خراپم دەزانی، بەڵام ئەو هاوڕێ شیوعییەی کە بە

چاوی خۆی کیمیابارانی خەڵکی کوردستانی بینی بوو، زۆر بە حەماسەوە گوتییە من (بشرفک تقبل عدوک عندە سلاح نووی و جیشک ماعندە)، من وامزانی باسی پێشمەرگە و جەیشی عێراق دەکات، دواتر دەرکەوت جەیشی عێراق بە هی خۆمان دەزانی و ئیسرائیلیش بە دوژمن!!!

ئەو ڕووداوە زۆر گەورە و جێی گرنگی پێدانی هەموو لایەک بوو لە هەر شوێنێک و هەر کۆڕ و کۆبوونەوەیەک باس دەکرا و گفتوگۆ و شیکردنەوەی بۆ دەکرا، بێگومان لە ناو بارەگاکانی ئێمەش زیاتر باس باسی هەڕەشە و گوڕەشەی دار و دەستەی عێراق بوو، لە هەموو ڕووێک لێک دەدرایەوە و هەر کەسێک بە بۆچوونی خۆی لێکدانەوەی بۆ دەکرد، تەنانەت بەرژەوەندی کەسییش حیسابی بۆ دەکرا، زیاتر دوو بۆچوون لەسەری هەبوو، زۆربەی هاوڕێیانی عەرەب لە ڕوانگەی عێراقی و کاولبوونی عێراقەوە بە باشیان نەدەزانی عێراق هێرشی هیچ کام لەو وڵاتانە بکات، هەرچی کەمینەیەکی ناو هاوڕێیانی کورد بوون بە هەر شێوەیەک بووایە بە باشیان دەزانی، بە حیساب لە هەر لایەک بێت کۆتایی بە سەدام و دار و دەستەکەی دێت، بەندەش یەک لەوان بووم کە خاوەنی ڕای دووەم بوون.

## یەکلایی بونەوەی فکری لای هاوڕێیان

هەرچەند ڕووداو و مەسەلەی چارەنووسساز دەهاتنە گۆڕێ زیاتر پەردەی سەر عێراقچیەتی و برایەتی درۆینەی کوردی ژێردەستە و عەرەبی

سەردەست و عێراقی داگیرکەر و کوردستانی داگیرکراو لادەدا، تایبەتمەندی کوردستان و گشتگیری عێراق ئاشکرا دەبوون، پێویستی حزبی چەپ و کۆمۆنیستی سەربەخۆ بۆ کوردستان زیاتر چەکەرەی دەکرد و زەرورەتی خۆی دەسەلماند، ئەو مناقەشانەی ئەوکات زۆر شتی ژێر پەردەی بۆ ئاشکرا کردین و لەو خەوە قووڵەی عێراقی یەکگرتوو و دیموکرات و ئەو درۆ و دەلەسانەی بە ئاگا هێنایین.

لەناو ئێمەش دوو جۆر بیرکردنەوە هەبوو، لایەک بەباشی دەزانی (سەدام) لە (ئیسرائیل) بدات، چونکە بێشک کۆتایی دێت و ئیسرائیل خواردنی ئەو نییە، بەڵام کوێت لاوازە و شتێکی ئەوتۆی پێناکرێ بەرامبەر سەدام، بەندە ئەو بیرکردنەوەم پێ هەڵە بوو، (پێم وابوو ئەگەر شەڕ لەگەڵ ئیسرائیل بکرێ، ڕای عەرەبی و ئیسلامی و تەواوی بەناو ڕزگاریخوازانی دنیا بە ناچاری بە ئێمەشەوە دەبێت پاڵپشتی سەدام و عێراق بکەین، بەڵام ئەگەر لەگەڵ کوێتی لاشەڕ و خاوەن نەوت و خەلیجی بێت، ئەوا تەواوی دنیا هەم لە ڕووی ئینسانی و هەم لە ڕووی بەرژەوەندی پاڵپشتی دەکرێت و ئێمەش دەتوانین ڕای خۆمان بە پاڵپشتی کوەیت دەرببڕین و سودێک لەو شەڕە وەربگرین، هەر هیچ نەبێت سوپا زۆر و بەهێزەکەی سەدام تاڕادەیەکی باش لاواز دەبێت و ڕەنگە بە کەسوکار و مەفتەن شاد بینەوە) کە دواتر هەر وا دەرچوو، لەو کاتە و لە قسە و باسەکان چەندین نوکتە و قسەی خۆش پەیدابوون لەوانە؛

## نوکتەکان

هاوڕێ (ئەرکان) گۆرانی (ئای لالۆ)ی گۆڕی بوو بۆ (ئای جۆرج بۆش) و دەیگوت (بەسەری خارتان ئەمن هەتا نەچمەوە هەولێر نابمە ساحێب ژن، جۆرج بۆشیش نەبیت قەت ناتوانم بچمەوە لێی گەڕێن با لێیدا).

هاوڕێ (موحسین یاسین) لە بەرامبەر قسەی هاوڕێیانی عەرەب کە دەیانگوت؛ (عێراق کاول دەبێت)، ئەو دەیگوت؛ (کا لۆ ئەو ڕۆژەی لەگەڵ غارەی تەیارەی ئەمریکی عەگال بەری مانگی بگرتایە ئەوجا بەدڵم بوو).

هاوڕێ (حازمی مام عەلی) دەیگوت؛ (من دەمەوێ ئەوهای لێبدەن لێرەوە هیچ ڕێگاوبان نەمێنێ، لە ڕێگای بەسرا بە باخیرە بڕۆمەوە، بەیانیان بگەمە بەسرا، ببیستم ژن بانگ بدات پیاویان نەمابێت، زۆر مەمنوونی من بن ببمە سەرکۆماری عێراق و (هۆشەنگ)ی کوڕم (کە کەمئەندام بوو) بکەنە موحافیزی بەغدا ئەوجا مورتاح دەبم).

## ڕووداوە گەورەکە

ئەوە بوو لە بەرەبەیانی ڕۆژی ٢ی ئابی ١٩٩٠دا سوپای (عروبەی عێراق) هێرشی سەر (کوێت)ی کرد و لە چەند سەعاتێک ئەوی مەبەستی بوو کردی، هەر لە کوشت و بڕ و تالانی و کاولکاری ... هتد، ئەو ڕووداوە بووە یەکەم ڕووداوی گرنگی ئەو ساڵە و تەنانەت ئەو دەیە (عقد)ەش. من لێرە ناچمە ناو هەڵسەنگاندن و شیکردنەوەی ڕووداوەکە تەنیا ئەوەندە دەڵێم وەک پێشبینییەکانی ئێمەی هاوڕێیانی کورد هاتەوە و دواتریش بە قازانجی ئێمە تەواو بوو.

بەگشتی زۆرمان پێ خۆش بوو و بە دەبەنگی (حماقە)ی سەرکردایەتی عێراق حیسابمان کرد، زانیمان تازە ئەو دوژمنە کەوتە ناو زەلکاوێک دەربازبوونی نییە، زۆر کەیفساز و دڵخۆش بووین، بەڕادەیەک هەرچی شەراب هەبوو کرا دەعوەت و دەعوەتکاری... هتد.

## خواحافیزی لە سنوور

پێش ئەو ڕووداوە بەردەوام هاوڕێیان بەرەو دەرەوە ڕەوانە دەکران، وەک پێشتریش گوتم هەفتە نەبوو چەند هاوڕێیەک ڕەوانە نەکرێ، جا ئەوەی خۆی داوای دەکرد یان لەلایەن هاوڕێیانی محەللی و هەرێم پێشنیار دەکران، چەند هاوڕێیەک بە منیان گوت هەقە داوای چوونە دەرەوە بکەی هەم وەک هەقی خۆت و هەم نەخۆشی برِبڕەی پشت (فەقەرات)م تووش ببوو، بەڵام ڕەتم کردەوە داوا بکەم و هەردەم وەڵامم ئەوە بوو، خۆیان وەزعی من دەزانن، بۆ داوا بکەم.

دوای نیوەڕۆی ٤ی ئەیلوولی ١٩٩٠ هاوڕێ (کاوە چاوشین) کە ئەوکات بەرپرسی بارەگا بوو، داوای پیاسەی لێکردم، بە ئاسایی وەرمگرت، چونکە زۆر برادەری یەکتر بووین و قسە و ڕاگۆڕینەوەمان لەگەڵ یەکتر هەبوو، دوای چەند قسەکردنێک گوتی؛ (ئێمەش بەیانی دەڕۆینە دەرەوە)، لام سەیر نەبوو، چونکە ڕۆیشتنە دەرەوە زۆر بوو و دەمزانی هاوڕێ (کاوە چاوشین) ناوی هەیە بۆ دەرەوە، بۆیە گوتم؛ (چ قەیدیە هەقی خۆتانە زۆر ماندوون و ئەو خەڵکەی ڕەوانە کرا بەقەدەر...... خزمەتی حزبی نەکردووە)، دیاربوو بە دیقەت هەستم لە قسەکەی ڕانەگرتبوو و بیریشم لەوە نەدەکردەوە حزب خۆی منی لە بیر بێت و

ڕەوانەی دەرەوەم بکات، هاوڕێ گوتی؛ (کوڕە تۆش لەگەڵمانی بۆ خۆت دوور دەگری)، ئەوجا زانیم منیشیان بەخەیاڵ داهاتووە و لەگەڵ ئەو وەجبەی کە بەیانی دەڕۆن منیش هاوسەفەرم بۆ دەرەوە، وا هەستم کرد دەوری هاوڕێ (ملازم هەژار)ی تێدا بێت، چونکە وابزانم ئەوکات ئەو هاوڕێیە ببووە ئەندامی (مەکتەبی محەللی هەولێر)، پێشتر بەرپرسی من بوو، شارەزای وەزعی من بوو، حەزی بە خۆشی و تەندروستی من دەکرد.

دیاربوو ئەو ئێوارەیە چەند هاوڕێیەک زەوقساز بوون و ئێوارە و شەویش هەر بە پێکەنین و گۆرانی و نوکتە کاتیان بەسەر برد، تەنیا من هیچم پێوە دیار نەبوو، بە تایبەت چونکە بەیانی زوو من لەگەڵیان نەڕۆیشتم لەبەر هەندێ کاری شەخسی خۆم، دواتر کە خواحافیزیم کرد هەندێک هاوڕێ هەر بە گاڵتە وەریانگرت، ئیتر دوانیوەڕۆی ٥ی ئەیلوولی ١٩٩٠، ڕێک دوای دوو ساڵ مانەوە لە ناوزەنگ و نۆکان بە تەنیا دوای هاوڕێیان بەرەو غەریبی هەنگاوم نا.

# هەنگاو بەرەو غەریبی (٢٠)

ئەو هاوڕێیانەی کە بڕیار بوو بەیەکەوە بڕۆین، بەیانی زوو هەندێکیان خواحافیزیان کرد، هەندێکیان بەدزی و بێ خواحافیزی بە جێیان هێشتین، تەنیا من لەبەر هەندێک کاری تایبەت بە خۆم و لەسەر پێشنیاری خۆم دواکەوتم، چونکە ئێوارە بیستم هاوڕێیەکی خزم کە ماوەیەکی زۆر بوو لەشار بوو، گەڕاوەتەوە، بەڵام بەیانی دەگاتە بارەگاکانی ئێمە، هەر دەبوو بیبینم، پێم جوان نەبوو بەبێ خواحافیزی ئەو بڕۆم، شکیشم هەبوو مادام لەشار بوویێت ماڵی ئێمەشی دیوە و دەنگ و باسیان دەپرسم ئەوجا دەڕۆم، هەر بەو شێوەیەش لەگەڵ هاوڕێ (کاوە چاوشین) ڕێککەوتم کە (لەبەر هاتنەوەی و دیتنی ئەو هاوڕێیە و خەبەری ماڵەوە یەک یان دوو ڕۆژ دوادەکەوم، ئەگەر ئەوان لەشارەکانی ئێران مانەوە پێیان دەگەمەوە، ئەگەرنا دیتنی ئەو هاوڕێیە و خەبەر و باسی کەسوکار بۆ من گرنگترە لە ڕۆیشتن بۆ دەرەوە و ئێوە بڕۆن.

دوای ڕۆیشتنی ئەوان برادەرێک گوتی؛ (ئەوە هاوڕێ ....... لە بارەگای نۆکانی خوارەوەیە و شەو گەیشتۆتە ئەوێ)، خەبەرێکی باش بوو بۆ من، ئیتر خواحافیزیم لە هاوڕێیان کرد هەرچەندە زۆربەیان باوەڕیان نەدەکرد کە خواحافیزی یەکجارییە، چونکە نە بەیانی زوو لەگەڵ هاوڕێیان ڕۆیشتم نەئێوارەش هیچم پێوە دیاربوو.


چوومە بارەگای نۆکان، ئەو هاوریەم بینی و تەواو هەواڵ و خەبەری ماڵەوەم بیست و نامەیەکی ماڵەوەشی بۆ هێنا بووم، دڵخۆش بوو بە ڕۆیشتنە دەرەوەم و

هەندێکیش ڕێنمایی کردم لەسەر ژیانی دەرەوە و چەند جارێک پێی گوتم؛ (ئەگەر پێویستت بە پارە هەیە بتدەمێ یان لەهەر شوێنێک پێویستت بوو لە هاوڕێیان وەرگرە و من دەیاندەمەوە)، هەرچەندە زۆر پێویستم بەپارە بوو، بەڵام شەرمم کرد و داوام نەکرد، (دوای ڕاپەڕین کە لەدەرەوە گەڕامەوە زانیم ماڵەوە لەگەڵ نامەکە بڕی (٦٠٠ دینار)ی ئەوکات کە دەیکردە زیاتر لە (١٥٠ دۆلار)یان بۆ ڕەوانە کردبووم، بەڵام ئێستاش نازانم بۆ باسی ئەو پارەی نەکرد لەبیری چوو بوو یان چی!!!، کە بۆ ئەو کاتی من زۆر پێویست بوو، بە شێوەیەک لە هەندێک شوێن قنچکە جگەرەی خەڵکمان هەڵدەگرتەوە و زستانی مۆسکۆم بەبێ جل و بەرگی گەرم بەڕێکرد، ئەو (١٥٠ دۆلارە) بۆ ئەو کاتی مۆسکۆ پارەیەکی یەکجار زۆر بوو، بۆ نموونە هاوڕێ (زانای مام تەهای مامە ڕەزا) کە هاوسەفەرمان بوو هەر (١٥٠ دۆلار)ی لابوو هەموو پێویستی خۆی پێکڕی و یارمەتی چەند هاوڕێیەکیشی دا).

## خانێ (پیرانشار)

دوانیوەڕۆی ٥ی ئەیلوولی ١٩٩٠ خواحافیزیم لە هاوڕێیانی (بارەگای نۆکان) کرد، چوومە (قاسمەڕەش) و لەوێوە بەرەو شارۆچکەی (خانێ)، دوای عەسر گەیشتمە ئەوێ و میوانی ماڵی هاوڕێ (حازمی مام عەلی کوتک) بووم، بەڵام بۆ نان خواردنی ئێوارە داوەتی ماڵی کاک (بێستوون) بووین کە زاوای (مام عەلی) بوو. بە شایانی باسە (کفتە)یەکی زۆر چاکیان هەبوو، لەوێ زانیم (بۆتانی برازای مام عەلی) لەگەڵ ئێمە هاوسەفەرە و ڕەوانەی

دەرەوە دەکرێ، ئەو هەواڵەم زۆر پێخۆش بوو، چونکە هاوڕێیەتییەکی بەهێزم لەگەڵ (بۆتان) هەبوو، حەزم بە هاوسەفەریی ئەو دەکرد و بە ڕەواشم دەزانی ڕەوانەی دەرەوە بکرێ هەم وەک پاداشتی ماندووبوونی خۆی و هەم وەک قوربانیدانی خێزانەکەشیان.



هاوڕێ بۆتان

دوای عەسرەکەی هەوڵمان دا هەندێک جل و بەرگی پێویست بکڕین وەک (پانتۆڵ و پێڵاوی باتا و شتی وا)، بەڵام شتێکی ئەوتۆمان دەست نەکەوت، چونکە هەردووکمان بە ڕادەیەکی باش قەڵەو بووین، لە هیچ دوکانێک لە

ژمـاره (٤٤) گەورەتـر نەبـوو، شـەو کاتێـک لە (کفـتە) خـواردن دەگەڕایـنەوە، هـاوڕێ (بۆتـان) بە هەڵـبەز و دابەز و ڕاکردنـی کـورت لەسـەر جادە دەڕۆیشت، کەیفـی زۆر سـاز بـوو، بە گـاڵتەکردنەوە دەیگـوت؛ (بـابزانم هەتـا بەیـانی خـۆم ناکەمە ٤٤)، واتە خۆی لاواز بکات، بۆ ئەوەی پانتۆڵی دەست بکەوێ، هاوڕێ (هەردی) دەیگوت؛ (نەکەن لە خۆشی .........ی ئەوروپا منتان لەبیر بچێت، زوو دۆلارم لـۆ ڕەوانە بـکەنەوە). شـەو لە مـاڵی هـاوڕێ (حـازم) مـاینەوە، ئەو شەوەمان بە سوحبەت و قسەی خۆش بردە سەر و لەگەڵ (بۆتـان ڕێککەوتم کە ئەگەر لە ڕێگـا هەر شتێکی نـامۆ و نـوکتە ئـامێز بکـات بە نـامە بـۆ هـاوڕێ هەردی دەینێرمەوە)، چونکە دەمزانی تووشی شتی وادەبێت.

بەیـانی (٩/٦) هەتـا دوای نیـوەڕۆ هەر لە (خـانێ) مـاینەوە، چـونکە مەوعیـدمان لەگەڵ هـاوڕێ (کـاوە چاوشـین) ئێـوارەی ئەو ڕۆژە لە شـاری (نەغەدە) لە چایخانەیەک بوو لە نزیک (پیشانگای بابک) کە کوردەکانی عێراق بە زۆری لێی دادەنیشتن، خاوەنی پیشانگایەکەش (محەمەد بەربەیـار) هەر کوردی لای خۆمان بوو.

### نەغەدە

دوای عەسری (٩/٦) لەگەڵ هـاوڕێ (بۆتـان) گەیشـتینە شـارۆچکەی (نەغەدە)، لە کـات و شـوێنی دیـاریکراو لەگەڵ هـاوڕێ (کـاوە چاوشـین) بەیەکگەیشتین و دوای کەمێک دانیشتن و پشوودان ڕۆیشتین بۆ ئەو شوێنەی یـان ئەو مـاڵەی کە بـۆ بەڕێکردنـی هاوڕێیـان دیـاریکرا بـوو، مـاڵێکی زۆر ڕێکوپێک و میواندۆست و ڕووخۆش بوون، خزمەتی زۆریان کردین، بەداخەوە

ناوی خاوەن ماڵەکەم لە یاد نییە، خۆی و خێزانەکەی زۆر بەڕێز و ڕووخۆش بوون، دواتر زانیم ماڵی برای گەورەی (سەرۆ قادر)ی بەرپرسی ئەوکاتی بەڕێکردن و هێنانی هاوڕێیانی (حشع)ە لە شارۆچکەی (نەغەدە)، شەو کاک (سەرۆ قادر) هاتە لامان و دوای بەخێرهاتن کردن پرسیاری کرد کە ئایا هاوڕێیان لە (ناوزەنگ) هیچ بڕەپارەیەکیان وەک یارمەتی پێداوین بۆ کڕینی پێویستی سەفەر وەک جل و بەرگ .....هتد، تەنیا من گوتم؛ (نەخێر هیچم وەرنەگرتووە)، دەنا ئەوانی دیکە هەر یەک بڕی (٥٠٠٠ پێنج هەزار تومان)یان لە هاوڕێ (مەلا حەسەن) وەرگرت بوو کە ئێوارەی پێش ڕۆیشتن لە دوای ناردبوون و لە بارەگای هەرێم پێشوازی کردبوون، دوای هەندێک قسە و ئامۆژگاری ئەو بڕە پارەیەشی پێدابوون، (کە تەنیا منی لەو بانگکردن و ئامۆژگاری کردن و بڕە پارەیە بێبەش کرد بوو)، ئێستاش نازانم هۆکار چی بوو، هەر ئارەزووی خۆی و خۆش لێنەهاتنی دەموچاوی من بوو یان شتی دیکە؟!، بە هەرحاڵ (وابزانم) کاک (سەرۆ قادر)یش باوەڕی بە قسەکەم نەکرد، چونکە هەر وەک ئەوانی دیکە هەر یەک بڕی (٥٠٠٠) تومانی داپێمان بە واتایەکی دیکە تەنیا من بڕی (٥٠٠٠) تومانم وەرگرت دەنا ئەوانی دیکە بە هەر دوو جارەکە هەر یەک (١٠٠٠٠ دە هەزار)یان وەرگرت.

بەیانی ڕۆژی (٩/٧) هەر لە ناو بازاڕی شارۆچکەی (نەغەدە) هەندێک پێویستیمان کڕی بەو بڕە پارەی وەرمانگرتبوو، شەو دیسان کاک (سەرۆ قادر و برادەرێکی دیکە بەناوی حەمە بچکۆل) هاتنە لامان، بەڵام ئەو جارە زۆر مڕومۆچ و گلەیی زۆریان کرد لەوەی کە ئێمە لە کاتی شت کڕین لەلایەن

خەڵکەوە زۆر بینـراوین لە شـمەک کـڕین و بـوویتە دەنگـۆ کە شـیوعییەکان بە وەجبە دەڕۆنە دەرەوە، هەرچەندە قسەکەی ڕاست بوو، بەڵام چارمـان نەبـوو، هەر دەبوو پێویستی خۆمان بکڕین، بۆیە من لای خۆمەوە زۆر گرنگیم بە قسەکانیان نەدا، چونکە چارەمان نەبوو هەر دەبوو پێویستی خۆمان لەو شارۆچکە بچووکە دابین بکەین.

دوای یەک دوو ڕۆژ ڕەنگە لە (٩ یـان ٩/١٠) دوای دەسـتکاری کردنـی پسـوولەی هـاتوچۆی نـاو ئێـران (بـرگ ترددی)مـان کە بە ئاشـکرا دیـار بـوو دەستکاری کراوە، هەموومانیان لە ناو یەک (ئۆتۆبووس) بەرەو تـاران بەڕێکـرد کە ژمارەمان (١٣) هاوڕێ بووین، چونکە لە کاتی کڕینی بلیتەکان بەیەکەوە کڕابـوون، لە نـاو پاسـەکەش لە تەنیشـت یەکتـر دانیشـتبوون، ئەو کـات گـوتم کڕینی ئەو بلیتانە زۆر گێلانە و نەفامانە کڕاوە چونکە هەر شتێکی بچـووک ڕووبـــدات هەمووـمـــان دەگیـــرێین و ئاشـــکرا دەبـــین .

بە هەرحـاڵ کـاتژمێر (چـواری عەسـر) بەڕێکەوتـین بەرەو شـاری (تـاران) کە زیاتر لە (٨٠٠ کم) دوورە، باشی و خۆشی ڕێگاکە ئەوەیە بەشەو لە ڕێگا دادەبـن، دەتـوانرێ کەڵـک لەخەو وەربگیـرێ بـۆ بڕینـی ئەو مەسـافە دوورە کە نـــــــزیکەی (١٢ ســــــــەعات) دەبێـــــــت .

لە (نەغەدە) هاوڕێیان شتێکی سەیریان پێگوتین، کە لە بازگەکان خۆمان بخەوێنین یان خۆمان بخافڵێنین بۆ ئەوەی داوای ناسنامەمان لێنەکەن، کە ئەوە ڕێک پێچەوانەی بازگە و پیاوانی بازگەکـانی (عێراق) بوو، بەڕاستی گـاڵتەم بەو پێشـنیارە هـات و لە دڵـی خـۆم وام دانـا هەر بـۆ خافڵانـدنی ئـێمە و

بەڕێکردنمانە یان لە کۆڵ خۆکردنەوەیە، بەڵام لە بازگەکان ڕێک وابوو، بە تایبەت بازگەی (میاندواو)، دیارە هەر ئەو بازگەیەش توند بوو، چونکە هەندێک خۆمان کردە خەوتوو و هەندێک تەماشای دەرەوەیان دەکرد، من و هاوڕێ (بۆتان) کە لەتەنیشت یەکتر دانیشتبووین، بە فستق خواردن خۆمان مەشغول کردبوو، هیچ داوای ناسنامەیان لە ئێمە نەکرد ، سەیر لەوەدابوو هەر لە تەنیشت من سەربازێکی بەستەزمانیان بە شێوەیەکی وا پشکنی قەت شتی وام نەدیتبوو، هەموو جل و بەرگیان لەبەر داکەند، بە شێوەیەک جلی ژێرەوەشیان پشکنی و تەماشای ناو شۆرتەکەشیان کرد، لەسەرخۆ هەر بۆ گاڵتە بە هاوڕێ (بۆتان)م گوت؛ (لێی گەڕێ با بیپشکنن سەگبابە بۆ سەربازی دەکات).

بەیانی زوو گەیشتینە (تاران) دیاربوو برادەرانی خۆمان لە ناو گەراج (ترمینالی مەرکەزی) چاوەڕێیان دەکردین، هەرچەند هاوڕێیەک و بە تاکسیەک بردمانیانە شوقەیەک کە تایبەت بوو بۆ ئەو کارانە، هەندێک هاوڕێی دیکەی بادینانیشی لێبوو هەر بۆ هەمان مەبەست، بەڵام زۆر بە نهێنی بوو بە شێوەیەک ماوەی دە ڕۆژ ماینەوە هەتا هەموویان ڕەوانە کردین، بەبێ ئەوەی یەک دەقیقەش بێینە دەرەوە، دواین گرووپ ئێمە بووین کە ژمارەمان پێنج کەس بوو (بۆتان، ڕێبوار عەرەب، ئاکۆ قەیباشی، ستار مخابر و من)، دوای دە ڕۆژ لە چاوەڕوانییەکی وەک زیندانی، لە گەرمای هاوینی (تاران) ئەوجا ڕێککەوت و بەڕێیان کردین بۆ شاری (مەشهەد).

# هەنگاونان بەرەو غەریبی (٢١

## مەشهەد

دوای بڕینـی زیـاتر لە ( ١٠٠٠کـم) و مـاوەی زیـاتر لە (١٦ سـەعات) ڕێکردن بە (ئۆتۆبـووس) گەیشتینە شاری (مەشهەد)، کە دەکەوێتە باکووری ڕۆژهەڵاتـی ئێـران و هاوسـنوورە لەگەڵ (تورکمانسـتان و ئەفغانسـتان)، شارۆچکەیەکی پیرۆزە لای مەزهەبی شیعەی دوازدە ئیمامی، بەهۆی بوونی مەزارگەی (ئیمام ڕەزا) کە یەکێکە لە دوازدە ئیمامەکەی شیعەکان، دیـارە لەسـەردەمی (خەلافەتـی عەباسـی)یەکان و لەسەردەسـتی یەک لە خـودی خەلیفەکـان (لە بەغـدا) کـوژراوە، بەڵام تەرمەکەی بـراوەتەوە شـارۆچکەی مەشـهەد و لەوێ نێـژراوە.

کـاتی لە تـاران بەڕێکەوتـین لەلایەن هاوڕێیـانی بەرپـرس لە بەڕێکردنمـان پێیـان گـوتین کە (بەیـانی دەوری کـاتژمێر هەشت دەگەنە مەشهەد، هەوڵبـدەن هەتا دوای نیوەڕۆ بە چوونە گەرماو و پیاسەی بازاڕ کات بکوژن، دوای ئەو کاتە یەکتر دەبینینەوە)، ڕێک لەو کات گەیشتین و هەتا کاتی دیاریکراو کاتمان بەڕێکرد، دەوری کـاتژمێر (١:٥) دوای نیـوەڕۆ لە شـوێنی دیـاریکراو لەگەڵ ئەو هـاوڕێیەی کە لە تـاران بەڕێیکـردین یەکمـان گـرتەوە و بردمـانیە زیـارەتی (ئیمـام ڕەزا) کە مەزارگەیەکـی یەکجـار جـوان و خۆشـی هەیە بە شـێوەیەک لەهەر چـوار لای منـارە و دەرگـا و ژووری وەک یەک دەبینـرێ، ئەگەر زۆر ئاگادار نەبیت، ڕەنگە ڕێگا هەڵە بکەی لەبەر لێکچوونی هەر چوار

لای، ناوەوەی هەتا بلێی جوان ڕازاوەتەوە، یەکپارچە زێڕە، تەواوی منارەکان و گۆمەت و دەرگا و مەزارەکە بە زێڕ ڕووپۆش کراوە، مەزارەکە بە قەفەسێکی ئاڵتونی زۆر گەورە و فراوان دەور دراوە، ئەوەی لام سەیر بوو ئەو قەفەسە گەورە پڕ لە زێڕ و پارە بوو کە زیارەتکاران دەیانبەخشییە مەزارەکە، لە هەمان کات پڕبوو لە کچی جوان کە بۆ زیارەت هاتبوون، زۆریش حەزیان لە چاوچاوانێ بوو، لەگەڵ هەر ئاوڕدانەوەیەک زەردەخەنەی زۆر جوان و ماناداریان دەکرد، بێئاگا لە وەزعی ئێمە، وایان دەزانی ئێمەش وەک ئەوان بە تایبەت بۆ زیارەت و چاوچاوانێ چووین و ڕەنگە ئامادەکاری وەڵامدانەوەی جوڵەی ناسک و پڕ مانای ئەوانمان هەبێت، مۆزەخانەیەکی زۆر گەورە و جوانیشی لێیە، دوای زیارەت چووینە سەردانی مۆزەخانەکە، پڕبوو لە شتی جوان و نایاب لە هەمووی جوانتر مافورێکی (٥م بە ٧م) دانرابوو کە بە تابلۆی (هفت شهری عشق) ڕازابووەوە، لەگەڵ مافورێکی دیکەی (١م بە ٢م) وێنەی (نەسرەدین شای قاجار) بوو، ئەوەندە جوان بوو واهەستت دەکرد وێنەی فۆتۆگرافییە نەک مافور و بە دەست چنراوە، شتێکی دیکەی سەیری لێ دانرابوو کە ڕەخت و کیفکی دەمانچەی دەستکردی (حاجی مەجید) بوو لەسەری نووسرابوو دەستکەوتی موجاهیدەکان لەشەڕی (عێراق - ئێران) دیارە هی جاشە کوردە بەشداربووەکانی ئەو شەڕە بووە، چونکە سوپای نیزامی لە عێراق ئەو جۆرە ڕەختەی بەکار نەدەهێنـــــــــــــــــا .

دوای زیارەت هاوڕێی بەرپرسمان بردمانیە شوێنی حەسانەوە کە تایبەت بوو بۆ زیارەتکاران و وەقفی ئیمام ڕەزا بوو، هەموو پێداویستییەکی مانەوەی تێدابوو

هەر لە پـــــێخەف و کەلـــــوپەلی خـــــواردن دروســــتکردن... هتـــــد. چونکە ماندووبووین من دوای عەسر کەمێک خەوتم، دواتر هەستاین و نانی ئێوارەمان بۆ هات و شەویش بە درێژی شەو لەو شوێنە ماینەوە، تێر خەو بووین و ئیسراحەتێکی باشمان کرد، بەیانییش بەهەمان شێوە ڕامانبوارد تا کاتی دیاریکراو کاتژمێر ( ٥.٥ / ٦ )ی ئێوارە لە شوێنی دیاریکراو سەیارە ئامادە کرابوو بۆ گەیاندنمان بۆ سەر سنوور، هەرچەندە بە ئێمەیان گوتبوو کە دەچنە سەر سنووری (ئەفغانستان) و خۆتان تەسلیمی ڕەبایەی ئەفغانی دەکەن، بەڵام کاکی شوفێر گوتی؛ (نەخێر من لەسەرمە ئێوە بگەیەنمە سەر سنووری سۆڤیەت و لەوێ خۆتان تەسلیمی ئەوان دەکەن)، ئەو شتە هەندێک تووشی دڵەڕاوکێی کردین، بەڵام کە گوتی بەر لەچەند ڕۆژێک خەڵکی دیکەی لەو شێوەیەم گەیاندووە، بە گوێرەی وەسفی کەسەکان زانیمان هاوڕێیانی خۆمانن و ڕاست دەکات، دڵەڕاوکێیەکەمان ڕەویەوە.

بێگومان دەبێت بڵێم هاوڕێیان تەواوی کارەکانیان زۆر بە ڕێکوپێکی بوو، ناوی ماڵێکیان پێدابووین لە شارۆچکەی (سەراخس) کە دەکەوێتە سەر سنوور و ئێمە لە نزیک ئەو شارۆچکەیە دەپەڕینەوە بۆ (سۆڤیەت)، ناوی خاوەن ماڵیش (میرزا مەحموود) بوو، دیار بوو کەسێکی خۆیی و جێی متمانە بوو، نهێنی لەگەڵ (ســـــــــۆڤیەت)کانیش (غـــــــــــولام ڕەزا) بـــــــــــوو.

شارۆچکەی (سەراخس) نزیکەی (١٦٥ کم) لە مەشهەد دوور بوو، دواتر زانیمان ئەو شارۆچکەیە لە ئەنجامی شەڕی (ڕووسیای قەیسەری و ئێرانی قاجاری) کراوەتە دووبەش و هەر بەشەی بەر وڵاتێک کەوتووە، خەڵکەکەی

تورکمـانن و فارسـیش دەزانـن. شـارێکی دەوڵەمەنـدە بە نەوت لە هەردوو دیـو چەنـدین بیـرە نەوت هەیە، بەڵام دەکەوێـتە بیابـانێکی وشـک تەنـانەت ئاویشـی تاڵە.

ناوچەکە بەگشتی شوێنی بازرگانی و قاچاخچیەتی مادەی هۆشبەرە لە نێوان قاچـاخچی هەر چـوار وڵات (ئێـران، ئەفغانسـتان، تورکمانسـتانی یەکێتـی سۆڤیەتی جاران)، شوێنێکی زۆر ترسناک و پڕ لە مافیایە، زۆر شەوان چەندین کەس لەو ناوچەیە دەکوژرێ یان دەگیرێ، دەبوو ئێمەش لەو سنوورە خۆ دەرباز بکەین.

کاکی شوفێر دیاربوو عەرەبێکی عێراقی دانیشتووی ئێران بوو، زۆر شارەزا و لێهاتوو بوو، وەک هەستمان کرد نهێنی لەگەڵ هەموو بازگەکان هەبوو، بە لەچـاوکردنی چـاویلکەیەکی سـەوز، بەر لەوەی بگەیـنە هەر بـازگەیەک چاویلکەکەی لە چاو دەکرد و یەکسـەر ئیشـارەتی ڕۆیشـتنیان دەدایـن بەبێ ڕاگرتن.

بەرلەوەی بگەیـنە شـوێنی دابەزیـن، ڕێنمـاییەکی باشـی کـردین و گـوتی؛ (ئێوە هەر یەکە و سەد تومانتـان لایە بۆ مـن و بمدەنێ، هەر کـاتێ سەیارەکەم ڕاگرت بە زۆر بەپەلە دادەبەزن و یەکسەر هەر بە غاردان بەرەو ئەو گلۆپەی ئەو ڕەبیە دەچن کە ڕەبیەی ڕووسەکانە و خۆتـان تەسلیمی ئەوان دەکەن، لە کـاتی لێکـۆڵینەوە نهێنـی خۆتانیـان پێـدەڵێن ئەوان دەزانـن، بەڵام وریـابن نەکەون و جێگایەکتـان بشـکێ، چـونکە دوای (٥٠- ٦٠) هەنگـاو دەگەنە کەنـدەڵانێکی بەرز، هەر شتێکتان بەسەر بێ بەجێدەمێنن، هەرچەندە من دوای نیو سەعاتی

دیکە دەگەڕێمەوە ئەگەر لەسەر جادە بتانبینم دەتانبەمەوە، بەڵام چاکترە بڕۆن نەوەک بەر لە هاتنەوەی من تووشی پاسەوانی سنووری ئێرانی بن و حیسابی قاچاخچیتان بۆ دەکەن و دەرچوونتان زۆر زەحمەت دەبێت، هەرچۆنێک بێت خۆتان بگەیەننە ئەو ڕەبیەیە).

پارەکەمان پێدا و لە کاتی دیاریکراو و بە پێی پێویست خۆمان ئامادە کرد، هەر لەگەڵ ڕاگرتنی سەیارەکە هەموومان دابەزین و بەرەو ئەو ئاراستە ڕامان کرد، ڕێک نزیکەی (٥٠ -٦٠) هەنگاو گەیشتینە سەر کەندەڵانەکە، هاوڕێ (ستاری موخابیر) لە پێش هەمووان بوو، شەوانە چاویشی باش نەبوو لە کەندەڵانەکە کەوتە خوارەوە، هاوارێکی کرد، من زۆر ترسام شوێنێکی شکابێت، یەکسەر خۆم هەڵدا خوارەوە و چوومە لای، دیاربوو ئازاری پێگەیشتبوو، بەڵام هیچ شوێنی نەشکابوو، ڕاستم کردەوە و کەمێک یارمەتیم دا باش بوو دەستی کردەوە بە ڕۆیشتن، خوار کەندەڵانەکە بەستێکی وشک و بێ ئاو بوو، دیاربوو هەر زستانان ئاوی بارانی پێدا دەڕۆیی، نزیکەی (٦٠ - ٧٠) هەنگاو فراوان بوو، دەبووە سنووری هەردوو وڵاتی (ئێران - یەکێتی سۆڤیەت)، بە چەند هەنگاوی خێرا بەستەکەمان بڕی، چونکە شوفێرەکە پێی گوتین ناو بەستەکەش هەر خەتەرە و دەبێت زوو لێی تێپەڕن، بۆ لای ڕەبیەی دەست نیشانکراو سەرکەوتین، هەر لەگەڵ سەرکەوتنی سەر لێواری بەستەکە بە دیوی (سۆڤیەت)، هەستمان کرد کەوتینە ناو شوێنێکی سیمڕێژکراو و لەگەڵ هەر هەنگاوێک سیم لە پێمان دەئاڵا، لەوێ گوتم؛ (هاوڕێیان ئەو هەموو سیمە بە خۆڕایی نییە باوڕ دەکەم ئەوە چاودێری کردنی سنوور بێت لەلایەن سوپای ئەو

ولاتە).

لە ناوزەنـــــگ دەربــــــاز بــــــووین و گەیشـــــتینە یەکێتـــــی ســـــۆڤیەت

لە سیمەکە تێپەڕین و زانیمان گەیشتینە ناو خاکی سۆڤیەت، لە کاتی بەرەو ڕەبیەکە دەچووین هاوڕێ (ستاری موخابیر) لەبەر خۆیەوە بەبێ ئەوەی ئاگای لە ئێمە بێت سەری بەرز کردەوە و بە هەناسە هەڵکێشانێکی قوڵ و خۆش گوتی ( اللەەەەەەە خلصنا من ناوزەنگ وصلنا الی اتحاد السوفیتی)، واتە (ئەڵلاهههههههه لە ناوزەنگ دەرباز بووین و گەیشتینە یەکێتی سۆڤیەت)، دیاربوو ئەوەندە بێزار ببوو لە ناوزەنگ و ئەوەندە حەزی بە یەکێتی سۆڤیەت بوو.

کەمێک ڕۆیشتین بینیمان سەیارەیەک بەرەو ڕوومان هات و چووە سەر گردێکی دەستکرد و دەستی کرد بە لایت لێدان بۆ ئەو شوێنەی ئێمە پێیدا هاتبووین، بەڵام چ لایتێک!! ئەوەندە بەهێز بوو تەواوی ئەو ناوچەی ڕووناک کردبووەوە، بەڵام چونکە ئێمە هەندێک بە لای دەستەچەپدا ڕۆیشتبووین و لە کاتی لایت لێدانەکەش دانیشتین، هەستیان پێمان نەکرد، بەڵام هەر لەسەر گردەکە مانەوە، ئیتر ماوەی نیو کاتژمێر بە پێیان ڕۆیشتین بەرەو لای ڕەبیەکە، کاتێک گەیشتینە پەرژینێکی ئەوەندە بڵند و قایمی دەوردراو بە تێل دڕک، ئەستەم بوو پشیلەش لێی تێپەڕێت، ناچار من گوتم (باشترە بگەڕێینەوە بۆ لای گردەکە و سەیارەکە و خۆمان تەسلیمی ئەوان بکەین با لەو گەڕان و سوڕانە تەقەشمان لێنەکەن)، هاوڕێیان ڕایەکەیان پەسەند کردم و بە پێشیان کەوتم تا گەیشتمە سەر گردەکە و لای سەیارەکە هیچ هەست و خوست نەبوو، تۆمەز سەربازەکان کاتێک لە دیتنەوەی ئێمە بێ هیوا ببوون بۆ خۆیان خەوتبوون،

ناچـار بـانگم کـردن (تەڤـاریش ، تەڤـاریش) واتە هـاوڕێ، یەکسـەر هەمـوو لە سەیارەکە دابەزین و هەر بە پشتی کراوە و تەنیا تفەنگیان بەدەستەوە بوو، هەر لە خۆمەوە گوتم؛ (هێی تەڤاریش (بەدست ئاماژەم بۆ خۆمان کرد؛ کۆمۆنیست کۆمۆنیست)، دیاربوو تێگەیشتن ئێمە کۆمۆنیستین، چونکە پێش ئێمەش زۆر هاوڕێیانیمان بەو ڕێگایەدا ڕۆیشتبوون، کاتێ هاوڕێ (بۆتان) ئەو سەربازانەی بەو شپرزەییە دیت گوتی؛ (تیەهـ لە جەیشی ئەحمەر هەر ئەوەندەشن)، ڕاستی دەکرد دەمانچەیەکی باشمان پێبایە هەموومان چەک دەکردن و ئەو ڕەبیەمان دەگـــــــــــــــرت .

به هەرحاڵ بە ئامێری بێتەل پەیوەندیان بە سەرووی خۆیانەوە کرد، دوای کەمێک سەیارەیەکی (جێب قیادەی عەسکەری) هات و هەر لە دوورەوە دیار بوو گزۆزی دڕابوو، دەنگی زۆر گەورە بوو، کە گەیشت ئەفسەرێک و دوو سـەرباز و سـەگێک بـوون ئێمەیـان لەگەڵ سـەگەکە لە دواوە سـوار کـرد و بردمانیان بۆ ناو سەربازگەکە و لە ژوورێک دایان نایبن، دوای کەمێک چەند ئەفسەرێک و سەربازێک هاتن، لێکۆڵینەوەیەکی کەمیان لەگەڵ کردین، لە کاتی لێکۆڵینەوەی ئێمە کەسێکی دیکەی سەرشێتۆکەیان هێنا دیاربوو خەڵکی ئێران بوو، وەک ئێمە سنووری بەزاندبوو، دەیگوت؛ (من خوشکەزای شاهنشاهی ئێرانم)، لە هەمووی خۆشتر ئەو سەرشێتۆکە فەخفورییەکی شکاوی پێبوو کە ڕەسمی شای لە سەر بوو وەک ناسنامەی خۆی نیشانی دەدا و دەیگوت؛ (ئەوە شای ئێرانە و خاڵمە). لە ئێمەیان پرسی ئەوەش لەگەڵ ئێوەیە؟ ئێمە ڕەتمان کردەوە، ئیتر یەکسەر بردیان بۆ شوێنێکی دیکە، کە دڵنیابوون کۆمۆنیستین و

عێراقین، ئەوان ڕۆیشتن ئەفسەرێک بە تەنیا هات دەستی کرد بە لێکۆڵینەوە لەگەڵمان و یەکسەر ناوی یەکەمی نهێنییەکەی گوت، دەبوو ئێمەش ناوی دووەم بڵێین و کە زانی ناوە نهێنییەکە دەزانین هەڵسوکەوتی لەگەڵمان گۆڕا و بە هاوڕێ (تەڤاریش) قسەی لەگەڵ دەکردین و چای بۆ بانگ کردین. دواتر زانیمان (ئەوە بەرپرسی حزبی بووە، چونکە ئەستێرەکانی سەرشانی جیا بوو لەگەڵ ئەوانی دیکە). دوای کەمێک بردراین بۆ شوێنێک کە خۆی لە ڕاستیدا زیندان بوو، بەڵام دەبوو ئێمە لەوێ بمێنینەوە هەتا بەڕێمان دەکەن بۆ شوێنی تایبەتی خۆمان.

## غەریبی و چاوەڕوانی (زیندان) (٢٢)

دوای سنووربەزاندن و لێکۆڵینەوە زانرا کە میوانین و بەپێی ڕێککەوتن سنوورمان بەزاندووە، گواستمانیانەوە بۆ شوێنی چاوەڕوانی و بەڕێکردن، کە لە ڕاستیدا شوێنەکە زیندانی سەربازگەکە بوو، بریتی بوو لە دوو ڕیز ژووری یەک نەفەریی بچووک و بەرامبەر یەک، لەگەڵ گەرماوێک، چواردەوری بە حەوشەیەکی مامناوەند گیرابوو، تــوالێتێکی زۆر خراپ و ناڕێکی وەک هی مزگەوتی گوندە دواکەوتووەکانی کوردستان لە سوچێکی حەوشەکە هەبوو، دەرگای حەوشەکە تەنیا بۆ هاتوچۆی سەربازانی پاسەوان دەکرایەوە، دەنا بۆ ئێمە چوونە دەرەوە نەبوو بەهیچ شێوەیەک، بەڵام هاتنە حەوشە کراوە بوو شەو و ڕۆژ، وردە وردە ژمارەمان زیادی کرد تا گەیشتە ئەوەی لە هەر ژوورێکی تاک نەفەری چەند کەس بخەوین، دواتر زانیمان بەهۆی کەمتەرخەمی بەرپرسانی شوێنی مانەوەی ناو شارمانە کە داوا ناکەن بمانگوازنەوە ئەوێ.

دیاربوو هەموو کاری ئێمە هەر لە وەرگرتن و مانەوە لەو زیندانە ناچارییە و بەڕێکردنمان لەژێر سەرپەرشتی ڕێکخراوی حزبی ناو سوپایە، تەنانەت سەربازەکانیش هەموویان لاوان (شبیبە شیوعی) بوون، لەگەڵ سەربازەکان زۆرباش ببووینە برادەر، بە شێوەیەک هەندێک پێویستی خۆیان دەداینێ وەک جگەرە و سابوون... هتد، هەرچەندە خۆشیان وەزعیان خراپ بوو شتومەکیان کەم بوو، بە شێوەیەک هەموو جل و بەرگ و پێڵاویان هەر وەک زەمانی (شەڕی دووەمی جیهانی) بوو، تەنیا چەکەکانیان نەبێت گۆڕانی زۆری

بەسەردا هات بوو، لە ژیانێکی ناخۆش دادەژیان، ماوەی خزمەتی سەربازیان دوو ساڵ بوو لە ماوەی ئەو دوو ساڵە یەک مۆڵەتی (٤٥ ڕۆژ)یان هەبوو ئەویش کاتەکەی دیار نەبوو، بە کەیفی فەرماندار بوو، هەرکات بیویستایە مۆڵەتەکەی دەدا، لەگەڵ تەواوی سەربازەکان ببووینە برادەر بەتایبەت (ساشا، یورا، کۆستۆ، فلمێر، ساشنێکا) ناوی ئەوانی دیکەم لەیاد نەمایە، ئەو ساشنێکایە زۆر دەست و دڵفراوان بوو، هەرچی وەریبگرتایە بەشی ئێمەی لێدەدا، بەتایبەت جگەرە، سوحبەت و دەست دەگەمەیان لەگەڵ دەکردین بەتایبەت (ساشا) زۆر سوحبەتچی و حەزی بە سوحبەت و دەست گەمە بوو.

## ژیانی زیندان و مانگرتن

به گشتی ژیانی ئەو (زیندانە میواندارییە)، نزیکەی (٣٥ ڕۆژ)ی خایاند، تا بەڕێکراین بۆ شوێنی تەرخانکراو، زۆر ناخۆش بوو، خواردن زۆر کەم بوو، بەشێوەیەک ژمارەمان (٣٦) هاوڕێ بووین یەک مەنجەڵی بچووک خواردنمان بۆ دەهات! ئەویش زۆرترین جار پەتاتە بوو، هەندێک جار تامی گۆشتی مریشکی دەدا، هەندێک جار تامی گۆشت ماسی و جاریش هەبوو تامی گۆشتی ئاژەڵ، قەت ڕۆژێک هیچ جۆرێک گۆشتمان نەدیت، بەو حاڵەش مەمنون بووین، چونکە ڕۆژی ژەمێک خواردنێکی تایبەتیان دەهێنا هەر شتێکی زۆر هیچ بوو، شکلی کەمێک بە ساوار دەچوو، پێیان دەگوت (کاشا). تام و بۆنێکی ناخۆشی هەبوو، هاوڕێیەک دەیگوت (ریحتە خرە، شکلە خرە، طعمە خرە)، واتە؛ (بۆنی هی گووە، شکلی هی گووە، تامیشی

هـی گـووە)، ڕێـک ئەو وەسـفەی لێـدەهات، تەنـانەت ئەو (سـەموون)ەی بۆمـان دەهـات هەر زۆر کەم و خـراپ بـوو، بە هەشـت کەس یەک دانەمـان بـۆ دەهـات کە قەبـارەکەی نزیکەی (٢٠ بە ١٥ بە ١٠ سم) دەبـوو، ئەویـش دیـاربوو لە جـۆ دروست دەکرا و کۆن دەبوو تا دەگەیشتە دەستمان، بە شێوەیەک ناوەکەی بۆنی دەگرت، زۆرجار بۆنەکە ئەوەندە زۆر بوو، ناچار تەنیا لێوارەکەمـان دەخـوارد .

بەگشتی شتە پێویستەکانی دیکە هەر نەبـوو بـۆ نموونە چـا هەبوو، بەڵام شـەکر نەبـوو، هـاوڕێ (کـامەرانی کـۆیە) هەردەم لەبەر خـۆیەوە بە شـێوەی گۆرانی دەیگوت (سەخەر ماڵۆ سەخەر مـاڵۆ) واتە؛ (شەکر نییە شەکر نییە). ئەو مـاوە درێـژە لەو شـوێنە بـووین تەنیـا جارێـک یەک لە سـەربازەکان (سابوون)ێکی بۆ هێنـاین، مـن و چەنـد هـاوڕێیەک هەر بە ئـاوی سـارد خۆمـان پێی شوشت، گەرمـاو هەبـوو سووتەمەنی نەبـوو، داوای هەرچیمـان بکـردایە هەر دەیـانگوت؛ (مـاڵۆ - نیـیە) و لە قەیرانـدایـن .

ئەوەی لە هەمووان زیاتر کـاری خراپـی لەسـەر هاوڕێیـان کـردبوو، نەبـوونی جگەرە بوو، هەر نەبوو، جاروبار سەربازەکان لە پشکی خۆیان کە هەفتەی تەنیا (دوو پاکەت جگەرە)یان وەردەگرت، پاکەتێک یان چەند جگەرەیەکیان دەدایـنێ، هاوڕێ (ساماڵی مەسیحی) لە نەبوونی جگەرە وەزعـی لەهەمـووان خراپتـر بـوو، خەریـک بـوو تووشـی نەخۆشـی دەروونـی بێـت، سـیمای تەواو گۆڕابـوو، مـن پێشـنیارم کـرد هەرچـی جـگەرە و قـونچکە جـگەرە دەسـتکەوت بـدرێتە ئەو بـا تووشی نەخۆشی نەیەت، خۆم چەند جار ئەو جگەرە و شتەی دەستم کەوتـایە دەمـدا بەو .

لە نەتیجەی ئەو وەزعە ناخۆشە و نەبوونییە، بڕیارمان دا مانگرتن لە خواردن بکەین، لە سێ ژەمی ڕۆژێک مانگرتن، دیاربوو بەدەنگمانەوە هاتن و شەو فەرماندەی سەربازگەکە خۆی هاتە لامان و هاوڕێ (مام ئەحمەد عەوێنە) هەندێک لە زمانی ڕووسی دەزانی، وەزعەکەی تێگەیاند، خواردنەکەیان زیاد کرد و هەندێک شەکریان هێنا و شتێکی زۆر سەیریان لە جیاتی جگەرە بۆ هێنایان پێی دەگوترا (ماخۆرکا)، وەک توتنی لای خۆمان، بەڵام ڕێژەی (٢٠%) تووتن بوو ئەوی دیکەی ناوکی دار بوو لەگەڵ ڕۆژنامە لە جیاتی پەڕەسیغار، واتە ناوک و گەڵای دار بە پەڕی ڕۆژنامە وەک جگەرە بکێشرێ، هەر شتێکی زۆر سەیر بوو، من یەکەم جگەرەم پێچایەوە و مژی یەکەمم لێیدا خەریک بوو لە هۆش خۆم بچم، یەکسەر فڕێم دا، چیدیکە دەستم بۆ (ماخۆرکا) درێژ نەکرد، بەڵام هاوڕێیان بەتایبەت هاوڕێ (سامالی مەسیحی) بەو شتە سێبوری دەهات و جارجارەش چای سەوزی بە پەڕی ڕۆژنامە وەک جگەرە دەکێشا، بەڵام داوای بەڕێکردنمان جێبەجێ نەکرا گوایە چەند جار پەیوەندیان بە شوێنی مەبەست کردووە، بەڵام بە بیانووی قەرەباڵغی و نەبوونی شوێن، وەڵامیان نەرێنی بووە. ناچارن چاوەڕێی وەڵامی ئەوان بکەن .

بە هەرحاڵ بەو شێوەیە مانگرتنمان شکاند و دەست کرا بە نان خواردن، بەڵام هەر دوای یەک دوو ڕۆژ وەک خۆی لێهاتەوە، تەنیا سەموون کە پێیان دەگوت (خلێپ) بە زیادە بۆمان دەهات، ئەویش وەک باسم کرد هەر کەمێک کۆن بووایە بۆنێکی زۆر ناخۆشی لێدەهات، زۆرجار دەمگوت؛ (ئەوە نە نانە و نە سەموون ئەوە (خلێپە خلێپ) حەیفە مەڵێن نان یان سەموون).

دوای چەند ڕۆژێک چەند هاوڕێیەکیان گواستەوە بۆ شوێنێکی دیکە، سەرەتا وامانزانی بۆ شوێنی دیاری کراوە، زۆر دڵخۆش بووین، هاوڕێ (سەلوانی خانەقین) دەیگوت؛ (هەر جولەیەک هەبێت ئەگەر بشمان......... هەر باشە!)، دواتر دیار بوو هەر لە نزیک خۆمان بوون.

ئەو وەزعە درێژەی کێشا، دیسان هاوڕێیان پێشنیاری مانگرتنیان کرد، بەڵام یەک ڕا نەبووین و کارەکە نەکرا، تەنیا هاوڕێ (کاوە چاوشین) بە تەنیا مانی گرت، ئەویش چونکە بە تەنیا بوو کاریگەریەکی ئەوتۆی نەبوو، ناچار هەر چاوەڕێ بووین.

## دەرچوون لە زیندان و بەڕێکردن

وابزانم (٣٥)ەمین شەومان بوو لەو شوێنە، کاتێکمان زانی چەند ئەفسەر و سەرباز هاتن و گوتیان ئامادە بن بۆ ڕۆیشتن، دیاربوو پاسێکیان بۆمان ئامادە کردبوو، دەوری کاتژمێر (١١)ی شەو هەموویان بە پاسێک بەڕێکردین بۆ شوێنی مەبەست، دوای نزیکەی کاتژمێرێک ڕۆیشتن بە ناو شارۆچکەی (سەراخس) و دیتنی دیمەنی شار و خەڵک و بازاڕ، و یەکەم جار دیتنی (پەیکەری لینینی مەزن) لە ناو بازاڕ، بە هامڕای دەلیلێک کە وەک بەرپرس لە گواستنەوەی ئێمە، گەیشتینە وێستگەی شەمەندەفەر و لە کاتژمێر (١٢)ی شەو بە شەمەندەفەر بەڕێکەوتین، تەواوی شەو لە ڕێگا بووین، کە دنیا ڕووناکی کرد دیاربوو لە بیابانێکی وشک و برینگ دا بەرەو شوێنی دیاریکراو دەڕۆین بەبێ ئەوەی بزانین بۆ کوێ دەچین، ڕێگا هەمووی چۆڵ و بیابان بوو،

ناوە ناوە دەگەیشتینە گوندێک، شەمەندەفەر کەمێک دەوەستا و دەستی بە ڕۆیشتن دەکردەوە .

که ڕۆژهەڵات کابرای بەرپرسمان چەند دانە (خلێپ)ێکی بۆ هێنایین، بەڵام گەنم بوو نەک جۆ، وابزانم ئەویش گەندەڵی کردبوو، چونکە ماقول نییە بۆ ئەو هەموو خەڵکە هەر (خلێپ) هەبێت، بەبێ پێخۆر، بەتایبەت کە ئێمە تەسلیمی خاچی سوور (صلیب احمر)ی سۆڤیەت کرابووین و ئەوان بەرپرسی گواستنەوە و وەرگرتن و بەڕێکردنمان بوون .

## دیمەنی ناو شار

بە هەرحاڵ دەوری کاتژمێر (١٠)ی بەیانی گەیشتینە شارۆچکەیەک و لەوێ دابەزین، کابرای بەرپرسمان گوتی؛ (لێرەبن هەتا سەیارە دێتە دواتان)، ماوەی زیاتر لە دوو کاتژمێر لەو شوێنە بێ خاوەن وەستاین، چونکە شوێنەکە وێستگەی شەمەندەفەر بوو خەڵک سەفەریان دەکرد و خواحافیزی و بە خێرهاتنی یەکیان دەکرد، دیتمان کچ و کوڕی گەنج و ژن و پیاو یەکتری لە ئامێز دەگرن و ماچی ناودەم دەکەن، زۆر لامان سەیر بوو، چونکە تا ئەوکات نەمانبینیبوو بە ئاشکرا و لەسەر شەقام کچ و کوڕ یەکتر ماچ بکەن، لەو کاتە (ئەبو نادیە)ی هاوڕێی خۆمان دیت کە لە (ناوزەنگ) بەیەکەوە بووین، بەخێرهاتنی کردین و گوتی؛ (ئەو شارە ناوی چارجووە دووەم گەورە شاری تورکمانستانە)، دڵنیای کردین کە ئێستا دێنە دوامان و دەمانگوازنەوە بۆ شوێنێک لە دەرەوەی شار و پێی دەڵێن (دۆما ئەدیخا - ماڵ یان خانووی

حەسـانەوە)، دوای چـاوەڕوانییەکی زۆر، دیـاربوو کەسـێک هـات و هەمـووی کۆکردینەوە، بە پاسێک گواستمانیەوە بۆ شوێنی مەبەست و ئامـادەکراو بـۆ ئێمە، کاتێک بە نـاو شاردا دەڕۆیشتین دیمەنی خەڵک و شـارەکەمان زۆر لا جـوان بـوو بە تـایبەت پەیـکەرە جوانەکـانی (لینینـی مەزن) کە بـۆ ئـێمە زۆر سەرنجڕاکێش بوو.

# غەریبی و بەرەو ئاوارەیی (٢٣)

## (چارژوو)

لە نیوەی مانگی (١٩٩٠/١٠) بە دواوە گەیشتینە شاری (چارژوو) کە دووەم شاری گەورەی تورکمانستان بوو، لە سەرەتای ساڵانی سییەکان، لەسەردەمی (ستالین)، لە نزیک سنووری (ئەفغانستان) دروستکرا بوو بۆ خەڵکی پەرت و بڵاوی ئەو دەڤەرە، کە بەگشتی خەڵکی کۆچەری بوون و هەردەم لەو بیابانە کە جاران بە (سەحرای قەرەقووم) دەناسرا، بە دوای لەوەڕگا و ئاو و سەوزایی بوون، بۆ ژیان و گوزەرانی خۆیان و ماڵات و وشترەکانیان، کە جۆرێکی تایبەتی حوشتریان هەبوو، لەچاو حوشترەکانی دیکە کەمێک بچووکتر و دوو دونگ (سنام)یان لەسەر پشت هەبوو، ڕەنگی خورییەکەشیان سووری تاریک یان خەنەیی بوو.

ئەو بیابانە دوور و درێژ و گەورەیە، دوو ڕووباری زۆر گەورەی بۆ ڕاکێشرابوو کە تەواوی ناوچەکەی ئاو دەدا، بەهۆی ئەو دوو ڕووبارە دەیان جۆر کشتوکاڵیان دەکرد بە تایبەت (لۆکە) کە بەرهەمێکی باشی تەواوی ناوچەکە بوو، لە هەر چەند کیلۆمەترێک گوندێکی دروستکراو (کۆلخۆز)ێک هەبوو کە تەواوی پێداویستی تێدابوو وەک (خەستەخانە، مارکێت، خوێندنگە، شەقامی قیرتاو، تەلەفۆن... هتد)، بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنج بوو هەموو ئەو شتانەی هەبوون هی سەردەمی کۆن بوون و هەر لە سەردەمی دروستکردنی

شارەكان و دێهاتەكانەوە وەك خۆیان مابوونەوە و هیچ نوێكاری و چاككاری تێدا نەكرابوو، بە شێوەیەك مرۆڤ هەستی دەكرد لە ساڵانی سییەكان دەژیت، نەك نەوەدەكان، تەنانەت گشت سەیارە و پێداویستی كشتوكاڵ هەر هەمووی كۆن و خراپ بوون.

## دۆما ئەدیخە

بە دووری (٨ بۆ ١٠ كم) لە سەنتەری شار، شوێنێك هەبوو بەناوی (دۆما ئەدیخا - ماڵی ئیسراحەت)، كە زیاتر بە هوتێلێكی گەورە دەچوو، تەواوی پێداویستییەكانی مانەوە و حەوانەوەی تێدا بوو، هەر لە ژووری خەوتن و گەرماو و هۆڵی ئاهەنگ و شوێنی یاریكردن و چێشتخانە و خزمەتگوزار و چێشتلێنەر و خەستەخانەیەكی بچووك... هتد، وەك بۆیان باس كردین ئەو شوێنە تایبەت بۆ (پارتیزانەكانی جەنگی دووەمی جیهانی) دروستكرا بوو، بۆ كۆبوونەوەی ساڵانە یان بۆنە و یەكتربینین و بەسەربردنی كاتێكی خۆش بەیەكەوە وەك پاداشت و ڕێزگرتن لە ماندووبوونیان .

دیارە لەكاتی چوونی هاوڕێیانی (تودە و گرووپە چەپەكانی ئێران) كەڵكیان لەو شوێنە وەرگرتبوو، دوای ئەوانیش بۆ ڕێكخستن و بەڕێكردنی هاوڕێیانی ئێمە بەكار دەهات، كە خاچی سوور (صلیب احمر)ی سۆڤیەت سەرپەرشتی دەكرد، كەسێك بە ناوی (جومعە باییێڤ) بەرپرسی شوێنەكە بوو.

لەگەڵ گەیشتنمان بەو شوێنە بەسەر ژوورەكان دابەشیان كردین و پێویستی خەوتنیان پێداین، (من و بۆتان) كەوتینە ئەو ژوورەی هاوڕێ (مەلا

جەلال)ی بە تەنیا تێدابوو، بێگومان ئێمەش حەزمان بەو ڕێککەوتە کرد، بە دیداری ئەو هاوڕێ بەڕێز و بەوەفایە شادبووینەوە .

**وەفاداری و دڵسۆزی (هاوڕێ مەلا جەلال)**

بێگومان ئێمەی پێشمەرگە و دەربەدەر و ئاوارە و دوورە وڵات، لەوپەڕی گوزەرانێکی خراپدا بووین، بە شێوەیەک (یەک فلس) چییە پێمان نەبوو کە یەک جگەرەی پێ بکڕین یان بلیتی پاسی پێ ببڕین، لەو ئاوارەییەش کەس نییە هانای بۆ ببردرێ، وەک دەڵێن ناچار دەبیت چاوەڕێی قەدەر یان دەروێکی چاوەڕوان نەکراو بین، هاوڕێیان گوتیان هەر کەسێک بێتە ئێرە (خاچی سور) بڕی (٣٥٠ ڕۆبل)ی دەداتێ، بەڵام دوای چەند ڕۆژێک، بەناچاری دەبێت وەک سواڵکەر چاوەڕوانی دەستی بەرپرسانی (خاچی سوری سۆڤیەت) بکەین، زۆر ناخۆشە لەشار بیت و لەبەر بێ پارەیی لە ژوور دەرنەچیت، بەڵام چار نەبوو دەبوو چاوەڕێ بکەین.

بە هەرحاڵ دوای نان خواردنی ئێوارە و کەمێک پیاسە کردن، چووینەوە ژوورەکەی خۆمان، بینیم هاوڕێ (مەلا جەلال) بە تەنیا دانیشتووە، کە سەیرم کرد، تێگەیشتم نیازی هەیە هەندێک قسەمان بۆ بکات وەک ئامۆژگاری، (چونکە من زۆرباش شارەزای بووم).



هاوڕێ مەلاجەلال، هەژاری هەورامان ،چەتۆی بەڕانەتی

بە هەرحاڵ لەسەر داوای ئەو هەر چوارمان (هاوڕێ مەلا جەلال، کاوە چاوشین، بۆتان و بەندە)، دانیشتین، دیاربوو هاوڕێ (مەلا جەلال) بە عەسرەکەی چووبووە مارکێتی گوند (کۆلخۆز)ەکە و (چوار بوتڵ بیرە)ی

هێنـابوو، لەسـەر مێـزەکەی دانـا و گـوتی؛ (بەو شـتە کەمەوە داوەتـی مـنن بە بـۆنەی هاتنتـان و دەمەوێ هەنـدێک قسەشـتان بـۆ بـکەم ئەگەر وەک بـرا و کەسی خۆتـان قەبـوڵم بـکەن). هەرچەنـدە نە خۆی نە ئـێمە کەسمان خواردنەوە (مەشـروب)خۆر نەبـووین، بەڵام قەبوڵمـان کـرد و هەر یەکە و (بیرە)یەکـی بـۆ دانـاین و دەسـتی کـرد بە قسـە و ئامۆژگـاری کردنمـان، کە بەڕاسـتی قسـە و ئامۆژگارییەکانی وەک (نەقشی سەر زێڕ) بوو بە تایبەت بۆ ئەو کاتی ئێمە و ئـاوارەبوون و تێکەڵبـوونی گەنجـی وەک ئـێمە بە کۆمەڵگـایەکی لە هەمـوو ڕوویەک جیـــــــــا لە خۆمـــــــــــان .

بەگشـتی قسـەکانی لە بـارەی وەزعـی ئەورووپـا و کۆمەڵگـای ئەورپـا وەفـاداری بـۆ حزب و خـوێنی شـەهیدان و لە بیرنەکـردن و فەرامـۆش نەکردنـی ئەرکی چینایەتی و نەتەوایەتیمـان بـوو، لە قسـەکانی زۆر تەئکیـدی لە بەردەوام بـوون لە خەبـات و تێکۆشـان دەکـردەوە و دەیگـوت؛ (ڕاسـتە ئـێمە بە ناچـاری وڵاتمان و گۆڕەپانی خەباتمان بەجێ هێشتووە، بەڵام دڵنیابن ئەو ڕەوشە کـاتییە، بۆیە نابێت خوێنی شەهیدان و ماندووبوونی خۆمان لە بیر بکەین و بکەوینە ژێر کـاریگەری بیرکـردنەوەی ئەورووپی و خـوو و ڕەوشـتی کـوردەواری خۆمـان لەیـاد بکەین، دەبێ هەردەم ئەوەمان لە یاد بێت کە ئێمە مرۆڤی ڕووخـاو و دۆڕاو نـین، بەڵکو وەزعی دەولی و ناوچەیی وای بەسەر هێناوین، پێویستە هەردەم لە هەوڵی خـۆ فێرکـردن و پەروەردەکـردن بـین و کەڵـک لەو زروفە وەرگـرین کە بۆمـان دەڕەخسـێ، بەو شـێوەیە دەتـوانین ڕۆحـی شـەهیدانمان شـاد بکەیـن و ویژدانـی خۆشـمان ئاسـودە بکەیـن بەرامـبەر ئەو ئەرکەی لەسـەر شـانمانە لە خزمەتـی

چینـایەتی و نەتەوایەتـی، دەبێت بەردەوام بـین لە ئەرکـی خۆمـان کە دژایەتـی دیکتاتۆریەت و فاشیەت و گەندەڵکار و مشەخۆرانی ناو حزبە، بەوە دەیسەلمێنین وەفـاداری ڕێبـازی شـەهیدانین)، لە کـاتی قسـەکردنی هەرچەنـد جارێ باسـی خوێنی شەهیدانی دەکرد، قورگی پڕ گریان دەبوو، فرمێسک لە چاوی دەهاتە خوار، بەڵام کۆنترۆڵی دەکردە سەر خۆی و لە ئامۆژگارییە (ئاڵتون)ییەکانی بەردەوام دەبـــــــــــــــــوو.

## هەر یەکە و دە ڕۆبل

بەگشـتی ئامۆژگـارییەکی زۆر و بەنرخـی کـردین، کە دەتـوانم بڵـێم تـا ئێستاش کەڵک لە قسە و ئامۆژگارییەکانی وەردەگرم، لە کۆتـایی قسەکانی (کە ئێمە بە تاسەوە گوێمان بۆ گرتبوو)، گوتی ئێستا یەک داوام ماوە لە ئێوە، کەسیش نابێت ڕەتی بکاتەوە، دەبێ هەمووتـان ڕازی بـن، چونکە هەر بەهانە و بیانوویەکتان هەبێت، تەنیا لە شەرم یان شتێکی دیکەیە دەنا هەمووتان وەک من دەزانن کە داوایەکەم ڕەوایە و پێویستە.

لەو کاتە دەستی لەگیرفانی ڕاکرد و هەندێک پارەی دەرهێنا کە بڕی (٤١ ڕۆبل) بوو، بە نرخی ئەو کات تەنیا دەیکرد (یەک دۆلار) و کەمتریش، بەڵام بۆ خەڵکی وەک ئێمە و لەو ئاوارەییە و بێ پارەییە شتێکی کەم نەبوو، هەریەکە و (١٠ ڕۆبـل)ی لە پـێش دانـاین و بـۆ خـۆی (١١ ڕۆبـل) مـایەوە و گوتی کەس ڕەتی نەکاتەوە، بە خوێنی شەهیدان هەرکەستان دە ڕۆبلی خۆی هەڵدەگری و قسە ناکات). دیسان لەگەڵ ناوهێنانی (خوێنی شەهیدان) قورگی

پـڕ گریـان بـوو، بـۆیە بەبێ هـیچ قسـەکردنێک هەر کەسـە و (١٠ ڕۆبـڵ)ی خۆمان هەڵگرت، دوای ئەوەش گوتی؛ (بەیانیش بەیەکەوە دەچینە بازاڕ).



هاوڕێ مەلاجەلال و کۆمەڵێک هاوڕێ بارەگای ناوزەنگ ١٩٨٩

ڕەنگە خوێنەر لای سەیر بێت کە دەڵێم کۆی گشتی ئەو بڕە پارەی کە هـاوڕێ (مەلا جەلال) بەسـەر خۆی و ئێمەی دابەش کـرد تەنیـا (یەک تـاکە دۆلار) بوو! بۆ چوار کەس کە بۆ ئەو کاتی ئێمە زۆر بوو! چونکە ئێمە بە هەر سێکمان (کـاوە چاوشـین، بۆتـان و بەنـدە) یەک سەنتیشـمان پێنەبـوو! هـاوڕێ (مەلا جەلال)یـش ئەو بـڕە پـڕە پـارەی کە تەنیـا کەمتـر لە (یەک دۆلار بـوو) تەواوی سـەروەت و سـامانی بـوو، کە زۆر مەردانە و دڵفراوانـانە و هاوڕێیـانە و دۆسـتانە و برایـانە بەسـەر هەمووانـدا دابەشـی کـرد، بەر لە دابەشکردنیشـی (چونکە ئێمەی باش دەناسی) گوتی (نابێت کەس ڕەتی بکـاتەوە)، لە هەمـوو

تەمەنم تاکو ئێستاش (هەرچەندە دەیان جار یارمەتی زۆرباش و بەنرخم لەلایەن هاوڕێیانمەوە پێشکەشکراوە)، بەڵام هیچ کامیان بە قەدەر ئەو (دە ڕۆبل)ەی هاوڕێی بەڕێز و خۆشەویستم هاوڕێ (مەلا جەلال) بەنرخ و بەها نەبوون و نابن.

# چارژوو (چێشتی مجێور) (٢٤)

## نان خواردن و چێشتخانە

سێ ژەمە خواردنمان لە چێشتخانەی شوێنی حەوانەمان (دۆما ئەدیخا) ئامادە دەکرا، کە خاچی سور بەڕێوەی دەبرد و کەسێک بەناوی (جومعە بایێڤ) سەرپەرشتی دەکرد و ڕۆژانە پێویستی خواردنی دەهێنا و لە لایەن چێشتلێنەرەکان ئامادە دەکرا کە بەرپرسەکەیان ئافرەتێکی بچکۆڵەی لاواز بوو، زمانی فارسی هەتا ڕادەیەک دەزانی، دیاربوو لە هاوڕێیانی (تودە و چەپەکانی ئێران) فێرببوو، ناوی (گولیزار) بوو، ژنێکی بە سەبر و لەسەرەخۆ بوو، چێشتلێنەرەکانیش یەکیان ناوی (ئۆلیا) بوو کەمێک بەتەمەن بوو، یەکی دیکەیان ناوی (موقەدەسە) بوو گەنجێکی گەنم ڕەنگی زۆر جوان و بەژن و باڵا ڕێک بوو، دۆستایەتی لەگەڵ کوڕێکی لای خۆیان هەبوو ناوی (ستار) بوو زۆرجار دەهاتە لای، بە گشتی هەموویان ڕووخۆش و بەڕێز بوون .

دوای ئەوەی بووینە خاوەنی هەر یەکە و (١٠ ڕۆبل، کەمتر لە چارەگە دۆلارێک) و لە سەر پێشنیاری (هاوڕێ مەلا جەلال) بۆ بەیانییەکەی خۆمان ئامادە کرد بۆ بازاڕ و پیاسەی ناو شار و شارەزا بوون، هاوڕێ (مەلا جەلال) وەک دەلیل بە پێشمان کەوت بۆ سەر جادەی نزیک شوێنی حەوانەوەمان (دۆما ئەدیخا)، دیاربوو بە چەند گوند (کۆلخۆز) و شارۆچکەیەکی نزیک تەنیا

(دوو) پاسـی (٢١ نەفەری)یـان هەبـوو، یەک دەهـات و یەک دەگەڕایەوە، بە شێوەیەک هەموو سەرە کاتژمێرێک پاسەکان دەهاتن .

## حاڵی ناو پاس

کاتژمێر (٩ی بەیانی) پاس هات، بەڵام چ هاتنێک! ئەوەندە پڕ بوو بە حاڵ خۆمان بەدەرگاوە گرت، دیاربوو بەردەوام خەڵکەکە ئەوە حاڵیان بوو، بۆیە شتەکەیان بە ئاسایی وەرگرت و پاس بەڕێکەوت. دواتر کە مانەوەمان درێژەی کێشا و شارەزاییمان لەسەر وەزعی شارەکە و خەڵکەکە پەیدا کرد، زانیمان کە لە چ حاڵێکی خراپ دادەژین، بە شێوەیەک تەواوی دانیشتووانی ئەو دەوروبەرە هەموو ڕۆژ و هەموو کات ئەوە وەزعیان بوو بەدەست نەبوونی و کەمی پاس، تەواوی ئەو ماوە دوور و درێژەی لەوێ مامەوە تاکە یەک جاریش شوێنم دەست نەکەوت دابنیشم، تەواوی گەنج و لاوی ئەو ناوچەیەش هەر وابوون تەنیا شوێن بۆ پیر و پەککەوتە هەبوو، ئەوانیش هەموو کەلوپەلی خەڵکە وەستاوەکەیان لە سەر کۆشی خۆیان دادەنا بە شێوەیەک هەبوو زیاتر لە بیست کیسە و کەلوپەلی خەڵکی دیکەی لەسەر کۆشی خۆی دادەنا و هیچ دڵگرانیش نەدەبوون بە پێچەوانە خۆیان ئامادەیی هاوکاریان نیشان دەدا، بەڵام پاسی ناوشار زۆر ڕێکوپێک بوون و هەمووی نوێ بوون دەیانگوت ئەوە دیاری وڵاتی (ڕۆمانیا)یە، ئەوەی لە دڵفراوانی و ڕووخۆشی و ڕۆحی هاوکاری و میواندۆستی خەڵکی ئەو شارە بینیم، زۆر دەگمەن بوو، جێگای داخ بوو ئەو خەڵکە میواندۆست و مرۆڤدۆستە لە سایەی دەسەڵاتی (بە ناو کۆمۆنیستی)

لە خراپتـــــرین وەزعـــــی مـــــادی و مرۆیـــــی دەژیـــــان .

به نیسبەت مووچە و حاڵی فەرمانبەران (کە تەواوی خەڵکەکە فەرمانبەر و کارمەندی میری بوون) وەک زانیمان بەرزترین مووچە هی دکتۆر و مامۆستا بوو کە لە (٣٠٠ ڕۆبل = ٨ دۆلار) تێپەڕی نەدەکرد و کەمترین مووچە (١٠٠ ڕۆبل = ٢.٥ دۆلار) بوو کە بەشی هیچی نەدەکرد، بە تایبەت ئەگەر بیانویستایە یەک (پانتۆڵی کابۆ) کە بە ( قاچاخ دەست دەکەوت) بکڕن، دەبوو بەلانی کەم (٣٠٠ ڕۆبل)ی پێبدەن.

## گەندەڵی

تەواوی پێداویستییەکانی ژیان کەم بوو بە شێوەیەک دەبوو بۆ دەستکەوتنی یەک (کیلۆ پیاز) چەند کاتژمێر لە نۆرە ڕابوەستن، هەر ماڵێک پیرەژنێک یان پیرەمێردێک (دادۆشکا یان بابۆشکا)یەکی نەبووایە بۆ نۆرەگرتن ئەو کیلۆ پیازەشی دەست نەدەکەوت، ئەوە شتی دیکەی پێداویستی ناوماڵ وەک (تەلەفزیۆنی ڕەنگی، سەیارە، کەمالیاتی دیکە)، دەبوو چەندین ساڵ نۆرە بگری دەستیش نەدەکەوت، بەڵام ئەگەر چەند ڕۆبلێکت بەرتیل بدایە (کەسی بەرپرس کە هەمووی کۆمۆنیست و حزبییە پلەدارەکان بوون) خۆیان بەبێ نۆرە و ناونووسین کەلوپەلەکەیان دەگەیاندە دەست کەسی کڕیار، گەندەڵی بە شێوەیەک بەربڵاو بوو، هیچ شەرم و هیچ شاردنەوەی نەدەویست، هەموویشی لەلایەن بەرپرســـــە حزبییەکـــــان بەڕێوەدەچـــــوو.

## دزی

دزی بە ئاشکرا و بە بەرچاوی پۆلیس (میلیتسیا) دەکرا، (گیرفانبڕ) لە هەموو قەرەباڵغییەک هەبوو، موسیان لە گیرفانی خەڵک دەدا، پۆلیس هیچ دەوری نەبوو، تەنانەت جارێک لە ناو پاس گیرفانی هاوڕێیەکی ئێمەیان بڕیبوو لە کاتی هاواری پۆلیسیان کردبوو، کەسی گیرفانبڕ، وەک گاڵتەپێکردنێک، خۆی ناسنامەی پۆلیسی دەرکردبوو، گوتبووی (من پۆلیسم فەرموون!).

## ناو بازاڕ

شوێنی وەستانی پاسەکان ناو سەنتەری شار بوو، یەکەم شوێنی بۆی چووین بازارێکی میللی بوو، وەک (شێخەڵڵای هەولێر) هەموو شتێکی لێبوو، بەڵام لە ژێر کۆنترۆڵ و نرخی حکوومەت نەبوو، زیاتر شتەکان بەروبوومی خەڵکەکە خۆی بوو وەک (سەوزە و میوە، نان و کولێرە، مریشک و پەلەوەر، لەگەڵ هەموو شتێکی کۆنە و خورادنەوە و جگەرەی قاچاخ). تەواوی ئەو شتانەش لە لایەن پیرەژن و پیرەمێردەکان دەفرۆشران، کەم هەبوو ئافرەتی کەم تەمەن بن، هەر بە پێکەنین بەدەم کڕیارەکانەوە دەچوون، ئافرەتێکی لێبوو ناوی (سۆنیا) بوو کەلوپەلی قاچاخی دەفرۆشت، زۆرجار لای ڕادەوەستاین، بە تایبەت کە (مایا) کچە برازا جوانەکەی لە لابووایە، ئەویش خۆشی لە ئێمە دەهات، زۆرجار جگەرە و شتی وای بۆ پەیدا دەکردین، چونکە بە زەحمەت دەست دەکەوت.

هەروەها سەردانی مارکێت (مەگازین)ە گەورەکانیشمان کرد کە لەلایەن حکوومەتەوە بەڕێوە دەبران، تەواوی کەلوپەلەکانیش حکوومی بوون و هەمووی نرخدار بوون، هەرچەندە نوێ بوون، بەڵام کوالیتیان زۆر خراپ بوو، دیزاینیان زۆر کۆن بوو، لە ناچاری نەبووایە کەڵکی کڕینیان نەبوو، هەموو فرۆشیارەکان کچی گەنج بوون، زۆریش ڕووخۆش و دەم بەخەندە و میواندۆست بوون، زۆر حەزیان بە ناسینی ئێمە دەکرد و حەزیان دەکرد یارمەتیمان بدەن، بە شێوەیەک دوای چەند ڕۆژێک لەگەڵ زۆربەیان بووینە ناسیاو و برادەر، یەک لەوان ناوی (گوڵە جان) بوو زۆر حەزی دەکرد فێری کوردی بێت، بە شێوەیەک هەرچەند جاری منی بدیبایە (ڕەنگە لەگەڵ هاورێیانی دیکەش هەر وابووبێت)، لای خۆی ڕایدەگرتم چەندین پرسیاری زمانی لێدەکردم و ماناکەی لای خۆی لە دەفتەرێک دەنووسی، بە شێوەیەک لە ڕۆژانی پێش ڕۆیشتنمان هەرچی فێری ببوو قسەی پێدەکرد، یەکی دیکە ناوی (گوڵبەهار) بوو کچێکی زۆر ڕووخۆش و بە کەڵک بوو، هەر کەلوپەلێکیان بۆ بهاتبایە، پێی دەگوتین، ئەگەر بمانویستبایە بۆی دەشاردینەوە، جارێکیان جانتای (بلغاری) زۆر باشیان بۆ هاتبوو، کە نرخەکەی (٣٧ ڕۆبل) بوو لەدەرەوە (٤٠٠ ڕۆبل)ی دەکرد، زۆر قەرەباڵغ بوو، لە دوورەوە بە ئاماژە تێمگەیاند دانەیەکم بۆ دابنێ، دانەیەکی بۆ شاردمەوە هەتا دوای نیوەڕۆ، بەبێ ئەوەی هیچ زیادەش وەرگرێت .

پارکێکی زۆر خۆش و گەورەی لێبوو وابزانم بە ناوی (پارکی لینین) بوو، هەردەم پڕ لە کچی جوان بوو، زیاتر کچ و کوڕی ئاشق لەوێ یەکتریان دەدیت، دیمەنێکی جوان و زۆر ڕۆمانسی هەبوو، هەر بن دارێک و سێبەرێک، کچ و

کوڕێک یەکتریان لە ئامێز گرتبوو، زۆریش حەزیان دەکرد سڵاو و مەرحەبایان بــکەی، زۆر جــوان و شــیرین، بە زەردەخەنەیەکەوە وەڵامــی ســڵاوەکەیان بە (سپاســــــــــــــیڤا) دەدایەوە .

شایانی باسە دوای ماوەیەکی کەم ئێمەش هاوڕێیەتی دۆستایەتی باشمان لەگەڵ کچە جوان وو قۆشمەکانیان پەیداکرد ،بەشێوەیەک هیچ هاوڕێیەکمان نەبوو کچی برادەر( پەدروگە)ی نەبی و ڕۆژانە لەناو بازاڕ و پارکەکە بە یەکترببینین دانیشتن و جەوی خۆشی پڕ لە ڕۆمانسیەت و دەست بازی لەگەڵ ئەو کچە جوانانە بەڕێدەکران ، تەنانەت داوەتی ماڵ و شەو مانەوش هەبوو ، زۆر بەئاسایی و بێ هیچ سانسۆرێک ئەو ژوان و یەکتر ببینین و خۆش ڕابواردنانە ئەنجام دەدران ، دۆستایەتی و یەکتر ناسین تەنها بەیەک سڵاو و یەک پێکەنین دروست دەبوو .

شایانی باسە ئەو ماوە درێژەی من لەوێ بووم قەت نەم بیست داوای هاوڕێیەک بە ڕفز وەڵام درابێتەوە تەنانەت زۆربەی جار دەست پێشخەری لای کچە جوان و قەشەنگەکانی ئەوێ بوو.

شارەکە گەرماوێکی لێبوو، دەبوو جاروبار خۆی لێبشۆین، ئەویش تاڕادەیەک پیس و پۆخڵ و ناڕێک و کەلوپەلەکانی کۆن و شکاو بوون، هەر لەوێ سەرتاشخانەیەکی لێبوو ژنێک بەناوی (سەید زادە) بەڕێوەی دەبرد کە ژنێکی باڵا بەرزی ڕەشتاڵەی تەمەندار بوو، بەڵام ڕووخۆش بوو، دوو کچی جوانکیلەی لەبەر دەست دابوو وەک کارگوزار، هەر لەیەکەم جار هەستم کرد حەز بە دۆســــــــــتایەتیمان دەکەن.

تەواوی شتومەکفرۆشی ناو بازاڕ هەمووی حکوومی بوون بە شێوەیەک (کوبەفرۆش، گوڵەبەڕۆژەفرۆش، بەستەنی (مارۆژنە)فرۆش) هەرچی لەدەرەوەی بازارە میللییەکە بوو هەمووی حکوومی بوو، شوێنێکی ماسی فرۆشتنیان هەبوو، کۆمەڵێک کچ و کوڕ بەڕێوەیان دەبرد وەک بازاڕێکی میللی بوو، بەڵام حکوومی بوو، ماسییەکی زۆر بەتامیان هەبوو، زۆر ڕۆژ ماسیم لا دەخواردن بەتایبەت کە پارەی خاچی سورم وەرگرت، یەک کیلۆ ماسی برژاو بە (٥٠ کەپیک، نیو ڕۆبل) بوو، ڕوونتر بڵێم (یەک دۆلار) زیاتر لە (٨٠ هەشتا کیلۆ ماسیی برژاو)ی پێدەکرِدرا!

## نەخۆشخانە

نەخۆشخانە و چوون بۆ نەخۆشخانە یەک لە کارە لە پێشینەکانمان بوو، چونکە لە چیا و دوور لەشار ژیابووین بە گشتی هەموو پێویستمان بە چوونە نەخۆشخانە هەبوو، بە تایبەت هەندێکمان هەر بۆ چارەسەری ڕەوانە کرابووین کە بەندەش یەکێک لەوان بووم، دوای یەک دوو ڕۆژ بۆم ڕێککەوت سەردانی نەخۆشخانە بکەم و بزانم چارەسەریم دەکرێ یان نا کە تووشی نەخۆشی بڕبڕەی پشت (فەقەرات) بووبووم، هەرکە چووینە نەخۆشخانە، وەک دەڵێن هەر تووشی شۆک بووین، ئەوەندە پیس و پۆخڵ و دواکەوتوو و کەم پێداویستی بوون بە شێوەیەک وەک ساڵانی شەستەکان و حەفتاکانی خۆمان سرنج و دەرزییان لە ناو ئاو دەکوڵاندەوە بۆ ئەوەی چەند بارە بەکاری بهێننەوە، لەفاف و شاشی کۆنەیان دەشوشت بۆ دووبارە بەکارهێنانەوە، کە ئەو شتانەم دیت هەر بە ڕاکردن

ڕامکــردە دەرەوە، وازم لە چارەســەری هێنــا، هەنــدێک هــاوڕێ کەمێــک چارەسـەرییان وەرگـرت و لە نەخۆشـخانەش خەوتـن، بەڵام هـیچ کەڵکیـان لێـی وەرنەگـرت، تەنیـا سـوحبەت و پێکەنـین و (ڕەنـگە دەسـت گەمە)ی کارمەنـدە کچەکان نەبێت!

## چارژوو ( گەندەڵی ) (٢٥)

دوای مـانەوەی چەنـد ڕۆژێـک مانەوەمـان لە (دۆمـا ئەدیخـا)، چەنـد کارمەنـدێکی (خـاچی سـور) هـاتن بـۆ نـاونووس کـردن و ڕێکخسـتنمان بەپێـی ڕێنمایی و پێویستی خۆیان و بە حیساب هاوکاری کردنمان، هەموویـان نـاونووس کردین و پێیان ڕاگەیاندین کە بچینە لای تاکە وێنەگری شارەکە و وێنەیان بـۆ بگرین، دیاربوو لە هەوڵی ئەوەدابوون شتێکی وەک ناسنامەمان بۆ دروست بکەن وەک خۆیان دەیانویست، لەگەڵ ئەوەش هەر یەکە و (٣٥٠ ڕۆبڵ، نزیکەی ٨.٥ دۆلار)یـان پێـداین وەک یـارمەتی کە بـۆ ئەو کـاتی ئـێمە کەم نەبـوو .

### کڕینی پێداویستی

بەگشـتی ئەو بـڕە پـارەیە خـراپ نەبـوو هەر یەکە و هەنـدێک پێویسـتی خۆمان پێی کڕی هەر لە جل و بەرگ و پێڵاو، بەڵام هەموو شتەکانیان خراپ و زۆر سـتایل و دیزاینـی کـۆن بـوون، هـاوڕێ (مـام بـارامی سـلێمانی) قەمسـەڵەیەکی کـڕی بـوو هەر لە هـی منـداڵان دەچـوو، وابـزانم هەر یەکەم ڕۆژیش دڕا، تەنیا پێڵاو (پووت)ی باش و هەتا ڕادەیەک جوانیشـیان هەبـوو، بە تـایبەت دوو جۆریـان، یەکیـان نـرخەکەی (٥٢ ڕۆبـڵ) بـوو ئەوی دیـکە (٣٦ ڕۆبڵ)، ڕۆژێک بیستمان کە یەک لە مارکێتەکان هەردوو جۆری بۆ هـاتووە، لەگەڵ هاوڕێ (مەلا جەلال) چووین کڕیمان.

ڕۆژانە دەچووین بۆ شت کڕین کە دەهاتینەوە شمەک و جل و بەرگەکەمان بە یەکتری نیشان دەدا، (کامەرانی کۆیە) ناوی نابوو (عەرز کردن)، یەک یەک دەگەڕا بە ژوورەکان و دەیگوت (یاڵڵا چیتان کڕیوە بیهێنن عەرزە).



## ئالان دیلۆن

ڕۆژێک قاپووتێکم لە لەنگە کڕیبوو لە ناو باخچەکە (خۆم عەرزکرد) یەکێک لەشۆخە ژنەکانی خۆمان بە لامداهات و گوتی (ماشەڵلا بێ چاوێنی بێت هەر لە ئالان دیلۆن دەکەی)، زۆر کەیفم بەخۆم هات، چونکە بەشیوەی هەست بزوێن و ڕۆمانسیانە و تێکەڵ بە لەنجەولاری ژنانە و

زەردەخەنەوە قسەکەی کرد و (ئالان دیلۆن)یش بە قۆزترین سینەماکاری ساڵانی حەفتایەکانی فەرەنسا و هۆلیۆدیش دەژمێردرا .

ئەو ماوە دوور و درێژەی لەوێ ماینەوە هیچ ئیش و کارێکمان نەبوو جگە لە پیاسە و گەڕان و سوڕان لەو شارە و دۆست و ناسیار پەیدا کردن بە تایبەت هاوڕێی کچ، ڕۆژانە لە ناو بازاڕ و ناو پارکەکان یەکتر بینینی ئەو هاوڕێ و دۆستە ڕۆح سوک و ڕووخۆش و میواندۆستانە نەبێت، وردە وردە لە (پەدروگە) هاوڕێ کچەکان فێری زمانی ڕووسیش دەبووین بە تایبەت ئەو وشە و ڕستانەی کە لە ناو بازاڕ و لە دواندنی خەڵک بەگشتی و کچە جوانەکان بەتایبەتی پێویست دەبوون، وەک (با یەکتر بناسین و تۆ کچێکی جوانی، با پیاسەیەکی ناو فلان پارک بکەین و با بەیەکەوە بچینە سینەما... هتد) کە زۆر دەگمەن بوو یان هەر نەبوو ڕەت بکرێتەوە هەموو داوایەک لەلای ئەو (دێوشکا کراسیڤایا) کچە جوانانە جێی ڕەزامەندی و خۆشحاڵی بوو.

دیمەن و نوکتەیەکی دەستبازی

پێم خۆشە لێرە نوکتەی هاوڕێیەکی بادینی بگێڕمەوە، ناوی هاوڕێ (کاوار) بوو، کوڕێکی هەتا بڵێی خاکی و فەقیرحاڵ بوو.

ڕۆژێک ئەو هاوڕێ (کاوار)ە، هاتە لام و بە شێوەیەکی سەیر قسەی لەگەڵ کردم، زانیم کارێکی تایبەتی هەیە و نایەوێ بە هاوڕێیانی دیکەی بڵێ، چونکە لە کاتی لە ناوزەنگیش بووین پەیوەندی لەگەڵ من خۆش بوو، وەک دەڵێن زۆر ڕێزیم دەگرت و یارمەتیم دەدا، هەرچەندە ئەو فەقیرحاڵ بوو، بەڵام من هەر بەڕێزەوە هەڵسوکەوتم لەگەڵ دەکرد، هاوڕێیانی دیکە وانەبوون.

به هەرحاڵ به شێوەزاری بادینی گوتی؛ (هەڤال من شۆلەکا بته هەی بەس پیچەک شەرم دکەم)، زانیم مەسەلە کچ و هاورێیەتی کچانە، گوتم قسە بکە هەرچی بتوانم بۆت دەکەم، به کورتی دڵنیام کرد، دیاربوو داوای یەکترناسینی له کچێک کردبوو، وەڵامی پۆزەتیڤی وەرگرتبوو، کەمێک پیاسەیان کردبوو، بەڵام چونکە تەنیا چەند قسەیەکی کەمی زانی بوو، ناچار خواحافیزی (دیزڤی دانیا)ی کردبوو، که له کاتی وا دەبوو بچنە پیاسە و کەمێک هەڵسوکەوتی ڕۆمانسی بەیەکەوە بکەن، بەڵام ئەو فەقیرە تەنیا یەکترناسین و ناو پرسین و خۆناساندن و هیچی تری نەزانیبوو کەمێکیش شەرمی کردبوو، بەکورتی وەکو چووبوو هەر واش گەڕابۆوە، داوای له من کرد فێری بکەم دوای یەکترناسین چ بڵێ و چ بکات، له فیکری خۆی من لەو کارانە مامۆستام، هەرچەند هێنام و بردم وازی نەهێنا، ناچار چەند ڕستەیەکی پێویستم فێر کرد و گوتم (ئەگەر حەزت بەدەستبازیە داوای چوونە سینەما (کینۆ)ی لێبکە ئەگەر هات ئەوە له تاریکی سینەما مەجالی دەستبازیت دەبێت)، زۆر سوپاسی کردم و داوای کرد لای برادەرانی بادینان باسی ئەو شتە نەکەم نەوەک بەیانی لێی تێکدەن.

بەیانی دوای نیوەڕۆ که لەخەو هەستام و بۆ پیاسەکردن چوومە ناو باخچەی شوێنی خۆمان، بینیم هاوڕێ (کاوار) زۆر به دڵخۆشی بۆ لام هات و گوتی ( هەڤاڵ ئەز گەلەک سپاسیا تە دکەم)، لام سەیر بوو گوتم (بۆ سوپاسم دەکەی؟!)، دەستی گرتم و کەمێک دووری خستمەوە و گوتی؛ (تە ئەز خەنی کردم مالاتە، تە ئەز عەلماندی چەوا دگەل دێوشکا بئاخڤم)، بیرم کەوتەوە

مەسـەلە چيـيە و گـوتم؛ (ئێێێێێێێـێ پيـرۆزە دەی بـۆم بـاس بـکە بـزانم لەگەڵ دێوشکای چيت کرد)، ئيتر لە نوکييەوە هەمووی بۆ گێڕامەوە، ئەوەندە دڵخۆش بوو ئاوی لەزاری دەهات بەتايبەت کە باسی چوونە سينەما (کينۆ)ی کرد و لە کـاتی تـاريکی دەسـتبازی بـاش و بەدڵـی خـۆی کردبـوو لەگەڵ تاريـک داهاتنی سينەما، هەند بەسۆز و حەسرەت و حەزەوە دەيگێڕايەوە ئێستاش لەبەر چاومە کە گـوتی (هەر تـاری داهـات، ئاهههههـ قوربـانی وێ کەسـێ بـم کە دنيای کر تاری) واتە قوربانی ئەو کەسەبم کە دنيـای تاريـک کـرد مەبەستی ئەو کەسەی گڵۆپی سينەمای کوژاندۆتەوە.

## کابان يان ڕووڕەشە يان بێبەشە

به گشتی ڕۆژانە خەڵکی نوێ دەهات و ناوە ناوە هەندێ بەڕێ دەکران بۆ مۆسکۆ، ژمارەمان يەکجار زۆر بـوو، شـوێن و خواردن و تەنـانەت ئـاويش بەشـی نەدەکـردين، سـەير لەوە دابـوو هەر ئەو مەنـجەڵەی سـەرەتا بـۆ (٦٠) کەسـێک خواردنی تێدا دروست دەکرا، کار گەيشـتە ئەوەی خواردنی (١٣٠) کەسی تێدا دروست بکـرێ، چـونکە ژمارەمـان زۆر بـوو، کارمەنـدەکانی ئەوێ زۆر مانـدوو دەبوون، ناچار هەر ڕۆژە و چەند هاوڕێيەک وەک يارمەتيدەر يارمەتيمان دەدان، منـيش ڕۆژێکـم بەرکەوت لەگەڵ کچـی (مـام بـارام) کە بە دايکـی (ئيڤـان و ليزان) دەناسرا، بە داخەوە ناوەکەيم لە ياد نەمايە، ئافرەتێکی زۆر پاک و خاوێن و ڕێکوپێک و ڕووخۆش بوو، هەرچەندە خواردنەکەمان زۆر بە پـاک و خاوێنی دروست کرد، بەڵام لە کاتی تێکردن هەندێک کەمـی کـرد وەک دەڵێن (کابـان

یان بێ بەشە یان ڕووڕەش)، من و ئەو خاتونە ڕووسور و بێبەش بووین، لە کاتی شوشـــتنی قاپەکـــانیش چەنـــد قـــاپێکی لەدەســـت شـــکا .



ناهیدەخان کچی مام بارام

گەنـــــــدەڵی لەســـــــەر خـــــــوێنی شـــــــەهیدان

لە کاتی خەڵک ناردنە دەرەوە زۆر جەخت لەسەر ئەوە دەکرایەوە هەر هاوڕێیەک زۆر موستەهەق نەبێت ڕەوانە ناکرێ و دەبێت ئەندامی حزب بێت و ... هتد،

بەڵام کە چووینە دەرەوە ئەوجا زانیمان چ کەسێک و چۆن کەسێک لەسەر خوێنی شەهیدان ڕەوانەی دەرەوە کراون، هەر سەیرێک بوو هەر هەیئەتێک بە کەیفی خۆی و هەر بەرپرسێک بە ئارەزووی خۆی و تەنانەت خەڵکی بێگانە و کەسنەناسیش ڕەوانە کرابوو. بۆ نموونە :

کوڕێک ناوی (هیوا) بوو لە خێزانە پارتییەکانی (١٩٧٤) بوو، بە ئەسڵ خەڵکی کەرکووک بوو هەر بە زەحمەت بە کوردییش قسەی دەکرد، نەیدەزانی (حشع) چییە، بە زمانی خۆی گوتی (سەرۆ قادر) منی ڕەوانە کردیە، ئافرەتێک و منداڵێک هەر لەلایەن (سەرۆ قادر) ڕەوانە کرابوون، خەڵکی شارۆچکەی (نەغەدە) بوون هەر کوردیان نەدەزانی، بەڵام زۆر ڕێکوپێک و ڕووخۆش بوو، دیاربوو سەر بە چەپەکانی ئێران بوو، وەک باسیان کرد، خێزانی کەسێک بوو بە ناوی (بەڕۆژ ئاکرەیی)، کەسێکی دیکە سەر بە (پارتی گەل) بوو ئەویش هەر (سەرۆ قادر) ناردبووی، هاوڕێیەکمان هەبوو لە لقی بیتوێن دوای تەسلیم بوونەوەی هاتەوە بۆ ناوزەنگ، دوای ماوەیەک لەگەڵ هاوڕێیەک شەڕی کرد، بەقسەی خۆی گوتی دەرکراوم و دەچمە ئێران بۆ خۆم دادەنیشم، ئەوییش هەر (سەرۆ قادر) بەبێ ئاگاداری حزب ڕەوانەی کردبوو، ماڵی هاوڕێ (مەحموود خدر)ی پشدەری بە خاوخێزانەوە هاتبوون هەرچەندە حزبی بوون، بەڵام خێزانی هەردوو کوڕەکەی کوردی ئێران بوون، کە لە ناوزەنگ بە هاوڕێ ( کاوەی کەلکەسماق)یان گوت خێزانت حزبی نییە بۆیە ناتنێرین. دوو کوڕی (بارزان مەلا خالید) ڕەوانە کرابوون بە ناوەکانی (لێزمە و لێشاو)، گوایە لە باوکیان هەڵگەڕاینەوە و هاتوونەتە ڕیزی (حشع)!. (ئەبو

حیکمەت) ژنە شەهیدێکی (پارتی) بە خۆ بە دوو منداڵەوە هێنابوو، (ئارامی مەلا حەسەن) بە گیرفانی پڕ لە پارە پێشی ئێمە گەیشتبوو _شەوێک برادەرێکی عەرەب پارەیەکی زۆری لێدزی بوو بە ئاشکرا هەموو شەو بەو پارەیە دەچووە دیسکۆ و کە دەهاتەوە دەیگوت (کنت معزوم بفلوس ملا حسن)، بە ئاشکرا دەگوت من پارەکەیم دزیوە، پارەی حزبە بۆ من ئەو وەک یەکە... هتد. چەندین شتی لەو بابەتە هەبوون، هەر پاشاگەردانییەک بوو بۆ خۆی. کە چووینە مۆسکۆ و دانیمارک شتی سەیرترمان دیت لە کاتی خۆی باسی دەکەم.

## هاتنی هاوڕێیان (کەریم ئەحمەد و کەمال شاکر)

دوای مانەوەی زیاتر لە دوو مانگ، ڕۆژێک هاوڕێیان (کەریم ئەحمەد و کەمال شاکر) هاتنە لامان و دانیشتنێک کرا لەسەر وەزع بەگشتی و وەزعی خۆمان بە تایبەتی، بەگشتی پێیان ڕاگەیاندین کە تەنیا چوونە ئەورووپای ڕۆژئاوا هەیە و چاکە هەر کەسێک بۆ خۆی یەک لە سێ وڵاتی ئەسکەندەنافی هەڵبژێرێ و داوای پەناهەندەیی بکەین و کەڵک لە وەزعی ئینسانی ئەو وڵاتانە وەربگرین، چونکە خەریکە وەزعی یەکێتی سۆڤیەتیش وەک وڵاتانی ئەورووپای ڕۆژهەڵات تێکدەچێت و هیچ هیوای زەمالەی خوێندن و چارەسەری نەخۆشخانەی باش و دەورەی حزبی .... هتد نەماوە، بە گشتی زۆربەی هاوڕێیان بەو قسەیە دڵخۆش بوون بە تایبەت کە دڵنیابوون لەو چەند ڕۆژە بەڕێ دەکرێن بۆ مۆسکۆ و لەوێوەش بۆ ئەو وڵاتەی خۆیان دەستنیشانی

دەکەن لە هەر یەک لە (سـوید، دانیمـارک، نەرویـج)، تەنیـا مـن و هـاوڕێ (ئەڵوەنـدی سلێمانی) داوای گەڕانەوەی کوردستانمان کرد بە تایبەت هـاوڕێ (ئەڵوەند) کە زانی گەڕانەوە نییە دەستی کرد بە گریان، چونکە ئەویش وەک مـن بـۆ چارەسـەری هـاتبوو، دوای ئەوەی لە سـەفەرێکی بـۆ سـنوربەزاندن و هاتنەوە بۆ ناوچەکانی خۆیان کەوتبووە سەر لوغم و نیوەی پێی بڕابووەوە .

## بەرەو مۆسکۆ

دوای هاتن و ئەو دانیشتنە بە ماوەیەکی کورت دەست کرا بە بەڕێکردنی بە خێرا و بە کۆمەڵی زۆر، هەر هاوڕێیە و خواحافیزی لە دۆست و برادەرە کچ و ناسیاوەکانی خۆی دەکرد و دیاری و یادگاری دەگۆڕانەوە لەگەڵ یەکتر، من ناسیارەتیم لەگەڵ کچێک هەبوو ناوی (مایا) بوو، دوای خواحافیزی ئەدرەسی خۆی دامێ و شاڵێکی خۆی پێدام وەک یادگاری ئێستاش هەر ماوە.

چونکە وەک هاوڕێیان باسیان کرد، لەلایەن حکوومەتی سۆڤیەتەوە بڕیار درابوو لە سەرەتای ساڵی (١٩٩١)ەوە خاچی سور لەدەستی حزب دەردەچێت و چیتر ناتوانن یارمەتیمان بدەن، بۆیە دەبێت هەرچی زووە هەموو هاوڕێیـان بەڕێ بکـرێن، ئەوە بـوو لە کۆتـایی مـانگی (١١/ ١٩٩٠) نـاوی کۆمەڵێـک هـاوڕێ هـاتەوە بـۆ بەڕێکـردن بەنـدەش یەک لەوان بـووم، لە کـاتی دیـاریکراو بە سـەیارە گەیەندراینە وێستگەی شەمەندەفەر، هەرچەندە هاوڕێیان پێش ئێمە هەمووی بە فـڕۆکە بەڕێکرابـوون، دوای مشـتومڕێکی زۆر بە ناچـاری بە شـەمەندەفەر بە ڕێکراین بۆ مۆسکۆ کە ماوەی (٧٢ کاتژمێر)ی دەخایاند، نوێنەرێکی خاچی

ســور وەک سەرپەرشــتیار لەگەڵمــان هــات کە ئــافرەتێکی زۆر بەڕێــز و ڕۆح ســووک بــوو، لە کــاتی ڕۆیشــتن، هــاوڕێ (ســامی درێــژ) کە بەرپرســی ئەو کــارانەی ئــێمە بــوو ڕای ســپاردم کە لە ڕێگــا لەگەڵ دوو هــاوڕێی دیــکە سەرپەرشتی هاوڕێیان و نان خواردن و دابەشکردنی ئەو نان و پێخۆرە بین کە بۆیان ئامادە کردبووین و لە ڕێگا پێویستمان دەبێت، بە گشتی ئەو سێ هاوڕێیە وەک بەرپرســـــــی ئەو ســـــــەفەرە دیـــــــاری کـــــــراین.

سەعات چواری عەسر کاتی هاتنی شەمەندەفەرمان بوو، لە کاتی خۆی هــات و بەڕێکەوتــین بەرەو مۆســکۆ، بــۆ ئەوەی لەوێ لە ڕێگــای حزب و بە هەوڵی هاوڕێیان بەرەو دەوڵەتانی ئەسکەندەنافی بەڕێ بکرێین، هەر هاوڕێیەک خــۆی دەستنیشــانی ئەو وڵاتەی دەکــرد کە دەیەوێ بــۆی بچێــت، مــن وڵاتــی (دانیمارک)م دەستنیشان کرد.

## بەرەو مۆســـــــــــــــــــــــــــــــکۆ ( ٢٦ )

)نـــــــــاو شـــــــــەمەندەفەر(

لە کۆتـــایی مـــانگی ( ١١ / ١٩٩٠ ) لە کـــاتی دیـــاری کـــراو شەمەندەفەرێک هات هەتا بڵێی دوورودرێژ بوو وەک لە خەیالم بێت ( ٢٣ ) فارگۆن بوو ، دیاربوو شوێن بۆ ئێمە گیرا ( حجز ) کرابوو ، بەڵام لەویش گەندەڵی کرابوو شوێنی پێنج کەس کەمتر بوو لە ژمارەی خۆمان کە ( ٢٩ ) نەفەر بوین بە ژن و منداڵەوە ، بە ناچاری سەرکەوتین و هەرچۆن بوو جێگایان بـــــــــۆ هەمـــــــــــوان کـــــــــــــردەوە.

لەکاتی دیاری کراو کاتژمێر ( چواری عەسر ) بەرێکەوتین بەرەو مۆسکۆ ، کە ڕێگاکەی بە ( ئۆزباکستان و کازاخستان ) دا تێدەپەڕی ، وەک زانیمان ماوەی گەیشتن بە ( مۆسکۆ ٧٢ سەعاتە ) واتە سێ شەو و سێ ڕۆژ ، دیارە ئەو ڕێگا دوورە زۆر پێویستی خۆی هەیە وەک ( شوێنی نوستن و کات بەسەر بردن ) کە لە ناو شەمەندەفەرەکە هەتا ڕادەیەک هەبوون وەک ( سینەما ، شانۆ ، چێشتخانە ) بەڵام کاریان پێنەدەکرد و زۆر کۆن بوون , تەنها چێشتخانەکە کاری دەکرد ئەویش هەر خورادنی خراپ بوو کەم خەڵک نانەکەیان دەخوارد ، تەنها ژەمی بەیانیان و چایە و شیرەکەیان باش بوو

یەکتـــــــــــــــر ناســـــــــــــــین ( تعـــــــــــــــــارف )

هەر لە یەکەم سەعاتی سورابوونمان یەکتر ناسین ( تعارف ) مان لەگەڵ کۆمەڵێک کچی جوان کرد ( بە دەست پێشخەری ئەوان ) کە دیاربوو هەمویان

خوێنکـاری پەیمانگـایەک بـوون لە شـارۆچکەیەکی نزیـک ( مۆسـکۆ ) دەیانخوێنـد لە پشـوودان دەگەڕانەوە بەرەو ئەو شـارە ، واتە بـوینە هاوسـەفەر زۆربەیان لە ناو هەمان فارگۆنەکەی ئێمە بوون ، هەر زۆر زوو بوینە برادەر و سوحبەت و گاڵتە و جەفەنگ دەستی پێکرد ، بە شێوەیەک شەو هەتا بەرەبەیان نەیانهێلا بخەوین ، بەتایبەت کە خواردن و شەوچەرەی تایبەت بە خۆیان زۆر لا هەبوو ،دیاربوو لە ماڵەوە لەگەڵ خۆیان هێنابوویان بۆ کاتی مانەوە لە بەشە ناوخۆییەکانی خۆیان بەکاری بهێنن ، زۆربەیان خەڵکی ( تاجیکستان ) بوون ، بەگشتی هەموویان زۆر ڕووخۆش و سوحبەتچی بوون وەک هەر کچێکی ڕووسی و ئەوروپی هەڵس و کەوتیان لەگەڵ ئێمە دەکرد بەتایبەت شەوان کە زۆربەی خەڵک دەخەوت ، زۆر جار ئێمەیان داوەتی هۆڵی سینەمایەکە دەکرد یان داوەتی ژووره تایبەتەکانیان دەکردین بۆ خواردنەوەی قاوە و چا لەگەڵ ئەو شیرینیانەی خۆیان هێنابوویان ، هەر بە پێکەنین و گاڵتە کاتیان لەگەڵ بەسەر دەبـــــــــــــــــــردین.

ئەوانەی لەبیرم مابن یەکیان ناوی ( شوئێرا ) بوو کچێی جوانی باڵا مام ناوەند بوو وەزشوانیش بوو ، شەوێک بۆ من باسی کرد کە زۆر حەز دەکا ببێتە یاریزانی ( سێرک ) ، ئەوانی دیکە یەکیان ناوی ( محەبەت ) لە هەموویان جوانتر و باڵا بەرز و کەمێک گۆشتن بوو پرچ و ڕوخساری بە ئەوروپیان دەچوو ، کە لێم پرسی بۆ شێوەی ئەوروپیە ( گوتی دایکم ئۆکرانیە ) ، یاری تاوڵیان پێبوو ، ئەو ( محەبەت ) لە یەکەم دانشتن داوای لێم کرد یاری لەگەڵ بکەم ، هەرچەندە ئێستاش یاری تاوڵی باش نازانم ، بەڵام لەبەر

خاتری ئەو ڕازی بووم ، لە کۆتایی یاریەکە دیار بوو دەدۆڕێم ، ( خەدیجە کچێکی دیکەی زۆر شەیتان بوو ) بە بن لێوە دەیگۆتە ( محەبەت مادام لێت بردەوە ئەوشۆ بۆخۆت بیبە ) ، ( شیرین کچێکی دیکە بوو ، دەیگۆت نا ئەوە ناوی فەرهادە هەر بۆ منە ) هەڵبەت هەر بۆ سوحبەتی نێوان خۆیان ئەو قسانەیان دەکرد و بە حیساب ئێمە تێناگەین چونکە کەسمان روسیەکی ئەوتۆمان نەدەزانی ، بەڵام لە فیتەی حەرامزادەیی عەیبمان نەبوو ، قسەکردنی ئەوانیش چونکە خۆیان تاجیکی بوون وشەی فارسیان زۆر بەکار دەهێنا ئەوانی دیکە بە ناوەکانی ( ئەلمێرا ، سەیران ، بەهار ..... هتد ) هەموویان یەک لەوی دیکە ڕووخۆشتر و ڕووح سوکتر بوون ، بەڕاستی وەک دەڵێن جێی خۆیان لە دڵی هەموومان کردبۆوە ، بە شێوەیەک کاتی دابەزینیان درەنگی شەوی دواییمان بوو ، هەرچەندە ئەو شەوە لە هەموو شەوەکانی دیکە ڕووخۆشتر بوون و تادرەنگی شەو بەیەکەوە بووین ، بەڵام من بەر لە دابەزینیان خۆم دزیەوە و چومە شوێنەکەی خۆم ، حەزم نەکرد خواحافیزیان لێبکەم ، چونکە دەمزانی دوایـــــــین خواحـــــــافیزیە.

شەو درەنگ بوو دیاربوو خەوم لێکەوتبوو لەگەڵ دەنگەدەنگی ( بەهار ) بە ئاگاهاتم ، دیاربوو لە کاتی خواحافیزی تێبینی ئەوەیان کردبوو من لەوێ نیم هاتبووە دوام ، لەخەو هەڵی ستاندم هەتالای جەماعەت بەدەست ڕاکێشان بردمی و لەوێ یەک یەک وەک کەسی ئازیزی یەکتری بە لەباوەش گرتن خواحافیزیمان لەیەک کرد ، بەزرەدەخەنە و دەست ڕاوەشاندن بە نیشانەی خواحافیزی هەتا شەمەندەفەرەکەش خێراییەکەی زیادی کرد و دوور کەوتەوە

هەر لەگەڵمـــــــــــــان هـــــــــــاتن.

ئیتر کە لێیان بزر بووین هەرکەسە و چوینەوە سەر جێی خۆمـان ، دوای کەمێـک هاوڕێیـان هـاتن و گوتیـان وەرە نـانی بەیـانی دابەش کەیـن بەسـەر هاوڕێیـان لەو نـان و پێخۆرەی کە لەگەڵ خۆمـان بردبوومـان ، کە مـن تـا ئەو ژەمە هـیچم لێنەخواردبـوو چـونکە هەر لەگەڵ ئەو کچـانە نـانم دەخـوارد.

## ناســــــــــــــــینی کارمەنــــــــــــــــدێک

من تا ئەو کاتەی ئەو کچانە ڕۆیشتن هەستم بە تەنیایی نەکرد ، دوای خواردن دابەش کردنـی نـانی ئێـوارە کارمەنـدێکی ژن کە لەیەکەم سـورابوونمان یارمەتی زۆری داین و تێبینی ئێمەی کردبوو لەگەڵ کچەکـان ، هـاتە لام و بە ئیشـارەت وەک بڵـێ( هـا بـاخیرەت نقـوم بـووە وا بـێ زەوقـی )، لام دانیشـت و دەستی بەقسان کرد و جگەرەیەکمان بە یەکەوە کێشا ، دەستی گرتم و بـردمەیە ژوورەکەی تایبەت بوو بە خۆیان ، بە ڕووخۆشی بە خێرهاتنی کردم و ( بتلێک ڤۆدکا و چەند هەنارێکی دانـا ) بەدەم قسـەکردنەوە پێکـی بۆ تێکـردم و لە نـاو لەپی خۆی هەنارەکەی کردە دەمم ، مـن لە ژیـانم شتی وام نەدیتبوو ، زۆر لام سەیر بـوو زۆریـش خۆشـیم لەو هەڵس و کەوتەی هـات ، ئێدی شـەو تـا درەنـگ لای ئەو ژنە ڕووح سوک و میهرەبانە مامەوە ، کاتێکی خۆش و پڕ پێکەنین و پڕ چێژمان بەسەر برد ، دەمەو بەیان چونکە خۆی دەگەڕایەوە منیشـی هێنـایەوە جێگایەکەی خۆم ، خواحـافیزیەکی زۆر گەرم گوڕ و جوانی لێکـردم ، دیـاربوو زۆر دڵخـۆش ببـوو بەو دانشـتن و خـواردنەوەیە لەگەڵ مـن ، بێگومـان منـیش هەروابـــــــــــــــــووم.

بێگومان زۆربەی هاوڕێیانیش هەروا لەگەڵ كچەكانی دیكە دانیشتن و خواردن و سوحبەتیان هەبوو ، یەكە یەكە لە بیرم ماوە كام هاوڕێ لەگەڵ كام كچ نێوانیان خۆش بوو بەڵام با باس كردنی بۆ خۆیان بێت.

چەند شتێكی دیكە هەر لە ناو شەمەندەفەر پێویستە بڵێم چونكە ڕێگایەكە دوور بوو هەر هەموو خەڵكی ناو شەمەندەفەرەكە بە جلی نوستنەوە بوون ، دیمەنێكی جوان و سەرنج ڕاكێشی هەبوو بە تایبەت بۆ ئێمەی ڕۆژهەڵاتی و پێشمەرگە و لە ناوزەنگەوەش چووبوین ! كچ و ژن و پیاو بە تراكسوتی تەنك وەك ئەوەی لەسەر جێگای خەوتن بن ، بەڕاستی دیمەنێكی هەست بزوێن و وروژێنەر بوو.

هەر لە فارگۆنەكەی ئێمە ژنێك و پیاوێك هاوسەفەرمان بوون دیاربوو ژن و مێردی یەكتربوون شەو و ڕۆژ لە باوەشی یەك بوون ، لەسەر تەختی یەك نەفەر ، تەختەكانیش زۆر باریك بوون بە ئاستەم جێگای یەك نەفەر دەبوەوە ، ئەو ژن و مێردە هەردەم لێك ئالابوون ، زۆرترین كات كتابیان بۆ یەك دەخوێندەوە ، دوای یەكتر ناسینمان زانیمان ژنەكە دكتۆرەیە و پیاوەكەش كرێكارە ، كە ئەو شتە لە وڵاتانی ئێمە نەك هەر دەگمەنە دەتوانم بڵێین هەر نەبووە ، بۆیە پرسیم ئێوە چۆن وا ڕێككەوتون چونكە لە وڵاتی ئێمە شتی وا نیە ، چونكە ئێوە لە دوو چینی جیان ، ژنەكە زۆر بە ئاسایی گوتی ( لێرە ئەو جیاوازیە نیە ، هەردوكمان كرێكاری دەوڵەتین )، ئەو قسەیەم زۆر پێ جوان بوو ، دواتر زانیم هەر بەڕاستی وایە تەنانەت مووچەكەشیان وەك یەكە ، حیسابێكی ئەوتۆ بۆ بڕوانامە ناكرێ ، دیارە پەروەردەكەیان وابوو هەر هەموو

وەک کرێکـــار دەناســـران و جیـــاوازیەکەی لای ئـــێمە لەوێ نەبـــوو.

کتـــــــــــــــــــــــــــــاب خوێنـــــــــــــــــــــــــــدنەوە

دیمەنێکـــی دیـــکە ســـرنجی ڕاکێشـــام ، زۆربەی زۆری سەرنشـــینەکان خەریکـی خوێنـدنەوە بـوون ، بە شـێوەیەک وا هەسـتت دەکـرد لە کتێبخـانەی گشـتی نەک لەنـاو شـەمەندەفەر ، گەورە و بچـوک ژن و زەلام خەریکـی خوێندەوە بوو ، تەنانەت زۆر لایان سەیر بوو کە ئێمە کتابمان بەدەستەوە نیە ، ( جارێک لە چارجووش لە شوێنی وەستانی پاس ڕاوەستابووم تەزبیحم بەدەستەوە بوو ژنێکی کامڵ لێی پرسیم ئەوە چیە و بۆ بە دەستەوەیە ؟ هەر چۆنێک بوو حاڵیم کرد کە ئەوە بۆ کاتی بێ ئیشی و خۆ موشغول کردنە ، گوتی بۆ لە جیاتی ئەوە کتابێک ناخوێنەوە ؟ زۆر قسەکەیم پێ جوان بوو سوپاسم کرد و حاڵیم کرد من زمانی ڕوسی نازانم لێرەش کتابی عەرەبی و کوردی نیە دەنا حەز لە خوێنـــــــــــــــــــــــــــــــــــدنەوە دەکەم ).

دیمەنێکی دیکە سرنجی ڕاکێشام هی کۆمەڵێک سەرباز بوو کە بە سێ فارگۆنی شەمەندەفەرەکە بۆ شوێنێک دەگوازرانەوە ، زۆر کپ و بێدەنگ بوون و زۆر بە شێوەی توند هەڵس و کەوتیان لەگەڵ دەکردن لە لایەن بەرپرسەکانیان ، هەتا ڕادەیەکیش پیس و پۆخڵیان پێوە دیار بوو ، بە شێوەیەک کە دەچوینە نـاو فارگۆنەکـانی ئەوانـی تێدابوو ، هەستت بە بـۆنی نـاخۆش دەکـرد ، چەنـد جارێک بینیم بە چەند سەربازێک یەک دانە سەمون ( خلێپ ) یان دەدانێ ئەویـــش بـــێ پێخـــۆر ، دیمەنێکـــی زۆر گوناحیـــان هەبـــوو.

دزی

هەر زوو و لەیەکەم سواربوونمان لەلایەن ئەو ژنە کارمەندەی باسم کرد ( ئەوی شەو میوان داری کردم ناوی گولی خان یان گولی جان بوو ) پێی گوتین ئاگاداری جانتا و شمەکەکانتان بن نەوەک دزیتان لێ بکرێ ، بەتایبەت پانتۆڵەکانتان کە هەمووی کابۆی جوان بوون لەوێ دەست نەدەکەوت و نرخیشی گران بوو ، هەمووشمان کە سواری شەمەندەفەرەکە بووین وەک خەڵکەکەی دیکە جلمان داکەند و جلی خەومان لەبەر کرد ، ئەوژنە پانتۆڵەکەی منی بردە ژوورەکەی خۆی بۆ ئەوەی بزر نەبێت هەرواش بوو من و زۆر برادەری دیکەش سەلامەت دەرچوین ، بەڵام هاوڕێ ( ئاری هەڵەبجەیی ) تەواوی کەلوپەلەکەی کە لە ناو یەک جانتا بوو هەمووی دزرا ، وابزانم یەک دوو برادەری دیکەش چەند شێکی بچوکیان لێ دزرا.

بەهەرحاڵ دوای ( ٧٢ سەعات ) و ئەو ماندوو بونە و ئەو هاوسەفەری و تێکەڵاوی ئەو هەموو کچە جوانە و کۆمەڵێک یادگاری خۆش و جوان کە ئێستاش بە بیرهاتنەوەیان چێژی خۆشم دەداتێ و زۆربەی یادگاریەکانی ( محەبەت و قسە خۆشەکانی خەدیجە و سوحبەت و دەست گەمەی شیرین و شوئێرا و ئەوانی دیکە و شەو داوەتەکەی گوڵەجان لە هۆش و خەیاڵم نەقشیان بەستووە بوینە وێستگەیەک لە وێستگەکانی ژیانم ). گەیشتینە مۆسکۆی جوان و ناسک و میوان پەروەر و پڕاوپڕ لە کچی جوان

## مۆسكۆ ( ٢٧ )

ڕێک دوای ( ٧٢ ) سەعات ڕێكردن بە شەمەندەفەر لە كۆتایی مانگی ( ١١ / ١٩٩٠ ) گەیشتینە شاری ( مۆسكۆ ) ی پایتەختی ئەوكاتی ( یەكێتی سۆڤیەت ) ، لە وێستگەی شەمەندەفەری سەرەكی ( ڤیگزاڵ ) دابەزین ، هاوڕێیانی خۆمان لە پێشوازیمان دا بوون ، بەتایبەت هاوڕێ( صارم ) ناوێک كە تایبەت بۆ ئەو كاری پێشوازی و ڕێكخستنی كاروباری ئێمە ، لەلایەن هاوڕێیانی ڕێكخراوی حیزبی خۆمان ڕاسپێردرابوو بۆ ئەو كارە ، وەک بڵێی بەرپرسی ڕێكخستنی كاری ئەو هاوڕێیانە بوو كە دەچوونە مۆسكۆ و لەوێوەش بۆ هەر وڵاتێک دەرچوبان ، ئەو هاوڕێیە كاروباری بۆ ڕێكدەخستن ، هاوڕێیەكی ڕووخۆش و نەرم ونیان بوو كاری خۆی بەڕێكی ڕادەپەڕاند ، كەسێكی ڕوحسوک و خۆشەویست بوو ، بە گیانی هاوڕێیانە هەڵسوكەوتی دەكرد.

پاسێكی بۆمان ئامادە كردبوو ، دیاربوو پێش وەختەش هوتێل و شوێنی حەوانەوەی بۆ دابین كردبووین كە لە هوتێلێكی گەورەی ( ١٥ ) بەشی بوو ( وابزانم ناوی گاستێنسا زێریا بوو ) ئێمەیان لە بەشی ( ٩ ) دابەزاند ، هەتا ڕادەیەكی باش پاک و خاوێن و خزمەتگوزاری باش بوو.

دیارە بڕیار وابوو هەر هاوڕێیەک بۆ هەر ڕۆژێک بڕی ( ١٠ ڕۆبڵ = ٨.٥ سەنت ) بۆ سەرف بكرێ بۆ سێ ژەم خواردن و هات وچۆ و هەموو پێداویستی ڕۆژانە كە هەر زۆر كەم بوو بەشی هیچی نەدەكرد بە تایبەت

ئەگەر یەکێک جگەرە یان خواردنەوە یان شەوانە چونە نادیی هەبایە ، بەلانی کەم پێویستی بە ( ١٠/ ١٥ ) ئەوەندە دەبوو ، بەڵام ئەگەر لە چێشتخانە حکومیەکان کە پێیان دەگوت ( ئافتۆمات یان ئۆتۆماتیک کە دەبوو کەسەکە خۆی خزمەتی خۆی بکات )، ئەوە باش بوو هەر زۆر هەرزان بوو ، بە شێوەیەک سفرەکەی بەردەمی خۆت پڕ خواردن بکردایە نەیدەکرد ( ٢—٣ ) ڕۆبڵ ، ئێمە زۆرکات لەو خواردنگە ئۆتۆماتیکانە نانمان دەخوارد ، هەر لە ناو هوتێلەکەش خواردنگەیەک هەبوو بە هەمانشێوە ئەویش نرخی باش بوو خواردنی خۆش و بەتامیشی هەبوو.

هەرکە گەیشتینە هوتێل و هەرکەس بۆ ژوور و شوێنی خۆی بردرا ، بە شێوەیەک هەر کەس نەیدەزانی کێ لە کێیە تەنها ئەوەی لە ژوورەکەی خۆی بوو ئاگاداری بوو ، ناچار چوومە ئۆفیسەکە و شوێنی هەموانم لە لیستەکە دەرهێنا و هەوڵم دا هەموو بزانن ئەوانی دیکە لە کوێن ، ئەوەبوو بەیانی هاوڕێ ( صارم ) کە هات بینی من شوێنی هەموان دەزانم ، یەکسەر ڕایسپاردم کە لە جیاتی ئەو پارەی ڕۆژانە بەسەر هاوڕێیان دابەش بکەم وەک بەرپرسی دارایی ، هەتا لەوێ بووم ئەوە کارە من ڕامدەپەڕاند.

## دابەزینمان بۆ ناو سەنتەر

بەیانی ڕۆژی یەکەم سەرەتا دەبوو بە پاس بۆ ماوەی سەعاتێک بڕۆین تا دەگەینە نزیکترین شوێنی وێستگەی ( میترۆ — بە ناوی ڤیدنخە ) لەوێوە بۆ هەر کوێ بچوبای ئاسان و نزیک بوو بە هۆی تیژڕۆیی ڕاستڕۆیی میترۆ

( کە ئەو میترۆیە بەڕاستی شاکارێکی خزمەتگوزاریە ) کرێی میترۆ و پاس یەکجار هەرزان بوو بە تایبەت میترۆ ( ئەگەر ) دە جار میترۆشت بگۆڕیبایە هەر ( ٥ کە پیـــک ١٠٠ کەپیـــک = ١ ڕۆبـــڵ ) بـــوو.

شایانی باسە ناو شاری مۆسکۆ هەتا بڵێی جوان و سەرنج ڕاکێش بوو بە تایبەت بۆ ئێمەی ڕۆژهەڵاتی و کە لە شاخیشەوە چوبووین ,

بۆ هەر کەسێکی ناوداری خۆیان ( شاعیر ، نوسەر ، کەسایەتی سیاسی ، پاڵەوانی جەنگ ..... هتد ) پەیکەر هەبوو تەنانەت بۆ کردەوە گرنگەکانیان و پشەسازی پێشکەوتویان پەیکەریان هەبوو بۆ نمونە ناوچەی ( ڤدنخا ) پەیکەرێکی گەورە و زۆر بەرزی لێبوو بە نیشانەی ئەو ساروخانەی بۆ بۆشایی ئاسمان هەڵیان دابوو ( ئەگەر هەڵە نەبم هەر وشەی ڤدنخا مانای ساروخ یان ناوی ساروخێک بوو ).

نازانم کام هاوڕێ بوو ڕێنیشاندەریەکی بۆ کردین بۆ ئەوەی بەیانیەکەی بچینە ( گۆڕپانی سور ) و سەردانی ئارامگای ( لینینی مەزن ) بکەین و پیاسەی ناو( کرەملین) وشوێنە ناودارەکان بکەین ، هەر بە گوێرەی وەسفی هاوڕێیان بە پاس و میترۆ گەیشتینە شوێنی مەبەست کە بە گۆڕینی دوو میترۆ ئەوجا گەیشتین هەرچەندە یەکەم جاریشمان بوو بەڵام بە هۆی ڕوخۆشی و میوان دۆست و بە دەنگەوەهاتنی خەڵک و یارمەتی دانیان بۆ میوان ، زۆر بە ئاسانی گەیشتین.

## دیمەنی ناو میترۆ

بێگومـام ئـێمە یەکەم جارمـان بـوو سـواری میتـرۆ بـین یـان بە میتـرۆ لە شوێنێک بۆ شوێنێک بچین ، چەند شتێک زۆر سەرنجی ڕاکێشام بە گرنگی دەزانم باسیان بکەم

**یەکەم :**

وەستان لە وێستگەی میترۆ و سواربوون و ڕێک و پێکی خەڵکەکە زۆر سرنجی ڕاکێشام کە بە شێوەیەکی جوان و ڕێزگرتن لە کات و هاوکاری یەکتر ئەنجـام دەدرا ، هەرکە میتـرۆ دەگەیشـت خەڵـکە چـاوەڕوان کـارەکە بەردەمـی دەرگایان بۆ ئەوانە چۆڵ دەکرد کە دادەبەزیـن ، لەو بەر و ئەو بەری دەرگـایەکە دەوەسـتان و بە هـیچ شـێوەیەک ئاسـتەنگیان دروسـت نەدەکـرد بـۆ ئەوانەی دادەبەزین ، دابەزین بە چەند چرکەیەک کۆتایی دەهات و ئەوانی دیکەش هەر بە چەنـد چـرکەیەک سـوار دەبـوون ، لە هەمـوو وێسـتگەکان بە بڵنـدگۆ سەرنشـینانیان ئاگـادار دەکـردەوە کە وێسـتگەی داهـاتوو فـلان ویسـتگەیە .

**دووەم :**

خەڵکەکە بە گشتی زۆر بەڕێک و پێکی دەوەستان بە شێوەیەک ڕێڕەوی ناوەڕاست بە ئاسانی هات و چۆی لێ دەکرا و بە هیچ شێوەیەک کەس لەبەر دەرگـا نەدەوەسـتا ، وە هـیچ کەس دەنگـی لێـوە نەدەهـات بە جۆرێـک هەسـت نەدەکـرا کەس لە نـاو ئەو میتـرۆیە هەبێـت سـەرەڕای قەڵەبـاڵغیەکەی .

سێیەم :

له هەمووی سەنج ڕاکێشتر ، تەواوی سەرنشینەکان خەریکی خوێندنەوە بوون بە شێوەیەک یەک یان دوو کەست نەدەدیت کتابێکی لە دەست نەبێ هەر هەموو سەرنشینەکان چ ئەوانەی دانیشتبوون چ ئەوانەی بە پێوە بوون هەر هەمووی سەریان لەسەر کتاب بوو ، ماوەی نێوان هەر ویستگەیەک ( ٢—٣ خولەک بوو ) ئەو کاتە کەمەیان دەقۆستەوە بۆ خوێندنەوە.

بەگشتی هات و چۆ و وەستان و گەیشتن بۆ شوێنی دیاری کراوی خۆی زۆر ڕێک و پێک بوو ،میترۆ ( ٧—٨ ) هیلی هەبوو کە تەواوی مۆسکۆی بەیەکەوە دەبەستایەوە ، زۆربەی خەڵکی مۆسکۆ هات وچۆیان بە میترۆ بوو ، دەگوترا کە ڕۆژانە زیاتر لە (نۆ ملیۆن ٩٠٠٠٠٠٠) کەس هات وچۆی پێ دەکات و دەگوترا خەڵکی مۆسکۆ هەردەم بە تایبەتی لە کاتی ڕۆژدا نیوەی زیاتری لە ژێر زەویە ، زۆربەی وێستگەکان بازاڕی تایبەت بە خۆیان لە سەر زەوی و ژێر زەویش هەبوو هەموو پێداویستیەکیان لا دەست دەکەوت.



کاوە چاوشین، زانا ،بۆتان ، چەتۆی بەڕانەتی ،ئاوات ، ئاری خۆشناو

دیمەنێکی دیکەی زۆر جوان بەتایبەت بۆ ئێمەی ڕۆهەڵاتی ، لە تەواوی مۆسکۆ و بە تایبەت ویستگەکانی میترۆ چ لەسەر زەوی چ لە ژێرەوە تەنانەت لەسەر پیژەکانیش کە بۆ چوونە خوار و سەرکەتن بەکار دەهاتن ، یەکتر لەباوەش گرتن و ڕاموسانی کچ و کوڕە قۆشمە و ڕوح سوکەکانی ئەوێ بوو ،کە هەر دەتگوت بەیەکەوە نوساون و هیچ کاتیان نیە بۆ یەکتر لە باوەش گرتن و ماچ کردن لەسەر پەیژە و ناو میترۆ و شوێنی وەستان هەر خەریکی یەکتر

مژین و لە باوەش کردنی یەکتر بوون ، تەنانەت زۆر جار شتی سەیریان دەکرد ، بـــــــــــــــــۆ نمـــــــــــــــــونە

هەر کەسێک بچوبایە خوارەوە بۆ سواربوونی میترۆ دەبوو بڕی ( پێنج کەپیک ) بخاتە ناو ئەو ئامێرانەی ( کۆنترۆڵ ) کە لە نێوانیان تێدەپەڕی ، زۆر لە کوڕ و کچەکان یەک ئەوەی دیکەی لە باوەش دەکرد و پارەی یەک کەسیان دەدا و بە پێکەنین و قاقا لە کۆنترۆڵ دەردەچوون ، ئەوەی تا ئێستاش لە ژیانم بینیبم کچ و کوڕانی مۆسکۆ بوون کە دەتوانم بڵێم جوانترین و ڕوح سوکترین بونەوەری سەر ڕوی زەوین ، هەتا بڵێی میوان دۆست و غەریبەیان خۆش دەویست و ڕێزی تایبەتیان بۆ کەسی غەریب و نە شارەزا دادەنا ، ئەو پەڕی ئامادەکاریان هەبوو بۆ یارمەتی دانی کەسی نەشارەزا و غەریب ، بەدەم زەردەخەنەی مرۆڤانە و پڕ لە ڕێزەوە ، یان بە پێکەنین و چاو داگرتن و ئاماژەی ڕۆمانسیانە دەهاتنە گۆ و تەنانەت هەرکە چاویان بە ئێمە دەکەوت ، ئاماژە و زەردەخەنەی زۆر ڕۆمانسیانەیان بۆ دەکردین بەدەم جگەرە خواردن و بنێشت جوینەوە ، کە هەمووی ئاماژەی خۆ لێ نزیک کردنەوە و پیاسە و شەو داوەتی دەدا ، زیاتر لەبەر ئەوەی دەیانزانی ئێمە هاوڵاتی ڕوسی نین چونکە جل و بەرگمان زۆربەی کابۆیی بوو ، کە لەو کات بە جل و بەرگێکی هەتا ڕادەیەک باو و زیاتر گەشت کاران و غەریبە لەبەریان دەکرد ، ئەوە بەگشتی بە پیر و گەنج و ژن و زەلام وابوون ، بە شێوەیەک زۆجار دەمگوت هیچ پێویست ناکات خۆمان دلگران یان خەفەتبار کەین کە غەریبە و نە شارەزاین ، یەک وشە بەسە بۆ ئەوەی تەواوی خەڵک یارمەتیمان بدات ، تەنها ناوی شوێنەکە و

وشەی ( گدیَ —— لە کویێیە ) بەسە بۆ ئەوەی تەواو ڕێ نیشان دەریت بکەن ، بەڵکو ئامادەییان هەبوو لەگەڵمان بێن بۆ ئەو شوێنەی دەچین وەک یارمەتی یان هەر هیچ نەبایە دەیانگەیاندینە شوێنی پاسی ئەو شوێنە یان ویستگەی میترۆی ئەو شوێنە ، بە ڕاستی ئەوەی من لە خەڵکی مۆسکۆ بینیم لە ڕووی هاوکاری و یارمەتی دانی کەسی نەشارەزا و غەریبە لە تەواوی دونیا وێنەی نیە یان دەگمەنە ، دەتوانم بڵێم لە کۆی گشتی ئەو شوێن و وڵات و شارانەی گەڕاوم تەنها لەوێ هەستم بە غەریبی نەکردووە ئەو ماوەی لە تورکمانستان و مۆسکۆ بووم واهەستم دەکرد لە ناو کەس و کاری خۆم و شاری هەولێرم

## سوپاس و پێزانین

بە پێویستی دەزانم سوپاسی یەکە یەکەی هەموو ئەو کەسانە بکەم کە لە تەواو کردنی ئەو کتێبە هاوکارم بوون و هەریەکەیان بەگوێرەی توانای خۆی یارماتیی دام .

بەتایبەت :

*کاك ڕێبین فەتاح لە ڕووی خاڵبەندی و زمانەوانی

*کاك هێرش مەغدید باشە لە دیزایین و نەخشەسازی بەرگ و ناوەڕۆك

*کاك نەبەز مستەفا کە سەرپەرشتی لە چاپدانی کردووە

*هێوری کوڕم لە وردەکارییەکانی کاری کۆمپیوتەری

*زاهیدەی هاوسەر و هاوڕێ کە لەکاتی نووسین و یاداشتکردنی بابەتەکان بە هەموو توانای هاوکارم بوو .

* هەموو ئەوانەی بە یەك وشە و هاندان و پاڵپشتیەك هاوکارم بوون بۆ بەئەنجام گەیاندنی ئەو کارە .

جێی باسە ئەو کتێبە لەسەر ئەرکی ماددی هەر یەك لە :

*بنەماڵەی شەهید عادل یابە ، ئەڵمانیا

*بنەماڵەی شەهید ( فەرهاد ) فەهد ئەلیاس ، نەمسا

*کاك فارس پەترۆس ( گۆران ) ، ئوستورالیا

*کاك ئارام فەقێ ، دانیمارك

*کاك سالم کەریم ، دانیمارك

*هاوڕێ ملازم هەژار ، دانیمارك

*هاوڕێ جوتیار سیاسی ، دانیمارك

*هاوڕێ جەمال شوشە ، ئەڵمانیا

*کاك یوسف قادر ، نەرویج

*کاك گۆران هەڵە بجەیی، دانیمارك

*کاك سوداد فەقێ ، دانیمارك

*هاوڕێ ئاکۆ گەرمیان ، دانیمارك

*هاوڕێ گۆران کۆیی

سوپاسی یەکە بەیەکەیان دەکەم و نموونەیان زۆر بێت دەبێ بڵێم چەندین هاوڕێ و برادەری دیکە لە دەرەوە و لە کوردستانیش ئامادەیی هاوکاریان دەربڕیووە ، سوپاسی هەر هەمووان دەکەم و هەڵوێستتان جێگای ڕێزە و وەفاداریەکیشە بۆ خەبات و قوربانیدانی ئەوێ ڕۆژێ .

چەتۆی بەڕانەتی